
KURDISTAN


سەرۆک کۆماری کوردان
رۆژی لە دایک بوونت پیرۆز بێ
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

# پێرست


١- پیرۆز بێ جەژنی لەدایکبوونت جەنابی ڕەئیس جومهوور! ............................ ناسر باباخانی ......... ٣

٢- دڵۆپێک لە زەریای ژیانی پێشەوا قازی محەممەد ................................. و: ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٨

٣- پێشەوا قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی ................................. قادر وریا ....... ١٨

٤- دەقی قسەکانی بەڕێز خالید عەزیزی لە ڕێورەسمی یادی ١١٣ ساڵەی دایکبوونی پێشەوا دا ................ ٢١

٥- وتوویژ لە گەڵ کاکشار ئوورەمار لە پێوەندی لە گەڵ یادی لە دایکبوونی پێشەوا دا ....... کوردستان ..... ٢٩

٦- قازی محەممەد، ناسنامەی نەتەوایەتیی نەتەوەیەک ................................. عارف نادری ....... ٣٦

٧- ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە ........................ قادر وریا ....... ٣٩

٨- با ڕۆژی لە دایک بوونی پێشەوا بکەین بە: ڕۆژی یەکیەتیی نەتەوەیی ............. عومەر باڵەکی ....... ٤٢

٩- قازی محەممەد، قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما ........................ عومەر باڵەکی ....... ٤٦

١٠- لە یادی ١١٩ ساڵەی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا ................... ڕۆژنامەی کوردستان ....... ٥٩

١١- دیداری پێشەوا قازیی محەمەد لە ئێرانئارچی ڕوزڤێلت لە مەهاباد .............. و: حەسەن قازی ....... ٦٢

١٢- ڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوای کوردان ................................................ مەجید حەقی ....... ٧٠

١٣- پێشەوا قازی گاندی و ماندێلای کورد ................................................ شاهۆ مەتین ...... ٧٢

١٤- ئافەرین قازی محەمەد ........................................................... ئەرسەلان چەڵەبی .... ٧٥

# پیرۆز بێ جەژنی لەدایکبوونت جەنابی ڕەئیس جومهوور!



**ناسر باباخانی**

**مەزن پێشەوام سڵاو!**

لە خزمەت جەنابتدا مرۆڤ زمانی لە گۆ دەکەوێ و تاکولۆی قسەکانی بۆ ناچێتەوە سەر یەک، چۆن و لە کوێوە دەست پێبکا و باسی چ بکا، چۆن دەکرێ لە ئاست ناسنامەی نەتەوەیەک قسەت پێبێ بۆ گوتن، جگە لەوەی ئازای ئەندامت ببێ بە چاو و گوێ بۆ دیتن و بیستنت!

وا خەریکە لەم عەسرەدا کوردیش بۆ ڕێزگرتن لەو کەسانەی گیانیان بەختی سەربەرزی نەتەوەکەیان کردوە، ئاوڕ بداتەوە ڕۆژی لە دایکبوونیان، بۆیە بۆ ئێمەی یاخی، چ بۆنەیەک جوانتر و پیرۆزتر لە ڕۆژی لە دایکبوونی یەکەم سەرکۆماری کوردستان. پیرۆز بێ جەژنی لەدایکبوونت جەنابی ڕەئیس جومهوور!

**گەورەم!**

٧٢ ساڵ و یەک مانگ و دە ڕۆژە ژانێکی وەها خزاوەتە نێو جەرگی نەتەوەیەکی هەڵوەدا، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، هەردەم برینێکی تازەیە. برینێک لە خاکەلێوەی پەت و خنکاندنەوە تا پووشپەڕی خوێن و تیرۆر، لە خاکەلێوەی قازییەوە تا پووشپەڕی قاسملوو.

تۆ لە من زۆر باشتر دەزانی کورد لەو دەگمەن نەتەوانەیە کە لە مەرگەوە دەست پێدەکا بەرەو لە دایکبوون، چ پارادۆکسێکی سەیرە! ڕێک بە پێچەوانەی هێڵی سروشتی ژیانی مرۆڤەکان، چون کورد بە مردن هەرمان بووە و بە مردن لە فەوتان و نەمان ڕزگاری بووە! شەهیدە سەرکردەکانی پاش خۆشت، قوتابییە بە ئەمەگەکانت، قاسملوو و شەرەفکەندیش هەر بە مردن، هەرمان بوون و ئێستاش کە سوێند بە گۆڕی پێشەوا و بە قەبری دوکتور دەخوریٚ، مەگەر مەرگ، ئەگینا پاشگەز بوونەوەی بۆ نییە...

**پێشەوام!**

من لە منداڵییەوە ناوی ئێوەم بیست، تەنانەت ئەو چوار ساڵەی قوتابیی دواناوەندی بووم هەموو ڕۆژیٚ بە کۆڵانە هەورازە بەرفراوانەکەدا سەردەکەوتم و سیوادی بینا سپییەکەم لیٚ وەدەردەکەوت: مەحکەمەی پێشەوا، ئێرە مەحکەمەی پێشەوا قازی محەممەدە...

من، ئەو وێنەیەی جەنابتم بەلاوە لە هەموو وێنەکان سەرنجراکێشترە، تۆ لەسەر کورسییەک دانیشتووی و نەخشەی کوردستانی گەورەشت لە تەنیشت هەڵواسراوە، بە ڕدێنێکی تەنک و ڕوانینێکی لە جنسی ورە، قایم وەک پۆڵا، هەر ئەو وێنەیەی ئارچی ڕووزڤێڵت ئەفسەرە ئەمریکاییەکە بڵاوی کردۆتەوە. خۆ ئەمن گومانم لەوە نییە خەونی دوارۆژت بۆ ئەم نەتەوەیە ڕێک خەریتەی تەنیشتت بوو، ئەو شوێنەی هەموو سنوورە دەسکردەکانی تێدا سڕابوونەوە. خەڵکی تر چ دەڵێن با بڵێن، با حاشا لەم باوەڕەی تۆ بکەن، با چاوپۆشی بکەن لە دۆخی سیاسی سەردەمی تۆ، بەڵام خۆ ناتوانن بەر بە خەونەکەمان بگرن.

**گەورەم!**

من ئەوەندەی ئاوڕم داوەتەوە سەر کۆماری کوردستان و کلیل وشەکانی ئەم کۆمارە ساوایەم هەڵکڕاندووە، وەک: ئاڵا، سەرکۆمار، هێزی پێشمەرگە، ئیستیقلال و سەربەخۆیی، خەبات و... ئێستاشی لەگەڵدا بیٚ کورد لە هیچ پارچەیەک نەیتوانی بگاتە داوێنی ئەو لووتکەیەی تۆ لەسەری وێستابووی، ئەو گوتارەی تۆ وێنات کرد با دەسەڵاتی سیاسیی کورد و حیزبی کوردیش نەیتوانیبیٚ تەعبیری بکا، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆتە هێڵێکی فکری و هزری، کە خۆی لە نێو چینی گەنج و خوێندەواری وڵاتدا دەبینێتەوە! باسی دەسکەوتەکانی کۆمارە ساواکەمان ناکەم کە لە هەموو بوارێکدا سەرەڕای تەمەنی کورتی کۆمار بۆتە شانازیی نەتەوایەتی.

خۆ ئەگەر شێرکۆ بێکەس بەلامەوە لووتکەیە، نایشارمەوە کە لە شیعرەکانیدا قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی کردووە بە میوانی دیوانەکانی، ئەوا هەزار ئەوەندە عاشقی قەڵەمەکەی و جگەرەکەی و چاویلکەکەی و ئاخاڤتنەکەی بووم، کە دەڵێ:

کە لاشەی ساردی چوارچرا
وەکوو هێشووی سەرمابردوو
لە سێدارە کرانەوە
دار بەجێمان
هەژارانی سابلاخ بردیان
زستانیش بوو نەیانسووتاند
سەرماشیان بوو نەیانسووتاند
لەو دارانە
لەو تەختانە
چوار بێشکەی سووریان دروست کرد
لەم ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ
ئەو لانکانە هەر ئەگەڕێن
ئەم ماڵ ئەو ماڵ
ئەم دەست ئەو دەست
وەریان ئەگرن
ئەی نابینی
هەزاران قازی محەممەد
لەسەر لووتکە وێستاون و چەک هەڵئەبڕن

ڕاست دەکا شێرکۆ، لە زمان منیر خانمی کچتان بیستم کە فەرمووتانە پاشی من هەزاران قازی سەر هەڵدەدا.

مەزن پێشەوام!

هەر ئەو ئارچی ڕووزڤێلتەی بە خزمەتت گەیشتبوو دەڵێ: "قازی محەممەد مایەیەکی زۆری بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی دانا و بایەخێکی زۆری پێدا..."

بە هاوڕێیانم گوت: گرینگیی زمان و ئەدەبی کوردی بەلای پێشەواوی نەمرەوە، جگە لەم تێبینییەی ئارچی ڕووزڤێلت، بەخشینی نازناوی شاعیری میللی بە مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمنە لە لایەن جەنابتەوە! گوتم: پێشەوا دەیزانی نووسەر و ڕووناکبیر کۆڵەکەی باوەڕەکانی حکوومەتەکەن و ڕاستیشی دەکرد و بە تێپەڕ بوونی زەمان ئەمە سەلمێنرا و دواجاریش دەوری هێمن و هەژارمان لەسەر گەشەی بیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینی، کەچی ئەمڕۆ سەرکردەی سیاسیی کورد بە لای ڕووناکبیر و نووسەری کورددا ناچێ... کۆڵەوارین.

لە سەردەمی سەرکردە و سەرۆکە مرۆڤخۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی دیکتاتۆرە گچکە و درشتەکانی ئورووپادا... تۆ کە بووی بە پێشەوای نەتەوە، گوتت: ئازادن بۆ ئەوەی چ دەڵێن و چ دەنووسن! تۆ ئەم هێڵی سوورەت چۆن کرد بە هێڵی ئەمنی دەربڕینی بیروڕا؟ چۆن لە کاتێکدا زمانی ڕەخنەگریان لە پشت ئەستۆڕا دەردێنا و دەمیان دەدرووونەوە تۆ وتت با ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی کورد دایە بێ سڵەمینەوە دەنگ هەڵبڕێ.... تۆ لە سەرووی سەدەی ژیانی خۆتدا بووی بەبێگومان.

## گەورەم!

من بە شوێن پێی تۆوە بووم... لە نێو پەڕتووک و کتێب و وێنە و وتاراندا... سۆراغم لە زۆر کەسان پرسی... زۆر کەس، دواجار قسەکانیانم خستە دووتوێی وتارانەوە،

لەو وەزیری کابینە و ئەفسەرەکانت ڕا بگرە تا ئاجوودان و خزم و کەس و کچ و نەوە و زاوات، بە قسەکانیان، هەر هەموو سەرسامیان دەکردم، تێر نەدەبووم لە باس کردنت...

کەوتمە شوێن ئەو بیانییانەی باسی تۆیان کردبوو لە هەندەران، بەزەییم بۆ خۆماندا هات کە نەمانتوانیوە بتناسین، کاتێ قسەکانتان لە زمان ئەوانەوە دەخوێنمەوە بۆم دەردەکەوێ هەیهات ئەم نەتەوەیە جگە لەباری هەست و سۆزەوە نەبێ، تۆی نەناسیوە! بۆ نموونە کاتێ لە زمان ئەواونەوە بیستم تۆ ئاماژە و پێداگریت لەسەر مەنشووری ئاتلانتیک بووە، مەنشوورێک کە ڕێز لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکان دەگرێ، بڵێی تۆ عەودالی چ خەونێک بووبی! بە خۆمم گوت پاش ٧٢ ساڵ بڵێی چەند کەس وەک سەرکردەش ناوی مەنشووری ئاتلانتیکیان بیستبێ، وڵامەکەی ناردەمەوە با لە خزمەتتدا شەرمەزار نەبم.

خۆ نەتەوەی کورد زۆر مرۆڤی هەڵکەوتە و ڕێبەری چازان و لێزانی هەبووە، بەڵام بۆ من وەک تاک ئەگەر تۆم هەبێ بەسە

بۆ شانازییەکی هەتا هەتایی.

ڕەنگە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو بۆ ئێوە کاتێ وەک ڕێبەرێکی بێ هاوتا و لە هەمان کاتدا "بەتاقی تەنیا"تان دەناسێنێ بۆمان دەربخا کە ئێوە وەک کارگێڕێکی کاریزما، بە بەختکردنی گیانی خۆتان توانیتان میراتێکی هەرمان بۆ هەموو نەتەوەی کورد لە پاش خۆتان بەجێ بێڵێن، میراتێک بە ناوی کۆماری کوردستان!

لە ژمارە ٧٤٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٩

---



# دڵۆپێک لە زەریای ژیانی پێشەوا قازی محەممەد



**وەرگێڕان و ئامادەکردن: ڕەسووڵ سوڵتانی**

**خوێنەری هێژا: ئەوەی دەیخوێنیتەوە تەنیا گێڕانەوەی ژیانی قازییە بە پێی سەرچاوەکان و هیچ لێکدانەوە و شیکاریی نییە.**

یـازدە ڕۆژ لە مـانگی بـانەمەڕی سـاڵی ۱۲۷۹ی هەتـاوی بەرانـبەر بە ۱۹۰۰ی زایینـی لە بنەمـاڵەی قـازی عەلـی لە شـاری سابڵاغ، منداڵێک لە دایک دەبێ و نـاوی دەنێن محەممەد. هەر ئەو محەممەدەی کە دواتـر لە مێژووی نەتەوەیەکدا دەبێتە سەرچاوەیەک بـۆ خەبـات و تێکۆشـان و پـاش تێپەڕینـی زیـاتر لەسەدەیەکیش بەسـەر خەبـاتی ئەو گەلەدا، شۆڕشگێڕان و خەباتکارەکـان و لەوەش گرنگتـر بەڕێـوەبەرانی دامودەزگـا حوکمییەکـانی بەشـێک لە کوردسـتانیش نـاتوانن وەک نمـوونە و سەرباشقەیەک لێـی نەڕوانـن و بـۆ هەڵسـەنگاندنی کـار و کـردەوەی ئێسـتایان و روانـین لە بەژنـی هەوڵـی نیازپاکـانە و بەڕێوەبەرانەیان و بۆ خستنەرووی ئاستی سەرکەوتنەکانیان، نەچنەوە بەر ئاوێنەی باڵانوێنی کردەوەکانی قازی محەمەد.

قازی عەلی باوکی قـازی محەممەد، یەکێک بـووە لە زانـا دەگمەنەکـانی کوردسـتان کە شـارەزای زانسـتە باوەکـانی سـەردەمی خۆی بووە و زۆر شتیشی لەسەر زانستی ئەستێرە و گەردووناسی زانیوە.

بنەماڵەی قازییەکان، هەر لە کۆنەوە پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییـان نەک هەر لە مەهابـاد و ناوچەکـانی دەوروبەریـدا هەبووە، بگرە لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشدا وەک تـاران و ورمێ و شـارەکانی دەوروبەری ورمێشـدا، ناسراو و بەناوبـانگ بوون و کاروبـاری دادوەری و مەسڵەت و ڕێکخستنەوەی کاروبـاری نێوان خەڵکیان لە ئەستۆ بووە و خەڵکیش متمانەی پێیان

هەبووە و بۆ چارەسەری کێشە جۆراوجۆرەکانیان پەنایان بۆ بردوون.

قازی محەممەد، لە تەمەنی حەوت ساڵانییەوە لە خزمەتی باوکیدا دەست دەکات بە خوێندن. قۆناغەکانی سەرەتای خوێندنی لە لای باوکی دەخوێنێ و بۆ کامڵکردنی خوێندنەکەی دەچێتە لای کەسانی پیتۆڵ و زانای ئەو سەردەمی شاری مەهاباد.

قۆناغی مێرمنداڵیی قازی محەممەد هاوکات بووە لەگەڵ یەکێک لە رووداوە گەورە نێودەوڵەتییەکان کە ئەویش شەڕی یەکەمی جیهانییە لە ١٩١٤دا. ئەوکات قازی چوارده ساڵانە بووە. لەو سەردەمە دایە کە بەشی موکریانی کوردستان دەکەوێتە بەر تاڵان و برۆ و کوشتارەکانی روس و عوسمانییەکان. بنەماڵەی قازییەکانیش وەک زۆربەی خەڵکی ناوچەکە شاری مەهاباد بەجێ دەهێڵن و بەرەو "یەکشەوە" و گوندی "سلێمان کەندی"ی لای سەقز بار دەکەن، کە موڵکی مستەفا بەگی خاڵی قازی محەممەد بووە و چەند مانگێک لەوێ دەمێننەوە. کە عوسمانییەکان لە سابڵاغ دادەمەزرێن، ئەوانیش دەگەڕێنەوە شار و دەچنەوە ماڵەکەی خۆیان. بەڵام زۆری پێ ناچێت کە رووسەکان دیسان پەلاماری ناوچەکە دەدەنەوە و عوسمانییەکان لە سابڵاغ دەردەپەڕێننەوە و خەڵکەکە دیسان ناچار دەبن مەهاباد چۆڵ بکەنەوە. بنەماڵەی قازی ئەمجارەش دەچنەوە یەکشەوە و لەبەر ئەوەی گوندی یەکشەوەش لە شارۆچکەی بۆکانی ئەوکات نزیک بووە و روس و عوسمانییەکان بەوێشدا تەڕاتێنیان بووە، ناچار دەبن پتر هەڵکشێن و هەندێکیان بچنە گوندی چۆملو و پاشبڵاغ و بەشێکیشیان بچنە گوندی سولاوکان لە ناوچەی هەوشاری تیکاب. ئەو هیجرەتە لە ساڵی ١٩١٥ بووە و سێ ساڵی خایاندووە. ساڵی ١٩١٥ی زایینی رووسەکان ماوەیەک لە شاری سابڵاغدا دەمێننەوە و بەهۆی پەلاماری عوسمانییەکانەوە ناچار دەبن بەرەو ناوچەی سولدوز و ورمێ پاشەکشە بکەن. ئەو کاتیش بەهۆی هەستی ئایینییەوە هەندێ خەڵکی ناوچەکە هەموو جارێ یارمەتیدەر و پشتیوانی عوسمانییەکان بوون و دژی رووسییەکان شەڕیان کردووە. لە زستانی ١٩١٦دا کە بەفرێکی قورس و بێ ئەمان ناوچەکە دادەپۆشێ، روسەکان بە مەبەستی دەرپەڕاندنەوەی عوسمانییەکان و تۆڵەی شکست و بەزینەکانی پێشوویان، هەڵدەکوتنەوە سەر شار. قازی فەتاحی مامی قازی عەلی کە کەسایەتییەکی ناسراو و بەناوبانگی ناوچەی موکریان بوو، بەرگری لە شار و خەڵکەکەی دەکات و دوای بەربەرەکانێیەکی قارەمانانە دەکوژرێت و ئێستاش ئەوە گۆڕەکەی لە حەوشەی مزگەوتی شادەروێش لە تەنیشت ماڵەکەی قازی محەممەدەوەیە. روسەکان بە قین و رقێکی زۆرەوە دێنە ناو شار و پتر لە حەوت هەزار کەس لە خەڵکی بێ تاوانی شاری سابڵاغ و ئاواییەکانی دەوروبەری دەکوژن.

ئەوەی لە رووداوەکاندا دەژی، دیارە بە مەرجێک خۆی تۆزێک مایە و هەوێنی تێدابێ و ئەو مایە و هەوێنەش بکاتە داینەمۆی خۆپێگەیاندن، بێ گومان وردبین و بەمشوور دەبێت و کورد واتەنی لە سەر کڵی کوورەی زەمەندا دەخارێ و لە کڵ دێتە دەرێ. قازی محەممەد کە خۆی کوڕی بنەماڵەیەکی لەو جۆرە بووە و ژینگەی بنەماڵەییەکەی پاڵپشتێکی مەعنەوی بووە

بۆی، دیتنی کارەسات و ڕووداوەکانیش لە لایەکی دیکەوەو هاوکات ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانەش کە دوای مەرگی باوکی دەکەونە ئەستۆی و سەرکەوتووانە ڕایاندەپەڕێنێت، وای لێ دەکەن، لە سەردەمی یۆتۆپیاکەی "ژێ کاف"دا وەک کەسایەتییەکی لەکڵ دەرهاتووی جێ متمانە و بەمشوور و خاوەن تەگبیر و ڕا،

نەک تەنیا وەک ئەندامێک بۆ ناو کۆمەڵەکە، بەڵکو وەکوو پێویستییەک بانگی بکەن کە ببێتە ئەندام لەو کۆمەڵەیەدا. بە تایبەتی کە قازی محەممەد لە سەردەمی پەیمانی سیڤەردا لاوێکی چاوکراوە بووە و ڕاپەڕینەکەی سمایل ئاغای سمکۆشی هەر دیتووە و ئاگای لە ورد و درشتی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بووە. ئەوانە لەسەر یەک کاریگەریی حاشاهەڵنەگریان لەسەر بیر و زەینی داناوە. ئەوەتا میرزا سەعید خانی هومایون لە کتێبی"پێشەوای ڕابوون"دا کە نووسەری ئەم دێڕانە کردوویەتی بە کوردی، دەڵێ: "ڕووداوە خێرا و یەک لە دوا یەکەکانی ئەو ساڵانە و بەسترانی پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣دا و پێشێلکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیزەوە و سات و سەودایان لەگەڵ کەمال ئەتاتورک و بە شوێن ئەویشدا ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینیدا بۆ دەستەبەرکردنی مافە پێشێل کراوەکانی میللەتی کورد و ڕاپەڕینەکانی دیکەی ئازادیخوازە کوردەکانی تورکیا بە ڕێبەرایەتیی ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا لە ساڵەکانی ١٩٢٧ تا ١٩٣٠ی زایینیدا کە بە ڕاپەڕینی ئاراڕات بەناوبانگە، کۆمەڵە ڕووداوێک بوون کە میرزا محەممەدی قازی (قازی محەمەد) و هەموو کوردێکی ئازادیخواز لێیان ئاگادار بوون و لە هەمبەر ئەو ڕووداوانەشدا قسە و هەڵوێستی خۆیان هەبوو. قازی محەممەد لە ساڵانی ١٩٢٧ تا ١٩٣٠دا کە شۆڕشەکەی ئاگری لەگۆڕێ بوو، بە نهێنی پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ کوردە ئازادیخوازەکانی تورکیا و هاوکاریی دەکردن و بە یارمەتی و هاوکاریی چەند کوردێکی نیشتیمانپەروەری دیکەی وەک مەلا ئەحمەدی فەوزی و شێخ ئەحمەدی سریلاوا پەیوەندیی بە ڕێبەرانی ڕێکخراوی "خۆیبوون"ەوە لە تورکیا و عێراقدا هەبوو و هاوکاریی دەکردن. هەر لەو ساڵانەدا کە ڕەزا شا دەست دەداتە دەستی مستەفا کەمال ئەتاتۆرک بۆ سەرکوت و لەناوبردنی بیر و هزری ئازادیخوازانەی کوردەکان، وردە وردە لە شاری سابڵاغ دامودەزگای ئیداری و قوتابخانە دادەمەزرێن. دیارە تا ئەو کاتە قوتابخانە بە شێوازە نوێیەکەی لە مەهاباددا هەر نەبووە. میرزا محەممەدی قازی کە دەیزانی تاقە ڕێگەی ڕزگاریی نەتەوەکەی خوێندنە، ساڵی ١٩٢٦ دەبێتە بەرپرسی ئیدارەی پەروەردەی سابڵاغ و قۆڵ هەڵدەماڵێ بۆ دروستکردنی قوتابخانەی مۆدێرن بە شێوازی ئەمڕۆیی. لەو کاتەدا یەکەم قوتابخانەی کوڕانە بەشێوازە نوێیەکەی بەناوی قوتابخانەی "سەعادەت" و قوتابخانەیەکی کچانەش بە ناوی "پێرماس" دادەمەزرێنن. لەو سەروبەندە دایە کە قازی محەممەد بیر لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و زەماوەند دەکاتەوە و بنەماڵەکەی پێشنیاری پێ دەکەن کچی گەنجعەلی بەگی فەیزوڵلابەگیی بۆ بێنن.

لێرەدا لایەکی دیکە لە مۆدێرنبوونی بیر و بۆچوون و ژیانی قازی دەردەکەوێت. لەو سەردەمەدا کە هەموو ژیانی خەڵکی

کوردستان، بێ ئەملا و بەولا بەبێ لادانی سەرەدەرزییەک لە دابونەریتەکان، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی کولتور و نەریتی عەشیرەتی و کوردەوارییانە و دواکەوتووانەدا بەڕێوە دەچوو، بەڵام قازی فارس واتەنی "تافتەی جودا بافتە" بە شێوەیەکی دیکە بیر دەکاتەوە. کە چاو لە ژیانی قازی دەکەی، هیچ بڕگەیەک لە ژیانیدا نییە کە بیرێکی کردبێتەوە و بیرکردنەوەکەی بە کردەوە جێبەجێ نەکردبێ. قازی کەسێکی بە واتا ئەمڕۆییەکەی، پراگماتیست بووە و هەموو گۆڕانێکی لە خۆیەوە دەست پێ کردووە. ئەوەش بووە کە روخسار و کەسایەتییەکی کاریزماتیکی بە قازی بەخشیوە. ئەوەتا لە نێو کۆت و بەندی کولتوور و دابونەریتی دواکەوتوانەی ئەو کاتدا داوا دەکات لە پێشدا چاوی بە کچە بکەوێت و قسەی لەگەڵ بکات ئەوجار بیخوازێت. بەتەمەنەکان و لە هەمان کاتیشدا ئەوانەی لە رێگەی خوێندنەوەوە ئاگایان لە ژیانی پێشینیان هەیە، باش دەزانن کە ئەوەی قازی داوای کردووە، لە کاتی خۆیدا بڤە بووە. ئەگەرچی هێشتا لە هەندێ ناوچەی کوردستان ئەو حەساسییەتە بە شێوەیەک هەر ماوە بەداخەوە، بەڵام ئیتر دەبێ هەشتا ساڵ لەمەوبەر ئەو نەریتە چۆن بووبێ. کە قازی محەممەد داوا دەکات چاوی بەو کچە بکەوێت وا دەیانەوێ بۆی بخوازن بۆ ئەوەی باسی ژیانی هاوبەشیانی لەگەڵ بکات، باوکی کچە دەڵێ، شتی وا نابێ و ئەوە پێچەوانەی دابونەریتی ئێمەیە. بۆیە قازی محەممەد پاشگەز دەبێتەوە و واز دێنێ و دواتر ساڵی ١٩٣٠ لەگەڵ خاتوونێکی بەڕێزی خەڵکی سابڵاغ بە ناوی مینا خانم زەماوەند دەکات. ساڵێک دواتر باوکی دەمرێت. خەڵکی شاری مەهاباد بە بۆنەی ماتەمینیی مەرگی قازی عەلی، هەموو دەرک و دووکان و بازاڕی شار و ئیدارەکانیش دادەخەن. دوای مەرگی قازی عەلی، زانایان و پیاوماقووڵەکانی شار عابای قازی عەلی بەسەر شانی قازی محەممەددا دەدەن و لە جێی باوکی دایدەنێن و دەیکەنە قازیی شەرع. ئیتر قازی واز لە بەرپرسیارەتیی ئیدارەی پەروەردە دێنێ و شان دەداتە بەر باری بەرپرسیارەتیی هەموو کاروبارەکانی شار و ناوچەکە و بە ئەشق و بەرپرسیارەتییەکی پترەوە قۆڵ هەڵدەماڵێ بۆ چارەسەرکردن و رەواندنەوەی کێشە و گرفتەکانی خەڵکی ناوچە.

وەرزش و کتێب خوێندنەوە، دوو شتی دانەبڕاوی ژیانی قازی بوون. سەعید خانی هومایون لەو کتێبەدا دەڵێ: قازی زۆری حەز لە وەرزش بوو. لە ماڵەوە یاریی ئاسنی دەکرد. بەیانیان دوای نوێژی بەیانی کە لە مزگەوتی شادەرویش دەیکرد، بە پیاسە دەچووە دەرەوەی شار و لەوێوە بە راکردن هەتا پردی سوور دەچوو. مەلەوانێکی شارەزاش بوو و هاوینان هەموو رۆژێ دەچووە شوێنێک لە چۆمەکەی مەهاباد کە پێیان دەگوت گۆمی قازی، لەوێ مەلەی دەکرد. کتێبە ئینگلیزییەکانی زۆر دەخوێندەوە و زۆر زانیاریی لە سەر وڵاتانی دەرەوە هەبوو، لە حاڵێکدا خەڵکی ئەوکات ئاگایان لە پشت گوێی خۆیان نەبوو چ بگا بە وڵاتانی دەرەوە. قازی ئاگای لە هەموو رووداوە جیهانییەکانی سەردەمی خۆی بوو. ئەو بیانییانەی ئەو کات رێیان دەکەوتە شاری مەهاباد، سەردانی قازی محەممەدیشیان دەکرد. ئەویش زۆر بە گەرموگوڕییەوە وەری دەگرتن.

قازی کەسێکی نوێخواز و نەریت شکێن بووە. وەک باسمان کرد هەموو گۆڕانێکیشی لەخۆیەوە دەست پێ کردووە. ئەوە نەبووە هەر بانگەشەی بۆ بکات و خەڵک هان بدات و خۆی مەڵاس بدات. بۆ وێنە ساڵی ١٩٢٨ کە بۆ یەکەم جار "جەمعیەتی شێر

و خورشیدی سوور" لە مەهاباد دادەمەزرێت، قازی پارچە زەوییەکی باش دەداتە ئەو کۆمەڵەی شێر و خورشیدە کە دواتر جێیەکەی کرا بە نەخۆشخانە و بۆ ماوەی چل ساڵان ئەو نەخۆشخانەیە خزمەتی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەرەکەی کرد.
قازی محەممەد بۆ ئاگاداربوونی لە باس و مەسەلەکانی رۆژ و لە هەواڵ و رووداو و گۆڕانکارییەکانی جیهان و ئێران، زۆربەی گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو کاتی دەکڕی و دەیخوێندنەوە. رۆژنامەی "شفق سرخ" و "ئیتلاعات" و گۆڤاری "پەیمان" کە ئەحمەدی کەسرەوی دەری دەکرد و گۆڤاری کوردیی گەلاوێژ کە مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە بەغدا دەری دەکرد.

قازی هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری. بۆ وێنە لە لافاوە رەشەکەی ساڵی ١٩٣٦دا کە ماڵ و حاڵی خەڵکی مەهابادی رادا و خەڵکێکی زۆری ماڵوێران و دەربەدەر کرد، قازی بە سواری ئەسپ، چوو بە هانای خەڵکەوە و خەڵکێکی زۆری لە خنکان و مەرگ نەجات دا.

## (ژێ کاف) و قازی

ساڵێکیش دوای دامەزرانی کۆمەڵەی ژێ کاف، هێشتا قازی نەبووەتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. وەک دەڵێن نەهاتنی قازی بۆ نێو کۆمەڵە، بە لای ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژێکافەوە وەک بۆشاییەک وابووە. خۆی ئەندامەکانی ژێکافیش جێی ئەندامی یەکەمی کۆمەڵەیان هەر بە بەتاڵی هێشتبووەوە و وەک ئەمڕۆ دەڵێن لای خۆیان جێیان بۆ رێزێرڤ کردبوو. شوێنی ئەندامی یەکەمیان هەر بۆ قازی هێشتبۆوە و ژمارەی ئەندامەکانی کۆمەڵە لە ئەندامی ژمارە دووەوە دەست پێدەکەن. ئاخرییەکەی رۆژی خۆی دێت و قازی دەبێتە ئەندامی ژێکاف و دەڵێن، بوونی قازی بە ئەندامی ژێکاف وای کرد ئەو کۆمەڵەیە لە ناوچەکانی دیکەی موکریان و تەنانەت دەرەوەی ناوچەکوردنشینەکان و دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشدا بەهێز بێ.

قازی محەممەد بە قەبووڵ کردنی ئەندامەتیی کۆمەڵەی ژێ کاف، بە ناوی خوازراوی بینایی نرخ و پێگە و ئیعتباری چالاکییە نەتەوەییەکانی گەیاندە ترۆپکی خۆی و مەهابادی کردە ناوەندی ئازادیخوازی و چالاکییە سیاسییەکانی کوردستان. هەر بۆیەش کوردە ئازادیخوازەکان لە وڵاتانی تورکیا و سوریا و عێراقەوە دەهاتنە مەهاباد بۆ ئەوەی چاویان بە رێبەرانی کۆمەڵەی ژێکاف بکەوێ.

## سەفەر بۆ باکۆ

لەو سەفەرەدا نزیک بە سی کەس لە دەمڕاست و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی ناوچە، لەگەڵ قازی محەممەد بۆ ماوەی دوو حەوتوو سەردانی باکۆیان کرد.

ئامانی سۆڤییەتییەکان ئەوە بوو سەرنج و متمانەی کوردەکان بۆ لای خۆیان راکێشن و بەوجۆرە دەیانویست وا بنوێنن کە ئەوان دۆستی میللەتی کوردن و نەهێڵن کوردەکان لە ئینگلیزەکان نزیک ببنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە کوردەکان و بەتایبەتی عەشیرەتە کوردەکانی دەوروبەری ورمێ هەندێک کێشە و پێکدادان و تێکهەڵچوونیان لەگەڵ ئازەرییەکانی ئەو دەڤەرە هەبوو، بۆیە باقرۆڤ دەیەویست پێکەوە ئاشتیان بکاتەوە و بە لێک نزیککردنەوەیان گیان و ماڵی هاوزمانەکانی بپارێزێت.

بەڵام قازی نیاز و مەبەستێکی دیکەی هەبوو. ئەو دەیەویست سۆڤیەتییەکان لە ویست و بۆچوونەکانی میللەتی کورد تێ بگەیەنێت و ئەوەندەی بۆشی دەکرێت، سەرنج و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای میللەتی کورد رابکێشێت و پێیان بڵێ کە میللەتی کورد دەیەوێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات و بە ئازادی و سەربەستی بژیێت.

کە لە باکۆش گەڕایەوە، بە متمانەبەخۆییەکی زیاترەوە لە هەمبەر رووداوەکاندا راوەستا. قازی محەممەد بۆ مەسەلەت و نەهێشتنی کێشە و دوژمنایەتییەکانی نێوان مەنگوڕ و مامەشەکان، سەردامی چەند سەرۆک عەشیرەتێکی هەر دوو لای کرد و ئاشتی کردنەوە و پێی گوتن دەست لە کێشە و شەڕ و ئاژاوە هەڵگرن. کەمکردنەوەی کێشە و تێکهەڵچوونەکان، سەلماندی کە قازی محەممەد توانایی ئەوەی هەیە ببێتە رێبەرێکی گەورە.

## دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ساڵی ١٩٤٥ لە ناوەندی رووناکبیریی ئازەربایجان و سۆڤیەتیدا، لە باغی گوڵستانی تەورێز، قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازییش بانگهێشت کرابوون. لەو دانیشتنەدا باس لە کاروباری ئێران و ئازەربایجان وپەیوەندیی کوردستان و ئازەربایجان هاتە گۆڕێ. بەرپرستە پایەبەرزەکانی سۆڤیەتییش لە تەورێز بوون. ئازەربایجانییەکان دەیانەویست کوردستان بە هەر شێوەیەک بێت بچێتە بن باڵی ئازەربایجانەوە و وەک بەشێکی ئەوێ حیسابی بۆ بکرێت. بەڵام پێشەوا قازی محەممەد، زۆر بە توندی دژی ئەو داوایەیان رادەوەستێت. میر جافری پیشەوەری، باسەکە دێنێتە گۆڕێ و کونسوڵەکەی سۆڤیەتیش پشتی دەگرێت، بەڵام قازی بە تێر و تەسەلی باسی ویست و داواکانی میللەتی کورد و خەباتی چەندین ساڵەیان لە پێناوی ئازادیدا دەکات کە هەزاران شەهیدی لەو رێگەیەدا داوە و دواجار ئەو بیرۆکەیە رەت دەکاتەوە و قەبووڵی ناکات. ئەو دانیشتنە هیچ شتێکی لێ شین نابێتەوە.

پاش گەڕانەوەی قازی محەممەد لە دووەم سەفەریدا بۆ باکۆ، لەگەڵ ئەندامەکانی کۆمەڵە دەکەوێتە راوێژ و تەگبیر بۆ ئەوەی ناوی کۆمەڵە بگۆڕن و بیکەنە حیزبی دیموکراتی کوردستان. سەرەڕای بەرهەڵستیی بەشێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵە بەڵام دواجار ناوەکەی دەگۆڕدرێ و حەوتووەک دواتر یەکەم کۆنگرەی نوێنەرانی حیزب لە مەهاباد دەگیردرێت. لەو

سەرچاوە
Serchawe

کۆنگرەیەدا بە دەنگی نوێنەرە بەشدارەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان و کادری مەرکەزیی حیزب، قازی محەممەد دەکرێتە رێبەری حیزب و دەنگی پێدەدرێ وەک پێشەوای میللەتی کورد هەڵدەبژێردرێت.

## دامەزرانی کۆماری کوردستان:

گەورەترین و بێ وێنەترین رووداوی مێژووی نەتەوەی کورد رۆژی دووی رێبەندانی ساڵی ١٩٤٥ واتە رۆژی راگەیاندنی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو لە مەهاباد بە پێشەوایەتیی قازی محەممەد.

سەعیدخانی هومایون لە کتێبەکەیدا دەڵێ: لەو رۆژەدا قازی محەممەد لە خزووری خەڵکی مەهاباد و ناوچە و سەرۆک عەشیرەتەکاندا، وتارێکی تایبەتی پێشکەش کرد. (دەقی وتارەکەی پێشەوای لەو کتێبەدا هێناوەتەوە و بە خوێندنەوەی ئەو وتارە، بۆت دەردەکەوێ ئەو مرۆڤە چەندە شارەزای مێژووی میللەتەکەی بووە و خاک و نیشتیمانەکەی خۆی چەندە خۆش ویستووە و چەندە حەکیمانە و بە باوەڕێکی قووڵیشەوە قسەی کردووە.) بۆ وێنە لە بەشێکی وتارەکەیدا دەڵێ:"... ئەمڕۆ هەر ئەو رۆژەیە کە باب و باپیرەکانمان بە ئاواتییەوە بوون. ... ئێستا بە ویستی خودا و میللەتەکەمان، چارەنووسی خۆمان بەدەستەوە گرتووە. لەو ماوەیەدا چەند قوتابخانەیەکی کوڕانە و کچانە و قوتابخانەی شەوانەشمان کردووەتەوە. کوڕ و کچ و گەورەکان دەرس دەخوێنن و لەبری ئەوەی چەندین ساڵان خەریکی زمانێک بن کە زمانی زگماکیی خۆیان نییە،

ئێستا بە پێنج شەش مانگان فێری زمانە شیرینە زگماکییەکەی خۆیان دەبن. ....

... بە دڵێکی پڕ لە هیواو بە ئیمانێکی پتەوەوە لە هەمبەر شاڵاوەکانی تواندنەوە و لەناوبردندا خۆمان راگرتووە و لەسەر تێکۆشان و خەباتی خۆمان بەردەوام بووین هتا گەیشتووین بە سەربەخۆیی و ئازادیی میللەتی کورد. دیارە هێشتا زۆر هەڕەشە و کۆسپمان لە پێشن کە بە خەباتی بێوچانمان بەسەریاندا زاڵ دەبین. ئەمڕۆ کە نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکان و ناوچەکانی کوردستان بە ئاغا و وەرزێر و ورد و درشتەوە هاتوون و لێرە کۆ بوونەتەوە و یەک دڵ و یەک زمان بانگ دێڵن و دەڵێن:"دیموکراسی و ئازادی" و بەسەرو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ئاوەدان دەچینە پێشەوە.")

رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٩٤٥ لە رێوڕەسمێکی تایبەتیدا قازی محەممەد پێشەوای کوردستان بە دەستی خۆی ئاڵای کوردستان لە سەربانی بینای هەئیەتی بەڕێوەبەریی نیشتیمانیی کوردستان، هەڵدەدات و دەشەکێتەوە.

قازی محەممەد وەک کەسێک کە خرۆکەی دیموکراتیکبوون بە نێو خوێن و دەمارەکانیدا گەڕابێ و وەک بڵێی لەگەڵ شیری

دایکیدا فرچکی بە ئـازادیخوازی و دیموکراسی و ڕەچـاوکردنی مافەکـانی ئینسـان گرتبـێ، هەمـوو ئەو شـتانەی بەکـردەوە جێبەجێ کردوون. بۆ وێنە لەو سەردەمدا کە هێشتا لە ئەورووپـا و ئەمریکـاش بە گوێرەی پێویست مافەکـانی ژنـان ڕەچـاو نەدەکران، ئەو دیسان گۆڕانەکە لە بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێدەکات و لەوکوردستانەدا کە ٩٥%ی پیاوەکانی و ١٠٠%ی ژنەکانی نەخوێندەوار بوون، ئەو ڕێکخراوێکی ژنان دادەمەزرێنێ بە ناوی "یەکیەتیی یایـان" و میناخـانمی خێزانیشی دەبێتە بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە.

قازی لە چوارچێوەی حکوومەتە دیموکراتەکەیدا مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاییینییەکانیش نەک لەبیر ناکـات، بەڵکو هەمـوو ماف و ئازادییەکانیان لەبەر چاو دەگرێت و قوتابخانە بۆ کەمینە نەتەوە و ئاییینییەکان بە تـایبەتی بـۆ جوولەکەکـانی نێو شاری مەهاباد، دەکاتەوە و مامۆستایان بۆ دادەمەزرێنێت و مـافی یەکسانیشیان لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکاندا بـۆ لەبەرچـاو دەگیردرێت.

قـازی لە مـاوەی یـازدە مانگ حـوکمڕانییەکەی کۆمـاری کوردسـتاندا کە خـۆی پێشەوا و ڕێـبەری کۆمـارەکە بـوو، بەردەوام لە هەوڵـی دیپلۆماتیکـدا بـوو لە پێنـاوی پاراسـتنی ئەو دەستکەوتـانەدا. ڕۆژی ٤ - ٥ - ١٣٢٥ - ١٩٤٦ لە باسی سەفەرەکەی تارانیدا بە خەڵکی مەهابـادی گـوت:"خۆتـان بـاش دەزانـن من بـۆ دەستەبەر کردنـی مافەکـانی میللەتـی کـورد بە شەو و ڕۆژ هەوڵ دەدەم و دانانیشم و ئەو هەوڵ و تێکۆشـانەش بە مـایەی شـانازی دەزانـم و هەتـا دوا چرکەسـاتەکانی ژیـانم دەست لە خەبات و فیداکاری هەڵناگرن و بۆ هەمووانی دەسەلمێنم کە میللەتی کورد شیاوی ئەوەی بە ئـازادی بژیێت....

... ئەمن لەگەڵ قەواموسەڵتەنەدا زۆرم قسە کرد. ئەو بۆچوونی بەرامبەر کورد باشە و لەو وتوویژانەماندا گوتی؛

ئێمەش ئەوە بـووینەتە دیمـوکرات و حیزبـی دیمـوکراتی ئێرانمـان دامەزرانـدووە و وامـان پـێ باشـە ئێـوەش نـاوی حیزبـی دیموکراتی کوردستان بگۆڕن و ناوەکەی بکەنە حیزبی دیموکراتی ئێران. لە وەڵامیدا گـوتم: ئەمن بە بـێ بڕیـاری کـومیتەی ناوەندی ناتوانم هیچ بڕیارێک بدەم و نایدەم، چـونکە واتـای دیموکراسـی ئەوەیە کە هیچ کەس بەبـێ ڕاوێـژ و پـرس و ڕای میللەتەکەی ناتوانێ چارەنووسی ئەوان دیاری بکات و بڕیاری لەسەر بدات...."

ژیانی پڕ لە شانازیی قـازی محەممەد هەمووی تەرخان بووە بۆ خەبات و فیداکاری لە پێنـاوی میللەتەکەیـدا. هەتـا ئەوەیـکە پـاش پاشەکشـەی هێزەکـانی سـۆڤیەتی و گەڕانەوەی هێـزی ئەرتەشـی تـاران بەرەو کوردسـتان و تێکشـکاندن و لەبەر یەک بڵاوکردنی فیرقەی ئازەربایجان و دەرپەڕینی ڕێبەرەکانیان بەرەو سۆڤیەتی، دوا ڕۆژەکانی تەمەنی کۆماریش نزیک بوونەوە. هێشـتا سـەرکردایەتیی کـورد و کۆمـاری کوردسـتان هەر لە سـەر کـار و بـارەکانیـان بەردەوامـن، کە بەشـێک لە عەشـیرەتە

هەلپەرستەکان واز لە پشتیوانیی کۆمار دێنن و لە بنەوە پەیوەندیی بە هێزەکانی شاوە دەگرن. چەند رۆژێک بەر لەوەی هێزەکانی شا بگەنە مەهاباد، کۆمەڵێک لە بەرپرسانی کۆمار دێنە ماڵی قازی و داوای لێ دەکەن پەنا بەرێتە بەر وڵاتی سۆڤیەتی بەڵام پێشەوا لە وەڵامیاندا دەڵێ:"ئێوە ئازادن بۆ کوێ دەرۆن برۆن و چیتان پێویستە لەگەڵ خۆتان بیبەن. بەڵام ئەمن پەیمان و ئاد و بەڵێنم بە خەڵکی کوردستان داوە لە هیچ هەل و مەرجێکدا بەتەنیا جێیان ناهێڵم. ئەمن ناتوانم خەڵکەکەم بە ئەمانی خودای بسپێرم و خۆم رزگار بکەم. ئەمن دەزانم دەوڵەتی شا من دەگرێ و زیندانیشم دەکات و دەشمکوژێت. دەوڵەت و سوپاکەی لە گەڕانەوەیدا چیی رق و قینی هەیەتی بەسەر منیدا هەڵدەڕێژێت و ئیتر خەڵک ئەزیەت ناکات، بەڵام دەستیان بە من رانەگات، تۆڵەی من لەو خەڵکە دەکاتەوە."

کۆمار هەرەس دێنێت و قازییەکان دەستبەسەر دەکرێن. بەڵام ئەو قارەمانەتی و ئازایەتییەی لە رەوتی دادگاییکردنەکەی پێشەوادا لێی دەگێڕنەوە، شتێکی دەگمەنە. بە تایبەتی لە زمانی ئەو کەسانەوە کە وەک دوژمن سەیریان کردووە و لێیان روانیوە. گەورەیی و باوەڕبەخۆبوون و ئیمانی پتەوی پێشەوا، بووەتە هۆی ئەوەی تەنانەت دوژمنەکەشی نەتوانێ حاشای لێ بکات.

پێشەوا قازی محەممەد و هاورێکانی سەر لە بەیانیی رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران، بەڵام خۆ ئەوان نەیانتوانی هزر و بیری قازییەکان لە سێدارە بدەن و ئەو پرشنگە بخەنە قەفەزەوە....

### بۆ پێشەوا قازی محەممەد

لە نێو تۆف و کرێوەو بەستەڵەکدا
ئەتۆ تیرێژی خۆری سەر چیا بووی
وەکوو قاسملوو فەرمووی تۆ گوڵێ بووی
لە نێو جەرگەی بیاباندا رووابووی

-----

کە ناوی پێشەوای کورد دێتە سەر زار
لە ناخا دوژمنی دڵڕەش دەغەزرێ
لەسەر هیمی ورەی ئەو پێشەوایە
یەکەم کۆماری کوردان دادەمەزرێ

لەسەر رێبازی تۆین و تا گەیشتن
بە ئازادی، سروودی خۆر ئەخوێنین
بەسواری تیشکی زانستیش ئەگەر بێین
بەراستی تۆزی پێی تۆ ناشکێنین
وشەی هۆنراوە کۆڵ و کۆڵەوران
لە تاریفت، ئەتۆ چیی هێندە بەرزی؟
هەتاو بۆ زیارتی کێلی مەزارت
بە لەشکر تیشکی خۆی ناردوونە عەرزی

سەرچاوە: ماڵپەڕی بۆ رۆژهەڵات - رێکەوتی: ٤ی ئاوریلی ٢٠١٢

# پێشەوا قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی

**(بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدەوە)**



**قادر وریا**

مێژووی کورد قەرزداری ئەو کەسایەتییانەیە کە ڕۆڵی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی ئەو نەتەوەیەدا هەبووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژووی نوێی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی، بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێکهاتنی کۆماری کوردستان، دەست پێدەکا.

دامەزرانی حیزبی دیموکرات و جمهووریی کوردستان، ئەو دوو ڕووداوە گرنگە مێژووییەن کە لەگەڵ ناو و کەسایەتیی گەورەپیاوێک لێک گرێ دراون. کەسایەتییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینیی زانا و نیشتمانپەروەر کە لە هەلومەرجێکی گرنگی مێژووییدا وەک خۆر درەوشایەوە و بە زانایی و لێکدانەوە و سەرکردایەتیی حەکیمانەی خۆی، کوردستانی ڕووناک کردەوە. ئەو کەسایەتییە، پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی جمهووریی کوردستان، قازی محەممەد بوو.

قازی محەممەد لە ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ی هەتاوی (١ی مای ١٩٠٠ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ، لە بنەماڵەی قازییەکانی مەهاباد دا لە دایک بوو. دایکی لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی یەکان و باوکیشی، قازی عەلی، قازیی شەرع و کەسایەتییەکی بەڕێز و بەناوبانگی شاری مەهاباد بوو. قازی محەممەد لە سەردەستی باوکی، زانستە ئایینییەکانی خوێندوە، جگە لە زمانی کوردی، فارسی و عەرەبییشی بە باشی زانیوە، دواتر خۆی فێری زمانەکانی تورکی، ڕووسی و

ئینگلیزی کردوە. لە ساڵی ١٩٢٦ەوە، سەرۆکی بەڕیوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردنی مەهاباد بووە و لە دوای مردنی باوکی لە ١٩٣١، بووە بە قازی شەرعی مەهاباد.

دوای ئەوەی کۆمەڵەی ژێکاف لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢ لە مەهاباد دامەزرا، پاش ماوەیەک قازی محەممەدیش بوو بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. زۆری نەبرد لە بەر لێهاتوویی و کەسایەتیی بەهێزی، ڕێبەرایەتیی ئەو کۆمەڵەیەی گرتەدەست. هەر بە پێشنیار و ڕێنیشاندانی ئەویش بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، بۆ ئەوە وڵامدەری ڕێبەرایەتیکردنی خەباتی ڕوو لە گەشەی نەتەوەی کورد لە هەلومەرجی نوێی ئەو سەردەمەدا بێ.

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەستی پێشەواکەی، قازی محەممەد لە چوارچرای شاری مەهاباد و لە میتینگێکی گەورەدا، جمهووریی کوردستانی ڕاگەیاند. قازی محەممەد لەو ڕۆژەدا، وەک سەرکۆمار سوێندی خوارد و وتاری پێشکەش کرد.

بە دامەزرانی حیزبی دیموکرات و جمهوریی کوردستان، کە قازی محەممەد، ڕۆڵی بنەڕەتیی لە هەردووکیان دا هەبوو، ناسیونالیزمی کورد و خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، پێیان نایە نێو قۆناغێکی نوێوە. قۆناغی جاڕدانی دەوڵەتێکی کوردی و ڕۆیشتن لە سەر ڕێبازێک کە نەتەوەخوازی، دیموکراسیخوازی و پێکەوەژیانی بە تەبایی لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتری، ئاوێتەی یەک کردوە. ڕێبازێک کە قازی محەممەد بووە بە سەمبولی وهەر وا بەردەوامە.

لە ژێر ڕێبەرایەتیی قازی محەممەدی پێشەوادا بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بوون بە مەکۆی لێک کۆکردنەوەی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، بوون بە رووگەی نیشتمانپەروەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و ڕوویان کردە مەهاباد، پێتەختی کۆمار.

قازی محەممەد، دەستپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی بوو. ئەو بە دامەزراندنی حیزبێک، کە ئاڵای دەستی ئەوی هەروا بە شەکاوەیی ڕاگرتوە، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە پێشاندەری لێبڕاویی نەتەوەی کورد لە سەر ستاندنی مافی نەتەوەیی و ئازادژیانە، بە بیر و ئەندیشە و کردەوەکانی لە پێگەی یەکەم سەرکۆماری کوردستان دا، نەک هەر لە سەر سەردەمی خۆی، بەڵکوو کاریگەریی قووڵی لە سەر داهاتووی نەتەوەکەشی دانا.

بە وتەی دوکتور قاسملووی نەمر، "ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەر چەند تەمەنی زۆر درێژ

نەبوو. پێشەوا قازی محەممەد لە شارستانییەت و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و رووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو... لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی‌دا دەستێکی باڵای هەبوو. لەگەڵ ئەوە کە رووناکبیرێکی پایەبەرز بوو، لە نێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەوار دەژیا، گوڵێک بوو لە سەحرا روا بوو، بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نزیک بوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو. پێشەوا قازی هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردبوو... تێدەکۆشا کە ریزەکانی نێو خەڵکی کوردستان یەکگرتوو بکا."

١١ی بانەمەڕ، رۆژی لە دایکبوونی کەسایاتیی گەورەی کوردستان قازی محەممەدە. پێشەوای حیزبی دیموکرات و یەکەم سەرکۆماری کوردستان لە ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ (١ی مای ١٩٠٠) دا لە دایک بووە. ئەو رۆژە بە بۆنەی رۆڵی گرنگی قازی محەممەد لە مێژووی نەتەوەکەی دا بایەخی خۆی هەیە و پێویستە بایەخی تایبەتیی پێبدرێ.با ١١ی بانەمەڕیش، وەک ٢ی رێبەندان و ١٠ی خاکەلێوە و ٢٥ی گەلاوێژ، ببن بە بۆنەیەک بۆ ناسینی زیاتری پێشەوا و رێبەرێک کە ناو و یاد و رێگا و وتە و کردەوەکانی هەروا ئیلهامدەر و رێنوێنمانن.

رۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، رۆژی هەڵاتنی خۆری هیوایە. بە پرشنگی ئەم خۆرە، رێگای خەبات بەرەو رزگاریمان، رووناک دەکەینەوە.

سەرچاوەکان:

کتێبی "یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاورێیانی"

١- وتاری "خوێندنەوەیەکی مێژوویی فیکر و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد" نووسینی: دوکتور یاسینی سەردەشتی
٢- روانگە و بۆچوونی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لە سەر پێشەوا (دوکتور قاسملووی نەمر)

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٣٠ی ئاوریلی ٢٠١٣

سەرچاوە
Serchawe

# دەقی قسەکانی بەڕێز خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی یادی ١١٣ ساڵەی دایکبوونی پێشەوا دا



**خالید عەزیزی لە یادی لە دایک بوونی پێشەوا قازی محەممەد دا:**

**خوشک وبرایانی ئازیز**
**مێوانانی بەڕێز**
**نوێنەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکان**

**پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ڕێوڕەسمی یادی ١١٣ساڵەی لەدایک بوونی پێشەوا قازی محەممەد، رئیس جمهوری کوردستان، ڕێبەری حیزبی دیموکرات، دامەزرێنەری یەکەمین دامەزراوی کوردی و یەکێک لەو کەسانەی کە بەگیان و بەدڵ «بۆگەل ژیاو بۆگەل مرد».**

**«ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لەهەر تنۆکەخوێنێکی من، قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە»، «داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو رزگاریی کوردستان دا پەک نەخا، بژی کورد و بژی کوردستان»**

**داواکەی قازی محەممەد بە جێهاتو ئیعدامی قازی محەممەدو ئەو تنۆکە خوێنە بوو بە بنەمایەک، بوو بە هەوێنێک، بوو بە سەرەتایەک، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بە هەموو دیققەتو تێبینییەکەوە دوای رووخانی کۆماری کوردستانیش دقیقەن پەیامەکەی قازی محەممەد بە جێ بگەیەنێ. ئەویش ئەوەبوو کە لە خەباتو تێکۆشان ماندوو نەبێ و پشوو نەدا.**

سەرچاوە
Serchawe

لە دنیای ئەمڕۆدا کەم نین ئەو وڵاتانەی کە سەرۆک کۆماریان هەیە، سەرۆک وەزیریان هەیە و کەسایەتیی ناسراوی خۆیانیان هەیە،و کاتێکیش ئەو کەسایەتی یە ناسراوانە یادیان دەکرێتەوەو بە بۆنەی [یادی] لەدایکبوونیان لە پایتەختەکان و لەشارە گەورەکانی وڵاتەکەی خۆیان ڕێزیان لێ دەگیرێ، ڕەنگە زۆرتر باسی ئەوە بکرێ کە چۆن لەدایک بوون و چۆنیش تا ئەمرۆ تەمەنیان تێپەڕاندوە. لەو وڵاتانە ئەو سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانە لەسەردەمی ئێستا دا خانووەکەی خۆیان بە جێ دێڵین و دێن لە کۆشکی ریاسەتی جمهووری دا حکوومەت دەکەن. دێنە سەر نەغدو حازری، بەڵام پێشەوا قازی محەممەد حکوومەتێکی دامەزراند، هۆوییەت و کەسایەتی یەکی دامەزراند، لە دایکبوونێکی نوێو ناسیونالیزم و کوردایەتی لە ناوەندێکی چووکەی بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند. بۆیە یادی قازی محەممەدو سەرۆک کۆماری کوردستان و، دامەزراندنی ئەو ڕێورەسمە واتا وەبیرهێنانەوەی لە دایکبوونی، وەبیرهێنانەوەی لە دایکبوونی کەسێکە کە بە هیمەت و تواناو تێکۆشانی خۆی کۆمارێکی دامەزراندو لەپێناو ئەو کۆمارەو لە پێناو ویست و داخوازی کورد دا گیانی لەدەست دا.

باشترین پێناسە بۆناساندنی کەسایەتیی قازی محەممەد ئاوڕدانەوەیەکی کورتە لەو شوێنەی کە لێی لە دایک بووە، لەو شوێنەی کە خۆی پێ گەیاندوە و لە شوێنەی کە بوو بە سەرۆک کۆماری کوردستان و بوو بە رئیس جمهووری نەتەوەیەک کە بۆ یەکەمجار ئەو مەجالەیەی بۆ خوڵقا. قازی محەممەد کەسایەتی یەک بوو بە رابردوویەکی فەرهەنگی و بە زانستێکی حقووقی و قەزایی بەوە گەیشت کە بۆئەوەی نەتەوەکەی رزگار بێ دەبێ تواناو هیمەت و شعووری خۆی بخاتە بازنەیەکی سازمانی، بۆیە هەر لەو مەیدانەدا کۆمەڵەی (ژک)ی هەڵ بژارد، چوون بۆ نێو کۆمەڵەی (ژک) سەردەمی پەروەردەکرنی بیروهۆشی نەتەوایەتیی قازی محەممەد بوو. قازی محەممەد کە لەهەمان کات دا کە لەشاری مەهاباد لەباری بنەماڵەیی، لەباری زانست، لەباری فەرهەنگی و لەباری ئەوەکە قازی بوو، لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی جۆراجۆری کوردەواری سەروکاری هەبوو، ئیحترامێکی زۆری هەبوو، بەڵام قەناعەتی وای هێنا کە لە جەمعێکی تێکۆشەردا تێ بکۆشێ کە ئوسوول و ئەندیشەی نەتەوایەتیی خۆی جێ بخا. بۆ ئەومەبەستەو بۆ ئەو بیروهۆشە لە کۆمەڵەی (ژک)دا خۆی ڕێکخست، قازی محەممەد بەوە ڕانەوەستا، بۆئەوەی کە ئەوفیکرە لەمەیدانی عەمەلی دا بکا بە هەوێنی حکوومەتێک لەداهاتوو دا، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی دامەزراندو دقیقەن دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوی بەرنامە و پرۆژەکانی قازی محەممەددا بوو، کە چۆن بیری نەتەوایەتی و کوردایەتیی خۆی بکا بە دامەزراوە، بیکا بە فەرهەنگ و بیباتە نێو کۆمەڵگاو کۆمەڵانی خەڵکی زۆر بە هەموو (تنوعات)ێک کە تێیدا بوو، بەشداری ئەوپرۆسەیە بکا. بۆیە قازی محەممەد لەسەر پرۆژەی میللیی خۆی ساغ بۆوە کە چۆنی جێبەجێ بکات.

راستە لە زۆر جووڵانەوەداو لە زۆر خەباتی رزگاریخوازی دا کاتیک ئاوڕیان لێ دەدەینەوە، جەمعێکی زۆر لە دەوریان

هەبووەو تەبیعەتەن لە کۆماری کوردستان و پێشتر کۆمەڵەی «ژک»و پێشتریش لە ناوەندی فەرهەنگی و شارستانییەتی مەهەبادا خەلکێکی زۆری تێدا بووە، بەڵام بە ئیعترافی هەموو دۆستان، هەموو ئەوبێگانانەی کە کۆماری کوردستانیان بینیوەو لەنزیکەوە قازی محەممەدیان زیارەت کردووەو موتالیعەو تەحقیقاتیان لەسەرکردووەو بە دوای دا چوونە، قازی محەممەد ئەستێرەیەکی زۆر گەشاوەی ئەو حکوومەتە بووە.

یادی قازی محەممەد لەسەردەمێکدا دەکەینەوە کە ١١٣ساڵ بەسەر لەدایکبوونی ئەودا تێپەڕ بووەو دەوری ٦٧ ساڵ بەسەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕدەبێ کە قازی محەممەد ئەو بیروهۆشە دێنێتە گۆڕێ، ئەو وەختە زۆرێک لە میللەتان هێشتا دەوڵەتی خۆیان نەبوو، ئێستا نزیک دووسەد دەوڵەت لەدنیادا هەیە. قازی محەممەد لەسەردەمێک دا ئاماژە بە حقووق و ماف و بەشێک لە بنەماکانی هۆوییەت و ماهیەتی ئینسانی دەکا کە هێشتا ئیعلامیەی حقووقی بەشەر لە جیهاندا بڵاونەبۆوە و ڕانەگەیەندرابوو! قازی محەممەد لە شوێنێک باسی کەمایەتی یەکانو مافیان دەکا، لە شوێنێک باسی حقووقی ژنان دەکا، باسی مافی لاوان دەکا، باسی خوێندن دەکا، باسی حکوومەت داری دەکا، باسی دیمۆکراسی دەکا، دەچێتە نێوخەڵک، خەڵک فێردەکا کە بۆخۆیان، خۆیان ئیدارە بکەن کە بەشی هەرەزۆری ئەو خەڵکە لە سیستمیکی عەشیرەتی و فێئوداڵی دا دەژیا، شارستانیەتەکە لە جەمعێکی مەحدوودا بەرتەسک بۆوە. هونەری قازی محەممەد لەوەدایە لەسەردەمێک دا بوو بە کەسایەتی کە لە دەوروبەرەکەی ئەو مەجال و دەرفەتە بە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی یەکجار زەعیف بوو، بۆ قازی محەممەد گەلێک گرنگ بوو کە یەکییەتیی نەتەوایەتی بپارێزێ، قازی محەممەد لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا تەکیەکەلامی ئەوەیە کە «ئەم کۆمارە زەمانێک سەردەکەوێت کە هەموو چین وتوێژەکانی، بە ژن و بەپیاو، بە هەموو عەشایرو تایفەکان، بە هەموو تەنەوعەکانی نێوکۆمەڵگای کوردەواری (وحدت)یان هەبێ»، قازی محەممەد لە وەسیەتەکەشی دا هەر ئەوە دەڵێتەوە. دەڵێ: زەمانێک ئەو میللەتە دەتوانێ رزگار بێ، کە لە نێو خۆی دا وەحدەتی هەبێ، قازی محەممەد سەمبوول بوو بۆ ڕاگرتنی ئەو وەحدەتە، دەبا لەگەڵ هەموو ئەو تەنەوعاتی عەشیرەتی و فیئۆداڵی و تایفەیی و نەخوێندەواریی ئەووەخت دا موعامەلەی کردبایە و هەمووانی بەشداری حکوومەتەکەی کردبایە، بۆیە ئەوە هونەری قازی محەممەد بوو. یەکێکی دیکە لەلایەنە هەرە گەشەکان و یەکیک لەو بنەمایانە کە پەیوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکە بەهێز دەکاو ئەو پەیامە دەدا کە نەتەوەی کورد لە هەر شوێنێک دەرفەتی بۆ هەڵکەوێ و رزگار بێت، دەبێتە پشت وپەنا بۆ پارچەکانی دیکە، هەربۆیە کاتیک مەرحوومی مەلامستەفای بارزانی لەوسەردەمەدا مەجبوور بوون بڕۆن بۆ کوردستانی ئێران و لەوێ گیرسانەوە قازی محەممەد بۆخۆی لەمەهاباد نەبوو لەسەفەر بوو، پەیامی داوە بەهاوکارەکانی کە «بارزانی یەکان کاتیک دێنە ئێرە ماڵی خۆیانە و میوان نین، خانەخوێن، بەشێک لەئێمەن، پاشان کە کۆمار دامەزرا بوون بە بەشێک لەئیدارەی حکوومەت و کۆماردا». بۆیە بارزانی و هاورێیەکانی لەهەموو ئەو شوێنانەی کە پێویست بوو کاریان لەدەست دەهات، لە کۆماری کوردستان دا بێفەرق و جیاوازی کاریان پێ ئەسپاردبوون و کۆماری

کوردستان مەجالێکی باش بوو بۆ مەرحوومی بارزانی و هاورێیەکانی کە دوای ئەو موشکیلات و گیروگرفتانەی کە لە کوردستانی عیراق بەسەریان دا هاتبوو، لەوێ خۆیان سازماندەهی بکەنەوە و خۆیان رێک بخەنەوەو، دوای کۆماریش کاتێک مەجبوور بوون ئەوێ بەجێ بێڵن و بەرەو رووسیا بڕۆن، ئەوەبوو بە هەوێنی ئەوەی کە لە داهاتوو چۆن ئەو ریگا دووورودرێژە بە سازمان و بەو حەسانەوەی کە لەو ماوەیە دا هەیانبوو، جێبەجێ بکەن.

پێشەوا قازی محەممەد لەسەردەمێک دا کە کۆماری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەری، وڵاتێکی فەقیر بوو،

بوودجەی کۆمار کەم بوو و رەنگە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دەوروبەری، بە هیچ جۆر موقایسە نەکرێت، دیسان تێبینی و دیقەتو شعووری وردی کۆمەڵایەتیی خۆی هەبوو و، کاتێک لە شەقامەکانی مەهاباد دەگەڕێ، دەبینێ جەمعێک کوڕی گەنج قەرتاڵەیان لەسەر شانەو هاوار دەکەن: ئەرێ کەسێک باری شتێکی هەیە بماندات و پارەیەکمان وەگیرکەوێ، بیبەینەوە بۆماڵیان»، قازی محەممەد دەستوور دەدا کە هەموو ئەو منداڵانە کە لە تەمەنێکی کەم دا مەجبوور بەکارکردنن، بەسەر بنەماڵە دەڵەمەندەکان دا بڵاو ببنەوەو بنەماڵە دەوڵەمەندەکان لەگەڵ منالی خۆیان بیان نێرن بۆ مەدرەسە، هەر لەوەدەمەی کە کۆماری کۆردستان فەقیر دەبی، قازی محەممەد دەستوور دەدا «فەقیرخانە» دابندرێت و، فەقیرانی ژن و پیاو بە جیاواز سەعی دەکا کۆمەگیان بکاو بیانحاوێنێتەوە. ئەوەی کە دواتر لە سیستمی ئیدارەی زۆرێک لە وڵاتەکان دا بە نێوی سوسیالیزم و بە نێوی سوسیال دیموکراتیک و... ئێستا نەهادینە بووەو مافێکی بۆ دانراوە، لە حکوومەتە ساواکەی قازی محەممەد و لەوسەردەمە دا، پێشەوای کورد فیکری لەوەیش کردبۆوە و رێگا چارەی بۆ دانابوو. هەموو ئاوڕدانەوەکان بەسەر کۆماری کوردستان و بە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەددا لەراستی دا ئاماژە بەوە دەدەن کە پێشەوا قازی محەممەد لەو کەسانە بوو لەساغ بوونەوەی خۆی دا ئەرکێکی بەرێوە دەبرد، ئەویش دروستکردنی میللەتیک بەمانای سیاسی و بەمانای حقووقی و تەشکیلاتی موئەسسەساتی بوو، وە لەو پرۆژەیەیشدا هەموو ئامارەکان دەری دەخەن کە خۆی لە جوزئیاتی ئەو کاروبارە دا بووە، نەک ئەوەی کە دیخاڵەت بکا، بەڵکوو بەشێوەی سەرپەرستی، لەسەردەمێک دا کە هەر بەوشێوە کە ئاماژەم پێکرد نەخوێندەواری و دواکەوتوویی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو ئەو مەجالانەی زۆر مەحدوود دەکردەوە.

یادی پێشەوا قازی محەممەد یادی سەمبوولێکە، یادی کەسێکە کە بەدوای ئەودا کە خۆشی ئاماژەی پێ دەکا کە دوای ئەویش خەباتی کورد هەر درێژەی هەیەو ئەوە بە ئێمە دەڵێ:کە لەناو میللەتەکان دا زۆر کەس هەبوون کە لە (شرایطی)قازی محەممەددا بوون بە سەمبوولی دروستکردنی نەتەوەکەی خۆیان، زمان و فەرهەنگ و ڕابردوو و شوناسی گشتی نەتەوەکەیان، بەڵام تاکوو کەس یان کەسانێک یان پێشەوایەک و رێبەرێک نەبێ کە ئەوە بهەژێنێ و ئیدارەی نەکات و

خەتی پێ نەدا و دروستی نەکات ئەو خاک و زمان و فەرهەنگی هاوبەشە دا لە خۆی دا نابێتە ئەوەی کە تۆ شتی لەسەر دابمەزرێنی. قازی محەممەد لە ئەوەڵین رۆژی دامەزراندنی کۆمارو لەو رۆژەی کە لەگەڵ هەموو ئەوانە سەروکاری هەبوو ئەوەی بەتەواوی تێدا دەبیندرا.

لەوسەردەمە دا ئەرزشی ئەدەبیات و شێعرو هونەر بۆ قازی محەممەد زۆر بەرز بوو. زۆرن لەو بیرەوەری یانەی کە ئاماژە بەوەدەکەن کە پەیوەندی و عیلاقاتی خۆشی هەبووە لە گەڵ دوو شاعیرو هونەرمەندی ئەوکات واتا «مامۆستا هەژارو هێمنی «مەهابادی،و چەندە ئەوانی تەشویق کردوە کە بە هونەری شیعری خۆیان بنەمای کەسایەتی و پێناسەی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن، قازی محەممەد لەوکەسانە بووە کە زۆری بایەخ بە خوێندن داوە، زۆری بایەخ بە مەدرەسەو قوتابخانە داوە، بە تەواوی تێگەیشتبوو ئەگەر خوێندەواری لە وڵاتەدا پەرە بستێنێ و بەهێز بێ، ئەگەر خەڵک خوێندەوار بێ، ئەگەر خەڵک کەسایەتیی خۆیان پەیدا بکەن و بە تاکەکەس بروایان بەخویان هەبێ، یەک میللەت (اعتماد بەنفس) پەیدا دەکاو رێگای خۆی دەبینێتەوەو رێگای رزگاریی خۆی ئاسان دەکاتەوە. تەنانەت لەو حقووقە کەمەی کە مانگانە لە لایەن کۆماری کوردستان دراوە بە قازی محەممەد بەشێکی داناوە بۆ ئەوخەڵکانەی کە بێسەرپەرست و کەم دەرامەد بوونەو کە خەریکی دەرسخوێندن بوون. کاتێک دەچینەوە لای سەرچاوەکان بەتایبەت رۆژنامەی کوردستان، خێزانی قازی محەممەد یەکەم کەسە کە یارمەتی ماڵیی داوە بە کۆڕ وکۆمەڵ و رێکخراوەکانی کۆماری کوردستان.

قازی محەممەد لەوکەسانە بوو بۆخۆی پێشڕەو بوو بۆ ئەوەی کە ژنان بەشداری کاروخەبات و خوێندن بن، خێزانی خۆی و هەموو ئەوکەسانەی تەشویق دەکرد کە لەومەیدانانە دا چالاکانە هەڵسووڕ بن، قازی محەممەد جیاواز لە کەسایەتیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، میللی .. سیاسەتمەداریکی بەتواناو دیپلۆماتیکی ژیر بوو. کاتێک حکوومەتی ئازەربایجان دادەمەزرێ و حکوومەتی ئازەربایجان و دەسەڵاتی ئازەربایجانی سوڤیەتی پێشوو تێ دەکوشن کە کۆماری کوردستان بە بەشێک لە ئازەربایجان دابنێن، قازی محەممەد بە مەنتیقی خۆی و بەموزاکەرە و دانوستان لەگەڵ تەورێزو لەگەڵ باکۆ، هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی سووڤیەتی پێشوو پێیان دەسەلمێنێ کە «نەخێر ئەوان حکوومەتی کۆماری کوردستان دادەنێن، ئەگەر قەرار بێ بیانکەن بە بەشێک لە ئازەربایجان، هەر دەبنەوە بە بەشێک لە حکوومەتی تاران». قازی محەممەد زۆر بە دیقەتو ژیرانەو بە گەمەیەکی دیپلۆماسی ئەوەی جێ خست، حکوومەتی کۆماری کوردستانی وەک حکوومەتێکی واحیدی کوردی لە چوارچێوەی ئێران بارتەقای حکوومەتی ئازەربایجان موستەنەدی کرد. هەر بە ژیریی خۆی لە سەرئەو شوێنانە کە بەینی ئازەری و کورد کێشەی لەسەر بوو دیسان بە موزاکەرە و دانوستان بێئەوەی کە مەجبوور بەشەڕ ببن تا ڕادەیەکی زۆر ئەو سنوورە شێواوانەی شەفاف و روون کردەوە، قازی محەممەد هەمووهەوڵێکی دا سۆڤیەتی یەکان قەناعەت پێبێنێ کە لەمەیدانی بازی ناوچەیی لە تەعامول لەگەڵ ئێران و لە سیاسەتی گەورەی نێو دەوڵەتی دا گرینگیی کۆماری کوردستان

تەنانەت لە پەیوەندی لەتەک بەرژەوەندیی خۆشیان دەرک بکەن. کاتیک سۆڤیەت پشتی تێکرد و بەرژەوەندی تاران و موسکۆ ئەوە بوو کە پشت لە کۆمار بکا، قازی محەممەد بەرنامەیەکی دیکەی هەبوو هەوڵی دا لەگەڵ حکوومەتی تاران لە ڕێگای دانوستان و وتوویژ تێبکۆشێ کە ڕێگا چارەیەکی دیکە بێنێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕوژان کۆماری کوردستانیان قەبووڵ نەکرد لە چوار چێوەی ئێران دا، لە حەلێکی نێوخۆیی و ئیعترافاتێک بە مافی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا بکرێ. سەرۆککۆمارێک لە نزمایی بۆ لووتکە! لە لووتکە وەک دیپلۆمات بازی خۆی

دەکرد بەڵام دەڵێ چی؟ بازیگەرێکی زیرەک بوو دیپلۆماتێکی کارا بوو، سیاسەتمەدارێکی بەتواناو خوێندەوارێکی بە فەرهەنگ بوو، قازی یەکی عادڵ بوو، پێشڕەوێکی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو سەنگ و سووکیی دەسەڵات نەیهێشت یان مەجالی نەدا ئەو شەخسە بلیمەتە بتوانێ کۆماری کوردستان بکا بە بنەمایەک کە بۆ خۆی درێژە بە حکوومەتەکەی بدا.

**میوانانی بەڕێز**
**خۆشک و برایانی ئازیز**

لەسەردەمێک دا یادی لەدایک بوونی قازی محەممەد دەکەینەوە کە بەشێک لە ئاواتەکانی قازی محەممەد جێبەجێ بووە، لە پەیامی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەورانێک کە حکوومەتی ئیدارە دەکرد، لە کاتێکدا کە لە دادگا دیفاعی لەخۆی دەکرد، دیفاعیاتی قازی محەممەد زۆر بەرزە وەک دەڵێن: بۆگەل ژیا، بۆ گەلیش مرد.

دەی توانی بڕوات بۆ ئەوەی ڕزگاری بێ، دەیتوانی حەللی دیکە ببینێتەوە بۆئەوەی کە ئیعدام نەکرێ، دەیتوانی پاشگەز بێتەوە بۆ ئەوەی کە گیانی خۆی نەجات بدا، بەڵام وەسیەتی قازی محەممەدو ئەو دادگایەی کە ئەویان تێدا دادگایی کرد، دادگاکەی کرد بە دادگایی ئەوان!! ئەگەر دەسەڵاتی نەبوو ئەوان موحاکمە بکات و بڕیاریان لەسەر بدا، بەڵام وەسیەتنامە و دیفاعیاتی قازی محەممەد بۆ ئێمە ئێستا بۆتە مانیفێستێک.

زۆر میللەت هەن لەدنیادا لە چوارچێوەی زۆر ئیدوئولۆژی دا مانیفێست بۆخۆیان دادەنێن، ڕێڕەو بۆ خۆیان دادەنێن ئەحزابی سیاسی و بیر بۆچوونی جیاوازی سیاسی ئاماژەیان پێ دەکەن و پێیاندەکەن. بەشێک لەوان کوردیش نەبوونە، بەڵام دڵنیام قسەکانی قازی محەممەدو دیفاعیاتی قازی محەممەد، ئێستاش کە ئێستایە بۆ ئێمەی کورد لە هەموو پارچەکان لە هەموو مەیدانەکان دا دەبێ لە هەموو کارو سیاسەتدانانی خۆمان دا ئاماژەیان پێبکەین. دەکرێ وەک مانیفێستیک لە پێش چاوی بگرین، ئەو بەشە لە قسەکانی قازی محەممەد کە لە دیفاعیاتی خۆی دا دەڵێ: بژی کوردو بژی کوردستان ئێستاکە بەشێکی

بەرچاوی بەدی هاتووە لە هەرێمی کوردستان  لەو شوێنەی کاتێک قازی محەممەد حکوومەتی دەکرد بەشێک لە تێکۆشەرانی ئێرە بەسەرپەرستیی بارزانی رووبان کردە ئەوێ و ئێستا بە خۆشیەوە ئێمە حکوومەتێکی کوردیمان هەیە، لە تورکیا پاش دەیان ساڵ ئینکاری کورد و خەبات و چالاکیی مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵات و فەعالییەت و چالاکیی چەکدارانەی کورد لەشاخ و کێوەکان هەموو دەستیان دا بەدەستی یەک کە ئێستا دەوڵەتی تورک بە خۆشی یەوە بەو قەناعەتە گەیشتوە کە لە رێگای گفتگۆو ئاشتی دا کێشەی کورد چارەسەر بکا. قازی محەممەدیش لەسەردەمی کۆماری کوردستان بە حکوومەتی تاران هەر ئەوەی دەگوت! دەیگوت: وەرن با  کێشەی کورد لە رێگای وتووێژو دانیشتن چارەسەر بکەین، بەڵام وەڵامی ئەوان ئیعدام بوو. لە سووریا کە ئاڵۆگورەکان لە گۆرێ دا هەیەو دڵنیاین حکوومەتی بەشار ئەسەد ئایەندەیەکی نابێ و هەرکەسێک دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت ناتوانێ کورد وەلا بخا و دڵنیاترین. لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستان دامەزرا، لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەوشارەی کە پێشەوای کورد، رئیس جمهووری کورد حکوومەتەکەی دامەزراند لەوشوێنەیش ئاڵوگۆرەکان بەرەو ئەوە دەچن کە لە ئایەندەدا گەلی کورد لەو بەشە بەمافەکانی خۆی شاد بێت. وەسیەتی قازی محەممەدو هەروەها دەسپێکی قازی محەممەد دەڵێ دەبێ وەحدەتمان هەبێ، ئەویەکگرتن و وەحدەتە ئێستا لەسەردەمی قازی محەممەد گرنگترە.

ئەو نەتەوانەی کە رزگار بوونە و دەوڵەتی خۆیان هەیەو سنووریان هەیەو ئەرتەشیان هەیە و بودجەیان هەیەو پاسپۆرتیان هەیەو تازە وەک دەوڵەت جێ کەوتوون کێشەی ئەحزاب رقابەتی ئەحزاب تەنیا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە چۆن ئیدارەی وڵات بکەن‌و چۆن لە پارلەمان دا کورسی‌یان زۆربێ و پرۆژەکانی خۆیان ببەنە پێشێ. بەڵام چارەنووسی کورد ئێستاش رەبتی بە چارەنووسی حیزبەکانەوە هەیە لە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکە ئەگەر حیزبەکان وەحدەتیان نەبێ‌و یەکگرتوویی یان نەبێ و لە پرۆژەکانی سیاسی و میللی خۆیان لە یەک نزیک نەبنەوە، ئێستاش کوردستان هەموو بەشەکانی مەترسی لەسەرە.

لە بلژیک نزیک یەک ساڵ دەوڵەت نەبوو، ئەو وڵاتە ئیدارە کراو بەرێوە چوو بەڵام لێرە کاتیک بەینی دوو حیزب و سێ حیزبی سەرەکی کێشەو ناکۆکی دێتە گۆرێ دڵەراوکێ و نیگەرانی دەکەوێتە کۆمەڵگای کوردی... داخۆ چی دەبێ؟؟

بۆیە پەیامەکەی قازی محەممەد لەدەسپێک و وەسیەتەکەی قازی محەممەد لە کۆتایی دا کە باس لە وەحدەت دەکا ئێستا لە هەموو دەورانێک بۆ ئێمە  گرینگترە، هیوادارم لە رۆژی یادکردنەوەی ١١٣ ساڵەی لەدایکبوونی قازی محەممەددا هەموو لایەکمان لەهەموو پارچەکانی کوردستان تێبکۆشێن هەر رێگاچارەیەک کە هەمانە، هەرپرۆژەیەکی حیزبی هەمانە نەکەوێتە سەرەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێمە نەکەوێتە ژێر بەرژەوەندیی حیزبی ئێمە. بەو هیوایە بیرو ئاواتەکانی قازی محەممەد کە رۆژ بە رۆژ لە جێکەوتن و سەرکەوتن زیاتر نزیک دەبنەوە هەموویان بەدی بێن و بەو


هیوایە حیزبەکەی قازی محەممەد حیزبی دیموکراتی کوردستان لە داهاتوودا وێڕای حیزبوسازمانەکانی دیکە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لەو شوێنەی کە قازی محەممەدی لێ لەدایک بووە یادی قازی محەممەد بکاتەوە بە بەشداریی تێکۆشەرانی کورد و لایەنەکان لە هەمووپارچەکانی دیکەی کوردستان. باشترین پێزانینی ئێمە بۆ قازی محەممەد ئەوەیە کە پێی‌بڵێن: «رئیس جمهووری کوردستان تۆ بە رئیس‌جمهووری ئیعدام کرای» ئستیعفای نەدابوو، وەلا نەچووبوو، وەلا نەندرابوو بەڵکوو رئیس جمهووریان ئیعدام کرد. باشترین پێزانینو ئەمەگناسی ئێمە ئەمەیە بڵێین رئیس جمهووری کوردستان لە ١١٣ساڵەی لەدایکبوونت دا دەتوانین ئەوە بکەین کە بیروئەندیشەی تۆ ئەوە بوو کە کورد بەمافی خۆی بگاو کارت بۆ کردو سەرت لە رێ دانا. هیچ تەوەقعاتێکیشت نەبوو. ئێمە ئەو پەیامەی تۆ دەبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک، باشترین رێزنان لە قازی محەممەد ئەوەیە کە نەتەوەکەی رزگار ببێ، ئەو وەختە گەورەیی قازی محەممەدو گەورەیی هەموو لایەنێکی باشترو چاکتر جێ دەکەوێت، قازی محەممەد لە ئیدارەی کۆماری کوردستان و لە دامەزراندنی حیزبی دیموکرات دا بەتایبەت خەتێکی دامەزراند یا بۆچوونێکی نەهادینە کرد کە فیداکاری و قوربانی دان لە نێو ئێمە وەک شانازی و ئیفتخار چاوی لێدەکرێ و بۆتە بەشێک لە حەماسەی مێژوویی ئێمە، حیزبی ئێمە لەومەیدانە دا سەربەرزە وەکوو زۆر لایەنی دیکە. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو رێبەرانە و لەو شاگردانەی پێشەوا قازی محەممەد بوو کە ئەویش لەمەیدانی دیپلوماسی و هەڵسوڕان و دیتنەوەی رێگا چارەیەکی واقع بینانە هەموو هەوڵێکی دا ئاواتەکانی پێشەوا قازی محەممەد هەرچی زووتر وەدی بێ بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە باوەڕیان بە زمانی موزاکەرە نەبوو، وەڵامی ئاشتیخوازانەی حیزبی دیموکرات و دکتور قاسملوویان بە تیرۆر داوە، لە دوای ئەودا دکتور سادقی شەرەفکەندیش هەر لە رێرەوی پێشەوا قازی محەممەد بوو، بۆ ئەوەی تێ بکۆشێ بۆ جارێکی دیکەش لەدرێژەی خەباتی لایەنگرانی قازی محەممەدو حیزبەکەی قازی محەممەد و رێبوارانی رێگای ئازادی زەرەرو زیان زۆرتر نەبێ و رێگا چارەیەک ببینێتەوە و ئاڵقەی پەیوەندیی کوردەکان و ئێران بەهێز بکاو مێتۆدی دیموکراتیک بۆ چارەسەری کێشەکان بێنێتە گۆڕێ، بە داخەوە ئەویش لەومەیدانە دا هەر تیرۆر کراو چووە ریزی کاروانی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان. لە کۆتایی دا بۆجارێکی دیکە یادی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد پیرۆز بێ. بۆئێمە زۆر گرنگە کە دەقی پەیامەکەی قازی محەممەد کە هەم لەکاتی دامەزراندن و هەم لەوەسیەت نامەکەی دا هاتوە یادی بکەین و بیبەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک.

بۆ جارێکی دیکە رووحی قازی محەممەد رئیس جمهووری کوردستان، سەمبولی کوردایەتی و ئازایەتی پیرۆز بێ، ئێوەش هەمووتان هەر ساغ و سلامەت بن.

لە ژمارە ٦٠٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کورردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٣

# وتووێژ لە گەڵ کاکشار نوورەمار لە پێوەندی لە گەڵ یادی لە دایکبوونی پێشەوا دا



**ڕۆژنامەی «کوردستان»**

١١ی بانەمەڕ (١ی مانگی مای) ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدە. حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕاگەیەنەکانی (ڕۆژنامەی کوردستان، کورد کاناڵو ماڵپەڕی کوردستان و کورد) دەیانەوێ لەمەودوا هەموو ساڵێ بایەخی تایبەتی بەم یادە بدەن. کاکشار نوورەمار لە پێوەندی لە گەڵ کەسایەتیی پێشەوادا، چەند کارێکی تەحقیقیو دۆکیۆمێنتیی کردوە کە «دیمانە لە گەڵ دایکی کورد مینا قازی هاوسەری پێشەوای نەمر» و «مێژووی کۆماری کوردستان لە وێنەدا» نموونەکەیانن. بە بۆنەی ١١٣هەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدەوە چەند پرسیارێکمان بەرەو ڕووی کردەوە. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ئەم وتوویژە ڕادەکێشین:

**کوردستان**: چۆن بوویە هۆگری کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد؟ خۆشەویستیی ئەم کەسایەتی یە گەورەیە چۆن لە تۆدا دروست بوو؟

**کاکشار نوورەمار**: پێشەکی زۆر سپاستان دەکەم کە ڕۆژی لە دایکبوونی حەزرەتی پێشەوا قازی محەممەدتان خستە ڕۆژەڤی میدیای کوردی. ئەمەش واتە زۆرترزانینی بەهای میراسی میللیمان. دەبوو ئەم کارە لەمێژ ساڵ با بایە ئەرکێکی نەتەوەییمان، بەڵام ئێوە دەستپێشخەری ئەم کارە گرنگە بوون، ئەمەش جێگای ڕێزو تەقدیرە.

باپیری من (خورشید نەبی) یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بوو. پاش تێکچوونی کۆمار ئەو لە گەڵ نەمر بارزانی چووە سۆڤیەت و لە کاتی چووندا لە شەڕێک دژی ئەرتەشی ئێرانو جاشەکان، بریندار بوو. ئەم برینە کوێر بوو و

ساڵی ١٩٤٩ له تاشکەند بووه سەبەبی شەهیدبوونی باپیرم. باوکم له کاتی پێکهاتنی کۆمار دا تەمەنی ١٧ ساڵ و شەش مانگ بووەو هەر لەسەر داخوازی خۆی بۆتە پێشمەرگە و باپیریشم تەشویقی کردووە کە بۆ دۆزی کوردستان هەتا لە ژیان دایە، ڕێگای کوردایەتی بەر نەدا.
هێشتا منداڵ بووم کە گەلێک جاران شەوانی زستان بابم باسی کۆمار، پێشەوا قازی، مستەفا بارزانی، ڕەئیس عیززەت و ڕۆژی لێک دابڕان لە گەڵ باوکی خۆی دەکرد. باسی دایکی فیداکاری دەکرد کە چۆن ئەوو سێ منداڵی دیکەی بەخێو کردوە. باسی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە پێشەوا هاتوەو دیداری لە گەڵ پێشمەرگە گەنجەکان هەبووە کە بۆخۆشی یەک لەوان بووە. باسی ڕوخساری نوورانیی پێشەوای دەکرد کە کەسێکی چەندە زانا و فیداکار بووە بۆ میللەتەکەی.

قەت لە بیرم ناچێ هەر کات لە ورمێ ڕا دەچووینە مەهاباد، باوکم داوای دەکرد کە لە مەیدانی چوارچرا ڕاوەستین. ساڵی ١٩٩٣ بوو، بەرەو تەورێز دەچووین، بەڵام باوکم گوتی کوڕم با بە مەهابادێ دا بچین. گوتم بابە گیان ڕێگامان دوور دەکەوێتەوە، ئیجازە بدە بە ڕێگای سەر دەریاچەی ورمێ دا بچین. باوکم گوتی نا ڕۆڵە گیان دەمەوێ بچمە سەر مەزاری پێشەوا قازی و مەیدانی چوارچرا زیارەت بکەم. بەرە و مەهاباد بەڕێ کەوتین و کاتێک گەیشتینە مەهاباد و نیزیکی مەیدانی چوارچرا بووینەوە، بارانی ئەسرینی بێ پسانەوە دەهاتە خوار. ئەوانەی لە هاتوچۆدا بوون بەرە و ئێمە هاتن و باوکم بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە گوتی: «ئەلێرە ڕاوەستابوو، پێشمەرگەکان لەولاتر ڕاوەستابوون، ژێنراڵ بارزانی، سەید عەزیز و سەیفی قازی لای پێشەوا قازی ڕاوەستابوون و... ئاخخ ئەو ڕۆژانە چەند خۆش بوون کە... پێشەوای ئازیز! بۆ وا بیدەنگی؟!» ئەو ڕۆژە تەئسیرێکی وای لە من کرد کە ئەمنیش وەکوو باوکم گریام و هەموو کەسانی دەوروبەریشمان بە هانامانەوە هاتن و زانیان کە باوکم دەردی چیەو بە دوای چی دایە. لەو ڕۆژەوە بوومە عاشقی پێشەواو دەستم کرد بە خوێندنەوەو باشترناسینی ئەو شەخسییەتە مەزن و فیداکارە. باوکم ئەو کلیلەیەی دا بە دەستم و هەتا مردن خۆم بە قەرزداری باوکی هێژام دەزانم. لەو ڕۆژە بە دواوە ئەمن هەرچی پرسیارم لە سەر کۆمار و پێشەوا هەبووایە یەکەم جار لە باوکمم دەپرسی.
ئەگەر کەسیک ئینسان بێت و لەو ڕۆژە سەختانە دا تەنیا لە سەر خۆفیداکردنی پێشەوا بیر بکاتەوە، ئیتر کەس لەوی خۆشەویستتر پەیدا ناکات.

**کوردستان**: ئەو کارو چالاکی یانەی تا ئێستا بۆ ناساندنی کەسایەتیی پێشەواو کۆماری کوردستان کردووتن، چین؟ چ پێشوازی یەکیان لێکراوە؟

**کاکشار نوورەمار**: من لە گەڵ زۆر لەو کەسانەی کە کاتی کۆمار وەزیر یا بەرپرسیار بوون، هەڤپەیڤینی دوور و درێژم پێک هێناوە. ئەوانە هێندێکیان وەزیر و کاربەدەستی کۆمار بوون(مەناف کەریمی: وەزیری پەروەردەی کۆمار، مینا قازی:

سەرۆکی یەکیەتیی ژنانی کوردستان، سەعیدخان هومایوون: دەفتەرداری پێشەوا قازی و هتد. هێندێکیان پێشمەرگەی کۆمار بوون (مام میرزا هاشم، جوبرەئیل ئورەمار و چەند کەسی دیکە)، هێندێکیشیان خوێندکار بوون(د.سەید عەزیز شەمزینی، غەنی بلووریان، عەلی قازی و هتد)

کاتێک هاتمە ئورووپا لە مەد تی ڤی (Ie Med TV)و تەلەڤیزیۆنەکانی دیکە دەستم کرد بە دروست کردنی بەرنامە لە سەر ژیانی ناودارانی کورد. لەم بەرنامەیە دا بایەخێکی تایبەتیم  بە بابەتی کۆمار و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان دەدا. هەروەها بە نووسینیش دەستم بە بڵاوکردنەوەی گەلێک بابەتی جۆراوجۆر کرد لە سەر بیروڕامانە هومانیستی یەکانی پێشەوا، لایەنی دیموکراتبوونی کۆمار و دەیان بابەتی لەم جۆرە.

هەڵبەت ئەمن بابەتەکانم زۆرتر بە دیالێکتی کورمانجیی سەروو دەنووسم چونکە لە باکووری کوردستان زانیاری لە سەر کۆمارو ڕێبەرانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کەمترە. ئەمن دەتوانم بە دڵنیایی یەوە بڵێم کە یەکەمین جار لە یەکەمین تیڤی ئاسمانیی کوردی دا بە شێوەیەکی بەرفرەوان زۆرترین بەرنامەم لە سەر کۆمار و ژیانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هەبووە.

پێشوازی لەم کارانە باش بووەو دەتوانم بڵێم کە لە ڕێگای ئەم کارانەوە تینوویەتی‌یەکە لە نێو چینی خوێندکاردا هەتا ڕادەیەک شکا. زۆر خوێندکار بۆ نووسینی تێزی زانکۆو ماستەر داوای هاوکاری‌یان لێ‌کردووەو سوودیان لە هەڤپەیفین، بەرنامەو نووسینەکانی من وەکوو سەرچاوە وەرگرتوە. هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم پێشوازی لەمە باشتر نابێ.

**کوردستان**: لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکانت دا، گەیشتوویە چ شناختێک لەو کەسایەتی یە؟ پێت وایە خوێندەوارانو نەوەی نوێی کوردستان، پێشەوایان بەو جۆرەی پێویستە ناسیوە؟

**کاکشار نوورەمار**: کاتێک لە سەر کۆمار دەستم بە کارو لێکۆڵینەوە کرد، وامزانی کە کارێکی هاسانە بەڵام هەرچی بە دوای دا چووم هەر ئیدامەی هەبوو. بابەتی کۆمار وەکوو ئوقیانووسێکەو هەرچی بە دوای دا بڕۆی گەنجینەی بەنرختر دەدۆزییەوە. کاتێ دەکەویتە لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی پێشەوا قازی زوو بە ڕاستی یەک دەگەی. قازی هەر لە منداڵی یەوە کەسێکی مرۆڤدۆست بووە. ئاشقی زانین و زانستی مودێڕن بووە. مرۆڤێکی دووربین و ئاگاداری ڕەوشی هەرێمی ژیانی خۆی بووە. بە تایبەت کاتێک دەگاتە تەمەنی ١٧ - ١٨ ساڵی، شەوو ڕۆژ خەریکی خوێندنەوەو موناقەشە لە بارەی بابەتی زانستی و سیاسی بووە.

سەرچاوە
Serchawe

لە تەمەنی لاوەتی دا زۆربەی هەڤاڵانی کەسانی بە تەمەن لە خۆی گەورەتر بوون. هەر لەو ساڵانەدا باسی مافی یەکسانیی ژن و پیاو دەکا. بۆ ئەو کاتەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کوردستان شتێکی وا بەواتای کارو خەبات بۆ دروستبوونی ڕێنیسانسێکی فکری یە. هەر کە لە ساڵی ١٩٢٦ دا دەبێتە سەرۆکی گشتیی ئیدارەی پەروەردە لە مەهاباد، یەکەم کاری دروست کردنی قوتابخانەیەکە بۆ کچان. ئەمە لە مەهابادی ئەودەم دا دەستپێکردنی شۆڕشێکی زێهنی بوو کە ڕقی زۆر لە شێخ و ئاغاواتی فیئۆدال و پاشکەوتووی هەڵساند. بەڵام قازی گوێگری قسەی پووچ نەبوو و هەر ئەمەش بوو بە سەبەب کە خەڵک ئەوی وەکوو پێشەوا بناسن و بانگی بکەن. ئەو کارەی پێشەوا قازی کردوویە لە کاری هیچ پێغەمبەرێک کەمتر نیە، حەتتا دەتوانم بڵێم لە زۆر بوار دا کارو خزمەتی پێشەوا قازی بۆ پێشکەوتن و بەختەوەریی مرۆڤەکان لە هی گەلێک لەو ١٢٤ هەزار پێغەمبەرەی خودا زۆرترو بە نرخترە. هەر ئەمەش بۆتە سەبەب کە زۆر کەس بۆ دووبارە و دەدستهێنانی سڵامەتی یان دەڕۆنە سەر مەزاری پێشەوا قازی و زیارەتی دەکەن. شتێک لەم جیهانە دا لە ژیان و گیان خۆشەویستتر نیە، بەڵام پێشەوا بۆ بەختەوەریی گەل و سەربڵێندیی نەتەوەی کورد هەموو شتێکی خۆی فیدا کرد.

لە ساڵانی پێش دا... نەوەی نوێ لە کوردستان باش پێشەوا قازی و گرنگیی کارەکەیان نەدەناسی، بەڵام لەم دە ساڵەی ڕابردوو دا بە ڕێگای بەرفرەوانبوونی تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندنی کوردی بابەتی کۆمار و ڕامانەکانی پێشەوا قازی باشتر ناسراون. هەر ئەم خۆناسینەش بۆتە هۆی ئەوە کە درێژەدەرانی کۆماری تیرۆر و وەحشەت هێندێک کوردی خۆفرۆش تەشویق بکەن بۆ کوشتنی سەمبۆلە کوردی یەکان کە دیرۆکی ئازادی خوازیمان گەلێک قەرزداریانە. لەم بوارەش دا هەڵبەت دەبێ ئێمەش وشیار بین کە پیلانی چەپەڵی داگیرکەران لە دژی قارەمانانی نەتەوەکەمان سەر نەکەوێ. نەسلی نوێ لە کوردستانی گەورە دا دەبێ هێشتا باشتر لەمە کە هەیە کۆمارو قازی محەممەد بناسن.

**کوردستان**: «پێشەوا، دەسپێکی ڕێگایەکی بێ کۆتاییە». تا چەند لە گەڵ ئەم دەربڕینە دای کە لە بارەی ڕۆڵوکاریگەریی کەسایەتیی پێشەواو بیروباوەڕی ئەو لە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گوتراوە؟

**کاکشار نوورەمار**: پێشەوا خاوەن بیرو ڕامانی جیا بوو. لە چاوی ئەودا جیهان ماڵێکی بچووک بوو کە دەبوایە هەموو مرۆڤەکان لە سیستەمێکی دادپەروەرانەدا بژین. ئەو تەنیا بە دوای بەختیاری و ڕزگاریی نەتەوەی خۆی دا نەبوو، بەڵکوو باوەڕی بە دێمۆکراسی بە واتای جەوهەریی خۆی لە هەموو جیهان دا هەبوو. مرۆڤێکی بەرچاوتەنگ یان بە واتایەکی دیکە دۆگماتیک نەبوو. لە سەر بناغەی ئەم شێوە تێڕوانینە ساڵی ١٩٤١ هەتا ١٩٤٧ نەیهێشت شەڕ لە نێوان کورد و ئازەری یەکاندا ڕوو بدا کە لە هێندێک هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پێکەوە دەژیان. لە مەهاباد کەمایەتی یەکی کەم

لە جوولەکەکان دەژیان کە بە پشتگیریی پێشەوا قازی خاوەنی هەموو مافێکی خۆیان بوون. قازی مامۆستای دێمۆکراسیی مۆدێڕن و سەردەمیانە بوو. ئەو مرۆڤی ئهم سەردەمە بوو بەڵام لە سەدەی ڕابڕدوو دا هاتبووە دنیا.

قازی باش دەیزانی کە هەموو مرۆڤەکان لە دوو شتدا هاوبەشنو لەیەکتر جیا ناکرێنەوە:

١- ڕەنگی ڕۆندکی چاو
٢- ڕەنگی خوێنی هەموو مرۆڤەکان سوورە. بۆ پێشەوا قازی جێگای شانازی یە کە کۆماری کوردستانی دامەزراندوە، سەربەرزی‌یەکی بێ وێنەیە کە پێشەوا قازی سەرۆکی ئەم حیزبە بووەو لە کاتی کۆمار دا سەدان دەسکەوتی بۆ مێژووی ئازادیخوازیی کورد لە دیرۆک دا تۆمار کردوە.

پێشەوا بۆ دۆزی کورد لە هەموو کوردستان دا سەمبۆلی زانین، گەورەیی، خزمەتکاری و خۆفیداکردنە. کاتێک کەسێک لە ڕێگای بەختیاریی کۆمەڵێک دا فیداکار بوو، ئیتر شتێک لەمە گەورەترو پیرۆزتر نیە. مێژووی بزووتنەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی قەرزداری پێشەوا قازین. قەت لە بیرم ناچێ کاتێک ساڵی ١٩٩٣ چوومە دیداری دایکی کورد مینا قازی، بە گریان و حەسرەتەوە وای پێ گوتم:

کاتێک لە لایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی یەوە گیرام بە حەقارەت، بە جنێوو ڕقێکی ئەستوورەوە پێیان گوتم هەی ق... ئەگەر مێردەکەی تۆ نەبووایە، ئێمە لە ئێران مەسەلەی کوردمان نەدەبوو.
ئەگەر هەموو ئەم فاکتۆرانە لە بەر چاو بگرین، بەڵێ دەتوانین بڵێین «پێشەوا دەسپێکی ڕێگایەکی بێکۆتایی‌یە.» چونکە فەلسەفەی پێشەوا ئازادی بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر تۆپی زەوی بوو. ئەو خوێندنگەی دیموکراسیی ڕاستەقینە و مرۆڤپەروەری بوو.

**کوردستان**: پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا، لە ئاستی نەتەوەیی‌دا بایەخو گرنگیی تایبەتی بە یادی لە دایکبوونی پێشەوا بدرێ؟

**کاکشار نوورەمار**: ئەم کارە دەبێ لە کولتووری حیزبیکی دیاریکراودا (قەتیس) نەمێنێ. پێشەوا ملکی هەموو کوردستانە و سەرۆکی مەعنەویی هەموو ڕێکخراوە سیاسی یەکانی کوردستانی گەورەیە. هەتا دەنگمان یەکگرتوو بێ، هاوارمان بەرزتر دەبێ، ئەوجا کەسانی وەکوو پێشەوا قازی دەبوونە خاوەنی نەوەیەکی ئەنترناسیۆناڵ. هەموو مەزلوومی جیهان، قەرزداری فیداکاریی پێشەوان. دەستپێکی ئەم کارە دیرۆکی یە ئیوەن، بەلام دەبێ هەمووومان هەوڵ بدەین لە ساڵانی داهاتوو دا ببێتە

ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیمان. لەم بوارە دا بە تایبەتی دەبێ خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان زۆرترین چالاکی‌یان هەبێ. مەهابادو ورمێ دەبێ ببنە ناوەندی ئەم کارە پیرۆزە. هەر لەم مناسبەتانەدایە کە دەتوانین زۆر دیواری بڵیندی دیکتاتۆران بڕووخینین و پەردەی ڕەش بدڕێنین. هەڵبەت کارێکی وا دەبێ بۆ لیدێرو قارەمانانی وەک سمکۆی شکاک، شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و ئەمیرخانی لەپزێڕینیش بکرێ. د.قاسملوو لە بیرمان نەچێ و ئەم کارە وەکوو ترادیسیۆنێک بەردەوام بێ. لە کوردستانی گەورەدا. بۆ نرخە نەتەوەیی یەکانی دیکەشمان دەبێ هەر وا بێ. ئەگەر ئەوان لە بیر کرێن ناچار دەبێ تاریخمان دووبارەو چەندبارە بکەینەوە. میرات دەبێ قەت لە بیر نەکرێ. کاریکی وا، واتە دابڕان لە رابردوو،و ئەوەش لە سەدەی گلۆبالیزم دا یانی چوون بەرە و نەمان و مردن.

**کوردستان**: زۆر نووسەرو لێکۆلەر و سیاسەتمەداری کوردو بیانی، باسی رۆڵ و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدیان کردوە، راوسەرنجت لە بارەیانەوە چییە؟ چۆنیان پۆلێن دەکەی؟ کامیان زیاتر سەرنجیان راکێشاوی؟

**کاکشار نوورەمار**: کاتێک دەبینم کە دۆستو دوژمن لە سەر بە کاریزمابوونی ڕێبەرێکی وەکوو پێشەوا قازی یەکدەنگن خۆشحاڵ دەبم. شاهیدانی دادگایی کردنی پێشەواو هاوڕێیانی لە دادگای لەشکری دا باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی ئێمە گەورەیی ئەو زاتە پاکە باشتر بزانین. هێندێک کەس لە ڕووی حەسادەت و غەرەزەوە باسی خۆتەسلیم کردنی پێشەوا قازی دەکەن!! واتە کاتێ بۆ بینینی سەرهەنگ هومایونی چۆتە میاندواو. بەڵام وەکوو مرۆڤێکی کوێر چاوپۆشی لەو ڕووداوانە دەکەن کە پێش ئەم کارە کراون. واتە کۆبوونەوەی مزگەوتی هەباساغا کە پێشەوا لە گەڵ لایەنگرانی کۆمارو خەلکی شاری مەهاباد دانیشتووە راوێژی لە گەڵ کردوون. چلە ڕۆژی پێکهاتنی کۆمارو چ لە ڕۆژانی کۆتایی تەمەنی پڕبەرهەمی کۆماردا پێشەوا خۆی لە خەڵکی ڕەش و ڕووت دوور نەخستۆتەوە. بە شێوەیەکی سەمیمانە لە گەڵ خەلک و هاوکارانی خۆیدا کەسیکی ڕووڕاست بووە، واتە کەسێکی لیبراڵ بووەو باوەڕی بە دیالۆگ هەبووە. هێزی گەلی پێ لە هەموو هێزێک بە هیزتر بووە.

ویلیام ئیگلتۆن باسی زۆر لایەنی کۆماری کوردستان دەکا، بەڵام پێم وایە ئیستیخباراتی ئەو دەمەی دەوڵەتی پەهلەوی نەی هێشتوە ئەو بە بەرفرەوانی لە سەر کۆماری کوردستان لیکۆڵینەوە بکا. هەروەها ئەو زۆرتر» کۆماری مەهاباد» بەکار دینێ تا کۆماری «کوردستان». پێم وایە ئەوەش پێشنیاری لایەنگرانی دەوڵەتی شاهەنشاهی و سرویسی ئیستیخباراتی ئینگلیز بووە. چونکە نەیانویستوە کوردستانی بوونی کۆمار بۆ خەلک و مێژوو ئاشکرا ببی، هەروەها زیاتر لە لێکۆڵینەوەی ویلیام ئیگلتۆن نووسینەکانی کەسانی وەکوو مەناف کەریمی، سەدیق حەیدەری و وەزیرەکانی دیکەی کۆماری کردوە بە نیوەرۆک یا جەوهەری کتیبەکەی خۆی. نەمر رەحیمی قازی لە کتێبی خۆی دا «بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردو قازی محەممەد» دا وا نیشان دەدا کە گۆیا پێشەوا قازی ئاشقی سۆسیالیزمی سۆڤییەتەکان بووەو ئەگەر لە دادگادا

وازی لە پشتگیریی ڕووسەکان هێناباو خۆی تەسلیمی داواکاری یەکانی ئینگلیز و ئەمریکایی یەکان کردبا، ئێعدام نەدەکرا!! بەڵام ڕێزدار عەلی قازی لەو بارەیەوە دەڵێ: کاتێک لە تەورێز گەڕامەوە مەهاباد، باوکم بە منی گوت: چاوت لێیە ئەو بێشەڕەفانە (دەوڵەتی سۆڤیەت) چۆن خەیانەتیان پێکردین و بە تەنیایان هێشتینیەوە؟! دیارە نەمر ڕەحیمی قازی کاتی نووسینی ئەم کتێبە لە باکۆ (پێتەختی ئازەربایجان) بووەو ئەگەر وای نەنووسیبا وەکوو تێزی دوکتوراکەی قەبوول نەدەکرا. بەڵام هەموو کەس دەزانێ کە پێشەوا زیاتر لە هەموو دەوڵەت و ڕێکخراوێک بە هێزی گەلی خۆی پشتگەرم بووە. ئەو بێهیوا بوو کە لە سەر ئەساسێکی بە هیز بناغەی سیستمی دەوڵەتیکی دیموکراتیک دابڕێژێ و دەنگی گەل لە سەر هەموو دەنگەکانی دیکە بێ. لە ڕەوشی ئەو سای کۆمەڵی کوردەواری دا بە لەبەرچاوگرتنی فاکتۆرە دەرەکی و نێوخۆیی یەکان کاری پێشەوا قازی لە کوردستان دا دەسپێکی ڕێنێسانسێکی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی بوو.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی، د.کەمال مەزهەر، پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیلو چەندین لێکۆلەرو نووسەری دیکە کاری باشیان لە سەر کۆماری کوردستانو کەسایەتیی پێشەوا قازی نووسیوە.

**کوردستان**: بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی «کوردستان و کورد»، هەر وەها بۆ هەموو هۆگران و ڕێڕەوانی پێشەوا قازی محەممەد لەم بۆنەیە دا چ وتەیەکت هەیە؟

**کاکشار نوورەمار**: لەم سەدەیە دا ئیتر کار و خەبات دەربازی پێواژۆیەکی نوێ بووە. تەکنیکی ڕاگەیاندن گەورەترین ڕۆڵی هەیە لە بەردەوامیی خەبات و کاری سیاسی - فەرهەنگیدا. لەم بوارە دا ئێوەی ئازیز و... زەحمەتێکی زۆر دەکێشن. من عاشقی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی کوردستانم، ڕۆژنامەی سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ من لە هەموو پەرتووکی ئاسمانی وپیرۆزەکان موقەدەستره. ژمارەکانی پاش ئەو سەردەمەش بۆ هەموومان سەرچاوە و ئارشیڤیکی میژوویین. بەردەوام لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیک لەو ماڵپەرانەی ڕۆژانە جاوی لیدەکەم، «کوردستان و کورد»ە.
پێشەوا ڕێبەرێکی ئەفسانەییە و دەبێ لەم سەدەیە دا بیر و رامانە مرۆڤدۆستانەکانی ئەو ڕێبەرە نەمرە باشتر بناسرین. دەبێ وەسیەتەکانی پێشەوا لە بیرمان نەچن و لە ژیانی ڕۆژانەمان دا بەکاریان بینین. ئەو بۆ سەربلیندیی و بەختیاریی نەتەوەی هەرە مەزلوومی جیهان، گیانی خۆی.

لە ژمارە ٦٠٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٣

# قازی محەممەد، ناسنامەی نەتەوایەتیی نەتەوەیەک



عارف نادری

١١ی بانەمەڕی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ ١٠٩ ساڵەی لەدایکبوونی قازی محەممەد، کە زیاتر لە نیو سەدەیە، نەتەوەیەکی مەزن لە نیشتمانێکی لەتکراوو لێکدابڕاودا، ناوی "پێشەوا"یان لێناوەو وەکوو "پێشەوا"ی مەزنو هەرگیز نەمرو هەتاهەتایی خۆیان باوەڕیان پێی هەیەو لە سەر ڕێبازی دەستنیشانکراوی بەردەوامن و درێژەدەری خەبات بۆ بەدیهێنانی ئاواتو ئامانجە مرۆیی و دێموکراتیکەکانین.

بێگومان نەتەوەی کوردیش وەکوو هەموو گەلانی دیکە خاوەنی گەلێک ڕێبەرو کەسایەتیی ناودار و جێگەی شانازییە کە لاپەڕەکانی مێژووی پڕهەورازو نشێوی کورد و کوردستانیان ڕازاندۆتەوە و قۆناخی زێڕینی دیرۆکییان دەستەبەر کردووە. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە قازی محەممەد لە نێو لاپەڕەکانی ئەم مێژووە دا بە بەراورد لەگەڵ ڕێبەرانی پێش لە خۆیو پاش خۆی، ناوازە و بێهاوتایە. بە جۆرێ کە هەر ڕۆژێک کە بە سەر مێژووی بەرخۆدان و خەباتی ئەم نەتەوە دا تێپەڕ دەبێ، قازی محەممەد بەرجەستەتر، مەزنتر، کاریزماترو بیرۆکەو پرەنسیپە دەستنیشان و پێشنیار کراوەکانی زیاتر لە هەموو وەختێک گرینگییان دەردەکەوێت و جەختی لە سەر دەکرێو ڕای هاوبەش و وێنای پیرۆزی لێ وەدی دێت.

ئەوەی کە قازی محەممەد دەکاتە تاقانەی مێژووی دوێنێ و هاوچەرخی نەتەوەکەی و کەسێتیەکی جیاوازتر لە کەسایەتییەکانی نەتەوەکانی دەوروپشتی پێدەبەخشێت زیاتر لە هەموو فاکتەرێک پراگماتیست بوونی قازی محەممەد لە هەردوو بواری کردە و واقێعبینی سیاسی و، سیاسەت و کردار لە سەر ئەرزی واقێعدا بووە. ئەگەرچی قازی محەممەد، خاوەنی پێگەی بەرزی بنەماڵەیی، سامانداری، قورسایی لە ئاستی دەسەڵاتی هەرێمی، شارەزایی لەگەڵ حەوت زمان،

ئۆتۆریتەی نەریتی... بووە، بەڵام هیچ یەک لەم تایبەتمەندییانە هۆکاری سەرەکیی کاریزمابوونی قازی محەممەدو دیاریکردنی وەکوو پێشەوای کوردان نیە. بەڵکوو دابڕانی قازی لە ئاوانسە بە میرات ماوەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕان و خوڵقاندنی سیستمێکی جیاوازتر لە سیستمی زاڵی نەریتی و دەسەڵاتی قبووڵکراوی سەردەم، دەرخستنی بیرۆکە لە پانتایی کرداراو پێشەنگ بوونی خۆدی خۆی لە مەیدانی بەڕێوەبردنو نرخدان لە پێناو بەرنامەو بانگەوازەکاندا، قازیی بە ناوی "پێشەوا"وە ناساندو کردیە بژاردەیەکی هەڵبژێردراو تا ببێتە دەسپێکی مێژووی وەرچەرخانی مۆدێرنی نەتەوەیەک و کۆکردنەوەی زۆرینەیان لە سەر ڕێبازو شوناسێکی هاوبەشی نیشتمانیدا. قازی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەکەیدا، بە جێگەی پشت بەستن بە پێگەو جێگەی بنەماڵەیی عەشیرەیی و لە تەشکی خۆ بە خاوەنزانینی خەڵک و فەرمان بە خەڵک دانەوە، دێتە نێو قووڵایی دڵی کۆمەڵانی خەڵک و پشت بە نەوەیەکی نوێی لاوی خوێندەوار، فیداکارو گۆڕانخواز دەبەستێت کە خاوەنی ئیرادەیەکی قورس و قایم و باوەڕمەند بە خۆیان و تواناکانیان بوون و نەبوونەتە بەشێک لە دۆخی زاڵ و هەبوون، بەڵکوو لە سەر ئەو قەناعەتە بوون کە پێویستە بە جێگەی خۆڕێکخستن لەگەڵ زەمان و کەش و هەوای زاڵ، زەمان و هەلومەرجەکە لەگەڵ خۆیاندا ڕێکخەن و لە ریسک کردن و تێچووەکان ترسیان نەبێت. بۆیە خولیای ئازادیخوازی وەها کەسانێک لە ژێر سێبەری توانایی، ئەزموون و ئاوەزمەندی و لۆژیکی قازیدا، شێوازێکی دژەباو بەڵام پێویست بۆ بیچمگرتنی شوناسی نەتەوایەتی نەتەوەیەک و نەقشەیەک بۆ تێپەڕین و برینی ڕێگای سەربەستی و بەختەوەری دێنێتە ئاراوە. کولتوور، گۆڕان، چاوەڕوانی و ئاواتێک کە خودی قازی هێمای راستەقینەی بووە. قازی کەلێن و بۆشایی و مەودای نێوان نەوەکان و چینەکانی کۆمەڵگای کوردستانی کەمڕەنگ و لە زۆر بواریشدا بە تەواوی لابردو بۆ خۆی هات لەگەڵ لاوانێک وەکوو هەژارو هێمنو... بووە هاوبیر، هاوسەنگەر، هاوماڵ و هاوشان، تا بتوانن شانبەشانی یەک، نیشتمانیان سەرخەن. قازی بڕوایەکی چەسپاوو تەواوی بەم توێژە و نەوە نوێیە بووە، چوونکە پێی وابوو ئەمانە کەسانێکی خودساختەن و توانای بیرکردنەوەو بڕیارو جێبەجێکردنی بڕیاریان هەیە.

بۆیە لە دیدی قازییەوە ئەمانە دەتوانن دینامیزمی گۆڕان و هێزی بنیاتنان و ڕۆنان بن. لە لایەکی دیکەوە ئەو جۆرەی کە بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵەی ژ ـ کاف و پاشان حیزبی دێموکرات و کۆمار و لێدوانەکان و هەڵوێستەکانی قازی محەممەد دەریدەخات هۆکارو هەوێنی پێکەوەیی و هەڤڕایی قازی و توێژی ڕووناکبیری جیابیری جڤاکی ئەو سەردەمەی کوردستان لە بوون و ئارایی دوژمنی هاوبەش و داگیرکەری سەرەڕۆدا نەبووە، بەڵکوو ئیرادەو ئارمانج و ئامانجی دروستکردنی کیان و سیستمێکی نوێترو دێموکراتیک بووە کە لەوێدا کەرامەت و گەورەیی یەکانی هەموو تاک و کۆیەکی نیشتەجێ لە نێو یەکەی سیاسیی کوردستاندا دەستەبەرو پارێزراو بێت، بە واتایەکی دیکە بنەمای کاری قازی و بیرۆکەکانی لە سەر دروستکردن بنیاتنراوە، نەک لە سەر رووخاندن، سڕینەوەو نەهێشتنی ئەویتر.

چەمکی ئازادی، واتاو پیرۆزیی تایبەتی لای قازی بووە، چوونکە لە روانگەی قازییەوە، ئازادی تەنیا بەهای هەتاهەتایی مێژووەو ئەگەر نەتەوەیەک ئامانجێکی جیاواز لە ئازادیی هەبێ، هەموو شتێکی خۆی لەدەست دەدات. لە بەر ئەوەی کە لەدەستدانی ئازادی، خستنە ژێر پرسیاری مرۆڤ بوونی مرۆڤەکانە و نەتەوەی زیندوو، نەتەوەیەکە کە بۆ زیندوو هێشتنەوە و خاوەنداریکردن لە ئازادی، ژیانی خۆش دەوێ. هەر لە ژێر رووناکایی ئەم ئەندێشە مۆدێرن و دێموکراتیکانەیە کە قازی محەممەد، ئازادی بە بنەمای دەسەڵات و رەوابوونی دەسەڵاتداری دەزانێ و ئەوپەڕی گەندەڵی بە بەکارهێنانی یاسا لە پێناو سیتەمدا لەقەڵەم دەدات. مەرجی ئەو بۆ دەستەبەربوونی ئازادی و ژیانی ئازاد پەرستشی حەقیقەتەو لە دیدی ئەوەوە ئازادی و حەقیقەتیش دوو جەمسەری تەواوکەری یەکترن. پێگەیشتنێک کە لەوێدا، تەنیا رۆنانەکانو گۆڕانکارییە قووڵ و بنچینەیی یەکان دەبنە پێناسەو نەتەوەکان بوونی خۆیان لە نەبوونی ئەویترو رووخاندنی شارستانیەتی بەرانبەردا نابیننەوە.

فەلسەفەیەک کە رۆحی نەتەوەیەک ناکاتە قوربانی هیچ کەسێک، بەڵکوو ئەمە رێبەران و خزمەتکارانی نەتەوەن کە پێویستە قوربانیی نەتەوە بن و بە شێوەیەکی پراکتیک ورەو زاڤری سەلماندنی ئەو راستییەیان هەبێت تا بەو چەشنە نێواخنی حەقیقەت و ئازادی بەرجەستە بکرێ و گیان، بە بەری نەتەوەیەکدا بێ کە ویستوویانە لە بەهای راستەقینەی حەقیقەت و ئازادی بەتاڵی بکەنەوە. بۆیە قازی محەممەد، "پێشەوا"، نێواخن، پێناسەو هێمای نەتەوایەتیی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتەو کردەوەکانی وانەی ئەخلاقی نەتەوایەتی، ویژدانی بەرزەمرۆیانە و پێبەندیی رێبەرایەتییەکی پێشەنگ، دەروەستو ئافرێنەرە کە تا هەمیشەی مێژووی وڵات و نەتەوەکەی، پێشەوای رابوون و گیانی مانەوەیانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٠٩

# ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە



**قادر وریا**

١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩(١ی مای ١٩٠٠) لە ڕۆژھەڵاتی کوردستان، کەسێک ھاتە سەر دنیا کە دواترو لە دەیەی پێنجەمی تەمەنی دا، ڕێچکەیەکی لە مێژووی نەتەوەکەی دا ڕەنگرێژ کرد کە لە ماوەیەکی کەم دا، ئاراستەی ئەم مێژووە و چارەنووسی نەتەوەکەی گۆڕی.

قازی محەممەد، کە بەر لە ھاتنیشی بۆ نێو کۆمەڵەی ژێکافو حیزبی دیموکراتی کوردستان، کەسایەتییەکی دیارو شوێندانەری مەھاباد بوو، لەو کاتەوە کە ھاتە نێو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ئەو زەمینە و دەرفەتەی بۆ پێک ھات کە ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی سیاسیی نەتەوەکەی دا، بگێڕێ. قازی محەممەد بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف حیزبی دیموکراتی کوردستانی بنیات ناو، کردی بەو ھێزە سیاسییە لە لایەکەوە خەڵکی ڕۆژھەڵاتی کوردستان لە دەوری بەرنامە و ئامانجەکانی کۆبکاتەوە و لە لایەکی دیکە، ببێتە نوێنەری نەتەوەی کورد بۆ وتووێژو دانوستان لە گەڵ ئازەربایجانو سۆڤیەتو لایەنەکانی دیکە تا پشتی پێکھاتنی دەوڵەتێکی کوردی لەم ناوچەیە بگرن.

ئەوە ھەر ناسراویو پێگەی ئایینیو کۆمەلایەتیی خۆیو بنەماڵەکەی نەبوو کە یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی دەور و ڕۆڵی قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بوون. زانایی و ڕۆشنبیریی سیاسی و گشتیی ئەو کەسایەتییەو بیروباوەڕو ھەڵسوکەوتی ئینسانی و شارستانی و دیموکراتانەی ئەو، ھاندەری توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و

دۆستانی ئازەربایجانی و بیانییش بوون بۆ ئەوەی لە پێشەوەی خۆیان و لە ڕووبەڕووی خۆیان دا، ڕێبەر و کەسایەتییەکی بەرپرس و جێگای متمانە بەدی بکەن.

قازی محەممەد، لە ماوەی کورتی سەرکۆمارییەکەیدا، وەها درەوشاییەوە، کە ڕووناکییەکەی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زەمانو مەکانی بڕی. ئەو دەسەڵاتە کوردییەی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکایەتیی کرد، لە ماوەی یازدەمانگ لەسەرکاربوونیدا، لە ژێر ڕێبەریو کاریگەریی بیرکردنەوەو سیاسەتی ئەو کەسایەتییەدا نموونەیەکی ئەوەندە بەرزو گەش لە دەسەڵاتدارەتیی خستەڕوو، کە کاریگەرییەکانی لە سەر ئازادیخوازانو خەباتکارانی کوردستان هەتا ئێستاش نەسڕاوەنەوەو بوون بە ڕووگەو سەرچاوەی ئیلهامی سیاسیی نەتەوەکەی.

پێشەوا قازی محەممەد، ئەگەر لە سەردەمی ژیانی سیاسی و لە چڵەپۆپەی دەسەڵات و ڕێبەریدا، هەوێنی تەبایی و یەکگرتوویی خەڵک و ڕەمزی ڕەتکردنەوەی بندەستیی نەتەوەیی و جاڕدانی دەوڵەتی کوردی بوو، لە شەهید بوونیشی دا، هەڵگری پەیامی سەردانەنواندن و پشتنەکردن لە ئامانجی ڕزگاری بوو. ئەو بە بەرگرییە بوێرانە و مێژووییەکەی لە بێدادگای ڕێژیمی شایەتی و بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر سێدارەی دوژمنان، بەو هەمووە دەسکەوت و ناوەرۆکە سیاسی و دیموکراتییە دەوڵەمەندەی لە ڕێگای کۆماری کوردستان و لە ماوەیەکی کورتی دەسەڵاتدارەتیدا بەرهەمی هێنا، نەک هەر سەری خۆی، بەڵکوو برگەیەکی هەستیار لە مێژووی نەتەوەکەشی بەرز کردەوە.

ڕێزگرتن لە ١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، لە لایەک ڕێز گرتنە لە ڕێبەرو سەرکردەیەک کە زۆر لە شانازیو دەسکەوتەکانی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان لە سەر دەستی ئەو بەرهەم هاتوون و لە دایک بوون، بۆ نموونە: دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەمەنترین حیزبی کوردی، دامەزرانی جمهووریی کوردستان یەکەم دەسەڵاتی مودێرنی نەتەوەیی، هاتنە دنیای ئاڵای کوردستان، پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە و چەندین دەسکەوتی دیکە. لە لایەکی تریشەوە ڕێزگرتن لە بیرەوەریی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، نیشاندانی وەفادارییە بەو ئامانجانەی ئەو سەرکۆمارە گیانی خۆی لە پێناویاندا بەخت کرد، پێداگرتنەوەیە لە سەر ڕێگا و ڕێبازێک کە پێشەوای شەهید خستیە بەر دەمی نەتەوەکەی، ڕێگای ڕزگاربوون لە بندەستی و ڕێبازی بە سەربەستیو بە سەربەرزیی ژیان.

نابێ هەر وا بە سادەیی بەلای سەدوپازدەهەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا کە دەبێتە ١١ی بانەمەڕی ئەمساڵ، تێپەڕ بین. لە نێوخۆی وڵات و لە ژێردەسەڵاتی دوژمنانی ئاوات و ئامانجەکانی پێشەوای ڕێبەرو ڕێنیشاندەردا، ڕۆژی لەدایکبوونەکەی پێویستە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە بە شکۆیەکی تایبەتەوە، یادی بکرێتەوە. لە


بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە هەر جێگایەک کوردستانیان دەژین، ڕێزگرتن لەم بۆنەیەو، بە ڕێزەوە یادکردنەوەی هزرو ئەندیشەو پەیام و هەڵوێست و ئامۆژگارییەکانی ئەو کەسایەتییە مێژووییە،

پێویستە بە ئەرکێکی نەتەوەیی دابنرێ. با گیانی سەرکۆماری شەهیدمان پێشەوا قازی محەممەد لە بەرزایی مێژوودا، شاد و شایەد بێ کە نەتەوەکەی بە قەدرزانی و پێزانینەوە ڕێگای ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی خۆیانە، درێژە دەدەن.

لە ژمارە ٦٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

# با رۆژی لە دایک بوونی پێشەوا بکەین بە: رۆژی یەکیەتیی نەتەوەیی



**عومەر باڵەکی**

یازدەی بانەمەڕی هەر ساڵێک بۆ کورد بە گشتی بیرخەرەوەی رۆژی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدە، کە بە بیرو هزری رێبەریکردنی جووڵانەوەیەک، نوقتە گۆڕانێکی ئەوتۆی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا پێک هێناوە کە دوای تێپەڕبوونی ٧٠ ساڵ و رووداوی گەلێک رووداوو، نەمانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا و تەنانەت ئاڵوگۆڕ لە سیستمی دەسەڵاتداریی دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، ئێستاش بیر و فکر و ئەندێشەی پێشەوا بە روخساری جووڵانەوەی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دەبینرێ و لە ئاڵا و سروودی نیشتمانی و ناوی پێشمەرگە و... دا خۆی دەردەخا.

باسکردن و لێکدانەوە لە سەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوار و سەختە و لە سەر کەسانی زانستگایی و ئاکادێمیستە کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پێشەوا بکەنە بابەتی توێژینەوە و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی خۆیان، بۆ ئەوەی نەسلی ئێستا و داهاتووی نەتەوەی کورد باشتر پێشەوا بناسن و لەگەڵ بیر و ئەندیشەکانی زیاتر ئاشنا بن. د. قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەباتدا لەسەر کەسایەتیی پێشەوا دەنووسی: "شەخسییەتی قازی محەممەد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە کە پێویستە لاوانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو... پێشەوا قازی محەممەد رووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو رۆژگارەدا وێنەی لە نێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا. قازی محەممەد لە شارستانەتی و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و رووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو."

ئەو بابەت و نووسراوانە کە تا ئێستا لەسەر کەسایەتی و رۆڵی پێشەوا لە بەرەوپێشبردنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و

پێکهێنانی یەکیەتی و تەبایی و برایەتی لە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردەواریدا چاپ وبڵاو بوونەوە، سەلمێنەری ئەو راستیەن کە کەسایەتیی پێشەوا و رۆڵ و نەقشی ئەو لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتیدا پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و باسلەسەرکردنی زیاتر هەیە.

قازی محەممەد بە هۆی وەزعیەتی بنەماڵەیی زۆر زوو توانی تواناکانی خۆی لە بەڕێوەبردن و ڕێبەریکردن لە کۆمەڵگادا دەربخا و متمانەی خەڵک بە دەست بێنێ. قازی محەممەد بە دوای فەوتی بابیدا بوو بە قازیی شار، وەرگرتنی ئەو بەرپرسایەتییە لەو سەردەمەدا کە بە دەیان کەسایەتیی ئایینی و عەشیرەتی کە هەم لە بواری تەمەنەوە و هەم لە بواری هێز و دەسەڵاتەوە لە قازی محەممەد گەورەتر و بەهێزتر بوون، نیشانەی ئەوەیە بەهۆی تواناکانی لە فێربوونی زانستی سەردەمی خۆیدا توانیبووی سەرو گەردنێک لە سەرتر بێ، بۆ راپەڕاندنی کاروباری خەڵک و، ئەوە ببوو بە هۆکارێکی بەهێز بۆ ئەوەی بتوانێ متمانەی خەڵکی شاری مەهاباد و دەوروبەری بۆ لای خۆی رابکێشێ.

هەرچەند پێگەی ماددی و مەعنەویی بنەماڵەی قازی محەممەد شوێنەوارێکی گرینگی لە سەر پێگەیشتن و وەرگرتنی نەقش و رۆڵی ئیدارەکردنی شاری مەهاباد و دەوروبەری هەبوو، بەڵام پێشەوا چ ئەو کات کە قازیی شار یان بەڕێوەبەری ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بوو و چ ئەو کات کە وەک سەرۆکی کۆماری کوردستان ئەرک و بەرپرسایەتیی لەسەر شان بوو هەمووکات هەوڵی داوە خوڵقێنەری شتی نوێ بێ لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگای کوردەواریدا و یارمەتیدەر بێ بۆ بەرەوپێشەوەچوونی خەڵک لە باری سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریەوە و ئەوەش سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە قازی محەممەد هەر لە منداڵیەوە تایبەتمەندیی ڕێبەر و رێنیشاندەری هەبووە و پێ بە پێی زەمان ئەو کەسایەتیە گەشەی کردوە، هەتا گەیشتۆتە لوتکەی پێشەوایی و ڕێبەریکردنی حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە توانی کۆماری کوردستان دابمەزرێنی و گەلێک دەستکەوتی گرینگی سیاسی و نەتەوایەتی بۆ خەلکی کوردستان دەستەبەر بکا.

کەسایەتیی پێشەوا وەک ڕێبەر و کاریزمایەک ئەو کات بە تەواوی دەردەکەوێ کە کار و تێکۆشانی خۆی تەنیا لە چوارچێوەی بەڕێوەبەریی شاری مەهاباددا قەتیس ناکا و روو لە کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەکا و دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ژـ کاف و لە ماوەیەکی کەمدا بە تێگەیشتن لە هەل و مەرجی ناوچەکە و خوێندنەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان، کۆمەڵەی ژ. کاف لە حاڵەتی رێکخراوەیەکی داخراو و نهێنی دێنێتە دەرێ و دەیکا بە حیزبێکی کراوە و ئاشکرا کە بتوانێ هەموو ئازادیخوازانی کورد لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. ئەو حیزبە کە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر دانرا، لە ماوەیەکی کورتدا لە ژێر ڕێبەری و ڕێنوێنیی قازی محەممەددا توانی هەلومەرجی ناوچەکە بقۆزێتەوە، خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ببێتە حیزبێکی چالاک و سەردەمیانە و بچێتە ریزی حیزبە بە هێز وگەورەکانی ئێران کە

کاریگەری‌یان لە سەر کۆمەڵگای ئەوکات هەبوو، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پێشەوا، ئەو ڕێبەرە بووە کە هەلومەرجی سەردەمی خۆی بە باشی ناسیوە و دەرکی کردوە و کەڵکی لێوەرگرتوە.

کار و کردەوەکانی قازی محەممەد بە رادەیەک جێگای سەرنج و متمانەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان بوون کە بوونە هۆی ئەوەی لە لایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە نازناوی پێشەوای پێ بدرێ و لە لایەن کومەلانی خەڵکی کوردستانەوە پەسەند بکرێ و هەتا ئێستاش نازناوی پێشەوا هەر بۆ قازی محەممەد ماوەتەوە و لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا هیچ رێبەر و سەرکردەیەکی کورد بەو نازناوە ناوبانگی دەرنەکردوە و ئەوە نیشاندەری ئەو راستی‌یەیە کە پێشەوا لە هەر چوارپارچەی کوردستان وەک رێبەرێکی نەتەوەیی جێگای رێز و حورمەتە.

رێز و حورمەتی پێشەوا هەر لە نێو گەلی کورددا نەبووە، بەڵکوو دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێرانیش لە لوتکەی بەرزی دەسەڵاتدا بە چاوی رێز و حورمەتەوە روانیویانەتە کەسایەتیی پێشەوا و ئەوە لە رۆژنامەکان و ئەسنادی ئەو سەردەم دا بە روونی دیارە. کاتێک پێشەوا لەسەر بانگهێشتنی "قوام‌السلطنه"( ٢٨ی ژوئەنی ١٩٤٦) دەچێتە تاران رۆژنامەی "ایران ما" سەبارەت بە پێشەوا ئاوا دەنووسێ: "ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانە و ئازادیخوازان چاویان پێی‌کەوتوە، دەردەکەوێ کە بیر و ڕای ئەو بەرقەراریی ئازادی و دێموکراسی لە تەواوی ئێراندایە و مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێدایە. هەر کارێک بە سوودی دێموکراسی بێ لە لایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازیی لێ دەکرێ. هیواداریین جەنابی "قەوام" لەو سەفەرە مێژوویی‌یە کەڵک وەرگرێ."

نموونەیەکی دیکە لە داننان بە کەسایەتیی بەرزی پێشەوادا لە لایەن کاربەدەستانی تارانەوە لە حەوتوونامەی "کوهستان" لە سەرماوەزی ١٣٢٥دا بەرچاو دەکەوێ. لە ژمارەی ٧٢ی ئەو حەوتوونامەیەدا نێوەرۆکی "تلگراف"ێک بڵاو کراوەتەوە کە ئیمزای "قوام السلطنه" سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێرانی لەسەرەو لە نێوەرۆکی ئەو پەیامەدا بۆمان دەردەکەوێ پێشەوا لە کار و کردەوە و هەڵسوکەوتی‌دا چۆن توانیویەتی بە لایەنەکان بسەلمێنێ کە بێ هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتیی کورد هێچ پرۆژەیەک لە ناوچەکەدا ناتوانێ بچێتە پێش و سەرکەوتوو نابێ. دەقی تلگرافەکە:

ئاغای قازی محەممەد:

بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری من کە دەبێ هەڵبژاردن بە ئامادەبوونی هێزی ئەمنی کە لە ناوەندەوە دەنێردرێ، بەرێوە بچێ و پێویستە هەڵبژاردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بە هاوکاری دۆستانەو رەزامەندی تەواوی ئێوە بەرێوە بچێ، هەر بۆیە لە "خۆی، شاپوور ـ رەزائیە ـ مەهاباد" کە ناوچەی کوردنشینن، پێویستە دیاری بکرێ چۆن ئێوە لەگەڵ هێزی ئەمنی

هاوکاری دەکەن کە لەو پێوەندی‌یەدا فەرمانی دیار و روون دەربچێ. بە هاوکاریی دۆستانە و هۆگری‌یەکی تایبەت کە لەو ماوەیەدا لە شەخسی تۆم دیوە و هەستم پێکردوە لەو بەشەدا کە بابەتی کوردانی تێدایە چاوەڕوانیم هەیە، رەزامەندیی تەواوی خۆت بۆ بەرەوپێش‌چوونی کارەکان بە کردەوە نیشان بدەی."

پێشەوا تەنیا لە نێو خەڵکی کوردستان و ئێراندا جێگای رێز و حورمەت نەبووە بەڵکوو بێگانەکانیش بە چاوی رێز و حورمەتەوە روانیویانەتە پێشەوا قازی محەممەد. لەو سەردەمەدا هیچ بێگانەیەک شک نابەی کە رووی لە مەهاباد کردبێ و هەوڵی نەدابێ پێشەوا لە نزیکەوە ببینێ و بە تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی پێشەوا لە هەڵسوکەوت و شارەزایی بەسەر زمان و فەرهەنگی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوکاتدا و دیفاعکردن لە مافی بڕیاردانی کورد لە سەر چارەنووسی خۆی، سەرسام نەبووبێ.


پێشەوا٧٠ ساڵ پێش ئێستا دەرکی بەو راستی‌یە کردبوو کە دەبێ کورد یەکگرتوو بێ بۆ ئەوەی بتوانێ کیانی خۆی هەبێ و ئەوەشی بە کردەوە سەلماند. کۆماری کوردستان هەرچەند تەمەنی کەم بوو بەڵام پێکهاتەکەی بە جۆرێک رێبەری دەکرد کە کوردی هەر پارچەیەک لە کوردستان دەیتوانی خۆی تێدا ببینێتەوە و لە تواناکانی خۆی بۆ بەرەو پێش‌بردنی کۆماری کوردستان کەڵک وەربگرێ.

لە کۆتایی‌دا هیوادارم رێزگرتن لە پێشەوا و یادی لەدایکبوونی بکەینە دەرفەتێک بۆ باشترناسینی بیر و هزری رێبەرێک کە تەمەنی کەم بوو، بەڵام پڕ بوو لە دەسکەوت و ئەزموونی بە نرخ کە پێویست دەکا رێبەرانی دوای خۆی لێی فێر بن. با یادی ١١٦ ساڵەی لە دایک بوونی پێشەوا بکەین بە بۆنەیەکی نەتەوەیی بۆ ئەوەی لاوان و نەسلی نوێی نەتەوەکەمان لەگەڵ بیر و ئەندیشە و تایبەتمەندی‌یەکانی کەسایەتیی پێشەوا ئاشنا بن و دەرسی لێ وەربگرن.

لە ژمارە ٦٧٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٦

# قازی محەممەد، قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما



عومەر باڵەکی

یازدەی بانەمەڕی هەر ساڵێک بۆ کورد بیرخەرەوەی ڕۆژی لە دایک بوونی پێشەوا قازی محەممەدە، بیرمەندێک و ڕێبەرێک کە بە سەرۆکایەتیی جووڵانەوەیەکی سیاسی، نوقتە گۆڕانێکی ئەوتۆی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا پێک هێنا کە دوای تێپەڕ بوونی ٧٢ساڵ، نەمانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی زاڵ بە سەر کوردستاندا و، تەنانەت ئاڵوگۆڕ لە سیستمی دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەدا، ئیستاش بیر و فکر و ئەندێشەی پێشەوا بە ڕوخساری جووڵانەوەی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دەبینرێ و لە ئاڵا و سروودی نیشتمانی و ناوی پێشمەرگە و... دا خۆێ دەردەخا.

قازی محەممەد کوری قازی عەلی کوڕی میرزا قاسمی قازییە. قازی محەممەد بە پێی هەموو سەرچاوە بەردەستەکان خوێندنی سەرەتایی لای قازی عەلیی باوکی خوێندووە و ماوەیەکیش بۆ خوێندن چۆتە خانەقای شەرەفکەند (خانقای شێخی بورهان) و، ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و سەرف و نەحوی عەرەبیی لای باوکی و زاناکانی دیکەی ناوچە خویندووە. قازی محەممەد لە تەمەنی منداڵییەوە خولیای فێربوون بووە، هەر بۆیە لەهەر جیگایە و لای هەر کەسێک هەستی کردبێ کە دەتوانی شتێک فێر بێ و بە زانستی زیاد بکا، لە چوون بۆ ئەو شوێنە یا لای ئەو کەسە درێغی نەکردووە؛ بۆیەش بێجگە لە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی کە لە ناوچەکەدا باو بوون، ئاشنا بە زمانەکانی عەرەبی، ڕووسی، ئینگلیسی و فەرانسەویش بووە.

باسکردن و لێکدانەوە لە سەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوارە و سەختە، چونکە پێویستە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پێشەوا بکرێتە بابەتی توێژینەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی توێژەر و کەسانی ئاکادمیک، بەڵام لە بەرەبەری ١١ی

بـانەمەر، ڕۆژی لە دایکبـوونی پێشـەوا بـۆ ڕێزگـرتن لەو ڕۆژە؛ لـە زنجیـرە نووسـینێکدا، لـە ڕوانـگەی کۆمەڵێـک نوسـەر و کەسایەتیی سیاسی کە لە سەر کەسایەتی پێشەوا وتار و بابەتیان نووسیووە، لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەیـن. ڕەنگە ئەو کورتە باسە بە هیچ جور لە ئاستی کەسایەتیی بەرزی پێشـەوادا نەبـێ، بەڵام دەتـوانی ڕێـز و وەفـایەک بـێ بـۆ ڕێبەر و پێشەوای هەردەم زیندوو.

* خەلیل فەتـاحی قـازی لە کتێبی (تـاریخچەی خـانوادەی قـاضی در مهابـاد) لەبـارەی هـۆگریی پێشـەوا بە فیـر وون و خوێندنەوە ئـاوا دەنووسی: «...لە کەمترین هەل کەلکی وەردەگرت بۆ فێر بـوونی زانست و زانین، هەموو کات کتیب یـا گۆڤارێک یا ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە بوو، زۆربەی کاتەکان کە بە شەقام یـا کۆڵانێکدا بە پیـادە تێپەر دەبوو، خەریکی خویندنەوەی ڕۆژنامە یا گۆڤارێک دەبوو؛ واتـا بە دەم ڕۆیشتنەوە بابەتەکانی دەخوێندەوە.»

هەر ئەو هـۆگرییە بە عـیلم و زانست ئەو بـاوەڕەی لای پێشـەوا دروست کردبـوو کە نەتەوەکـان تەنیـا لە ڕێگـای عـیلم و زانستەوە دەتـوانن پێش بکەون و بە سـەر کۆسپەکاندا زاڵ بـن. بـۆیە پێشـەوا زۆری پشتیوانی لەو خوێنـدکارانە دەکرد کە خەریکی خویندنی زانستەکانی ئەو سەردەم بوون و هەر ئەوە وای کردبوو لەلای خوێندکارانی دینی کە ئەو سەردەم خوێنـدنی دینی باو بوو، پێشەوا زۆر خۆشەویست و جێگای حورمەت بێ و وەک سەرپەرستی خۆیان هەڵیبژێرن.

ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە وتارێکدا لەژێر سەردێری «لە سەر ژیـانی پێشـەوا» لە ڕۆژنـامەی کوردستان، ژمـارە ١٥، خاکەلێوەی ١٣٥١دا باس لە هۆگریی پێشەوا بە فێربوونی زانست و عیلمی سەردەم دەکـا: «...هێشـتا مێـر منـداڵ بـوو کە لە زانستی زەمـانی خۆیـدا بە ماموستا دەناسرا. پـاش ئیجـازە وەرگـرتن بەرگـی مەلایـانەی لە بەر نەکرد، لە گۆشـەی حوجرە دانەنێشت و چالاکـانە خەریکـی کـاری کۆمەڵایەتی بـوو . بـێ ئەوەی مووچە وەربگـرێ، نـوێنەرایەتیی فەرهەنگی مەهابـادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتـابخانەی نوێی ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەودا دروست کرا کە خۆی بە سـەری ڕادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بنـاغەی یەکەمی نەخۆشخانەی مەهابـادیش بە دەستی ئەو داڕێـژرا و لە ژێـر چـاوەدێریی ئەودا کەوتە کار...»

ماموستا حەسەنزادە لە درێژەی بابەتەکەدا دەنووسێ: «...ڕەنگە هەوەڵ زانـای ئـایینی مەهابـاد، بەڵکوو کوردستان بـێ کە بێ ئەوەی گوێ بداتە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنە پەرستان لە گەڵ فەرەنگیـان و غەیرەدینـان هەسـتاوە و دانیشـتووە و هاتوچۆی کردوون و فێـری زمـان و ڕێوشوێنی ڕۆژئـاوایی بـووە... زۆر بە موتـالا وخوێنـدنەوە خەرێـک بـوو، لە کتێبخـانەکەی کونترین و تازەترین کتێب بەزمانەکانی جۆربەجۆر وەگیر دەکەوت. لە تەواوی ژیانیدا جگە لە کتێب هیچ دیارییەکی لە

کەس نەگێڕاوەتەوە.»

* سەعید هومایوون لە کتێبی بیرەوەرییەکانی لەژێر ناوی «پێشەوای ڕابوون»دا لەبارەی هۆگریی پێشەوا بە فێربوون و ئاگاداری لە ڕووداوەکانی ناوچە و جیهان ئاوا باس دەکا: «قازی محەممەد بۆ ئاگاداری و تێگەیشتن لە وەزعی ڕۆژانەی جیهان و نێوخۆی وڵات زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی وەک: ڕۆژنامەکانی «شفق سرخ»، «اطلاعات» و گۆڤاری «پیمان»ی ئەحمەد کەسرەوی و گۆڤاری کوردیی «گەلاوێژ» کە ماموستا عەلائەددین سەججادی لە بەغدا دەری دەکرد ، پەیدای دەکرد و دەیخوێندنەوە.» لە سەرەتای سیستمی نوێی خوێندن و دامەزرانی قوتابخانەکاندا سەرپەرەستیی ئیدارەی فەرهەنگ لە ئەستۆی ئەبولحەسەن سەیفولقوزات بوو، بەڵام دوای ماوەیەک بەرپرسایەتییەکەی درا بە قازی محەممەد. لەو ماوەی کە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ بوو کاری زۆری بۆ کرد و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا یەکەم قوتابخانەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە. بەڵام دوای ماوەیەک بە هۆی کاری قەزاوت و پێڕاگەیشتن بە کاری خەڵک و عەشیرەتەکان و... وازی لە کاری ئیداری هێنا کە ئەوە هاوکاتە لەگەڵ سەپاندنی قانوونی «متحدالشکل کردن لیباس» بە دەستووری ڕەزا شا. خەلیل فەتاحی قازی دەنووسێ: «دەبێ ئیشارە بەوە بکەم چونکە ئەو سەردەم بوون لە کاری دەوڵەتی پێویستی بە پۆشینی جلوبەرگی هاوڕەنگ هەبوو و قازی محەممەدیش کە ئامادە نەبوو واز لە پۆشینی جلوبەرگی مەلایەتی و کاری قەزاوەت بێنێ، دەستی لە کاری دەوڵەتێ کێشایەوە.»

* لە کتێبی پێشەوای ڕابوون، «بیرەوەریەکانی سەعید هومایوون»، وەرگێرانی ڕەسولی سوڵتانیدا بەوشێوەیە باس لە دژایەتیی پێشەوا لەگەڵ هاوشکڵکردنی جلوبەرگ دەکا: «بوێریی قازی محەممەد وێردی سەر زمانی خەڵک بوو. قەت سەری بۆ ملهوڕان و نێردراوانی دەوڵەت دانەدەنواند. لەکاتی حکوومەتی ڕەزاشادا ئەو دەمەی سەید مەهدی فەڕوخ، ئوستانداری ئازربایجان بۆ سەراسوێی و تاوتوێکردنی بارودۆخی ناوچەکە هاتە مەهاباد؛ گەورە پیاوان و سەرۆکی ئیدارەکان پێشوازییان لێ کرد. ئەویش بۆ خۆنواندن و چاوترسێنکردنی خەڵک و مەئموورەکانی، ڕوو دەکاتە قازی محەممەد و دەڵێ: بۆچی جلوبەرگی یونیفۆرمت لە بەر نەکردووە؟ قازی بەو پەری بوێرییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: ئەمن قازی شار و ناوچەم و حەقی دادوەریی شەرعیم هەیە و ئازادم لە پۆشینی جلوبەرگی مەلایەتی. دوای ئەو قسەیە قازی هەڵدەستی و بەجێیان دەهێڵێ و دەچێتەوە ماڵێ. هەر چی فەرماندار و بەرپرسی ئیدارەکان تکای لێ دەکەن حازر نابێ بچێتەوە لای پارێزگار.»

* دوکتور قاسملوو لە چل ساڵ خەباتدا لەبارەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: «ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لە گەلی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس

وەربگرن. هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو بەڵام پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بووکە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لەنێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا... لەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایەبەرز بوو لە نێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەواردا دەژیا، بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نیزیک بوو، لە دەرد وئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێ گەیشتبوو و لە هێنانە گۆڕێ و دەرخستنی ئەو دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بە خۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا خەڵک نازناوی پێشەوای پێدابوو... پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕووا بوو.»

* ئارچیبالد ڕۆزوێڵت لە کتێبی «شوق آموختن» (وەرگێڕانی قادر وریا)، لەو بەشەی باسی کوردستانی ئێران دەکا، بەو شێوەیە باسی پێشەوا دەکا: «...بە گشتی خەڵک لە قازی ڕازی بوون و دەیانگوت کە پێکهاتنی دەوڵەتەکەی ئەو لە دوای قوناغی ڕەزاشا، سەرکەوتنێکی گەورە بووە و تەنیا نیگەرانی ئەوە بوون کە دەوڵەتەکە نەمێنێ... ئەوان مەمنوونی شووڕەوی بوون کە ئیمکانی سەربەخۆیی بۆپێک هێناون، بەڵام لە سەر دەخاڵەت نەکردنی شوورەوی لە کاروباری وڵاتەکەیاندا و هاتوچۆنەکردنی مەئموورانی شوورەوی بۆ سەر شارەکەیان پێیان دادەگرت...»

وەک باس کرا پێشەوا هۆگرییەکی زۆری بۆ خوێندن و زانست هەبوو و هەمووکات پێی وابوو کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری بەهۆی خوێندنی عیلم و زانستە و ئەو بۆچوونەی خۆی لە وتووێژ لە گەڵ ئارچیبالد ڕۆزوێڵت لەبارەی سیاسەتی ئەمریکادا بەمجۆرە دێنێتە بەرباس: «... ئەگەر ئەمریکا لە جیاتی ناردنی سێ هەزار سەرباز بۆ ئێران، تەنیا سەد مامۆستا (معلم)ی ناردبایە لەو وڵاتە چ دەقەوما؟ بەڵام ئەمریکاییەکان لە جیاتی یارمەتیدانی ئێمە، یارمەتیی دوژمنانی ئێمە، بۆ وێنە توورکەکانیان دا و ئەویش لە ڕێگەی ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ سەرکوتکردنی ئێمە.»

* ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتارێکی دیکەدا کە لە ڕۆژنامەی کوردستان لەژێر ناوی «با لە قازی محەممەدەوە فێر بین» بڵاو بۆتەوە؛ ئاوا دەنووسێ: «...پێشەوا سیاسەتمەدارێکی واقیعبین بوو. هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی ڕاستی دانەدەنا و لە بارەی توانا و ئیمکاناتی خەباتگێڕیی خەڵک بە هەڵەدا نەدەچوو. ئەو دروشم و سیاسەتانەی بۆ کۆماری کوردستان هەڵی بژاردبوون کە دروشمی ستراتیژیکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ نیشانەی ئەو واقیعبینیەن...»

ئەوانەی قازی محەممەدیان لە نزیکەوە دیوە چ کوردستانی و چ غیرە کورد هەموویان لە سەر ئەوە کۆکن کە پێشەوا وتاربێژێکی بە توانا بووە و وتارەکانی لە ڕستەی کورت کورتدا دەکرد و بە هەڵوێستەیەکی کورت ئیدامەی دەدا. لەو

بارەوە هەموو کات پێشەوا لە دوای وتاردانیدا لە نیزیکانی خۆی دەپرسی کە وتارەکەی چۆن بووە. لەو بارەوە خەلیل فتاحی قازی لە کتێبی «مێژووی بنەماڵەی قازی»دا بیرەوەرییەک دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «قازی محەممەد نیازی هەبوو بۆ چەند رۆژێک شار بەجێ بهێڵێ بە مەبەستی بەشداریکردن لە زماوەندی رەحیم ئاغا، کوڕی سەیفولقوزات لە ئاوایی گوێگجەلی. بۆیە بۆ ئارامیی شار لە دوای خۆی لە بەردەرگای شارەوانی قسەی بۆ خەڵک کرد و خەڵکی هان دا بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شار و، تەشویقی کردن بە یەکیەتی و برایەتی. دوای قسەکانی پێشەوا خەڵک بە چەپڵەلیدان و «بژی قازی محەممەد» کۆتاییان بە کۆبوونەوەکە هێنا و دوای ئەوە پێشەوا بە هاوڕێیەتیی میرزا مەناف کەریمی و میرزا عەلی رەیحانی و چەند کەسی دیکە بەرەو گوندی گوێگجەلی مەهابادیان جێ هیشت. لە رێگادا قازی محەممەد لە میرزا مەناف کریمی کە لە نزیکی بوو، پرسی: نەزەرت لە سەر وتارەکە چ بوو؟ میرزا مەناف دەستی کرد بە پێداهەڵگووتن بە قازی محەممەد کە کەس ناتوانی وەک ئەو رەوانبێژ بێ. لە دواییدا رووی لە من کرد کە لە پشتی ماشینەکە دانیشتبووم گوتی فلانی ئەدی لە سەر ئەو بابەتە نەزەری ئیوە چیە؟ گوتم ئەگەر ئیزنم بدەی بێ پێداهەڵگوتن نەزەری خۆم دەردەبرم. فەرمووی بیڵێ. گوتم جەنابی پێشەوا وشەکان زۆر دووپات دەکەیەوە و بێ پەردە و زۆر بە زمانی عامیانە قسە دەکەی. پێشەوا فەرمووی سەبارەت بە ئیرادی یەکەم هەوڵ دەدەم لە قسەکردندا دووپاتکردنەوەم زۆر کەم بکەمەوە و بەڵام سەبارەت بە ئیرادی دووهەمت، من لە قسەکردن بۆ خەڵک مەبەستم ئەوەیە کە هەموو چین و توێژەکانی بەشدار لە کۆبوونەوە لە قسەکانم تێبگەن. بەڵام هەوڵ دەدەم لە قسەکردنەکانی دواییدا نەزەراتەکەت وەبەر چاو بگرم.»

* رەحمان قازی لە کتێبی «رۆژگاری ونبوو»دا دەڵێ: «قازی محەممەد لە لای مامۆستا عبدولرەحمان گیو و میسدال خانم فێری زمانی ئینگلیزی و، لای کەسێکی دی بە ناوی میرزا سمایل فێری زمانی رووسی بووە. هەر کات زانیبای کەسێک وشەیەک رووسی یا ئینگلیزی یا ئەلمانی دەزانێ هیچ سڵی نەدەکرد و یەکسەر دەچوو بۆ لای و داوای دەکرد فێری بکا. کتێبی وشەناسیی هەر سێ زمانی پەیدا کردبوو و بەردەوام دەیخوێندنەوە. هەر وەها ئەوکات کە رووسەکان لە ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٧ دەسەڵاتیان بەسەر مەهابادا هەبوو، قازی محەممەد هەوڵی دا زمانی رووسی فێر ببێ و بەم شێوەیە قازی لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا توانی جیا لە زمانی زگماکیی خۆی، زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی و رووسی و تورکی فێر ببێ.

پێشەوا بێجگە لەو تایبەتمەندییانە کە لە سەرەوە باسمان کردن کەسێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاو بە خەڵک بووە و هەموو کات ویستوویەتی کۆمەڵگەی کوردەواری لە قافڵەی پێشکەوتن بە جێ نەمێنێ و بە کردار و بە گوفتار ئەو هەوڵەی داوە. لە کتێبی «پێشەوای راپوون»، بیرەوەرییەکانی سەعید هومایووندا هاتووە: «هەر پێشهاتێک لە ساڵەکانی ١٣٠٠ - ١٣٢٠ی هەتاویدا لە مەهاباد و موکریاندا رووی دابا، قازی محەممەد و ئەبوولقاسم سەدر قازیی برای، دەبوونە دەمراستی خەڵک و تەواوی کاروباری کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و ئیداری بە رێنوێنی و ئاگاداریی ئەوان جێبەجێ دەکرا. ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی

کە بۆ یەکەم جار کۆمەڵەی شێروخورشیدی سوور لە مەهاباد دامەزرا قازی محەممەد پارچە زەوییەکی پێشکەش کردن کە دواتر نەخۆشخانەیەکی لێ سازکرا... قازی محەممەد بە ویستی خۆی لە سەرەتای دامەزرانی کۆمەڵەی شێروخۆرشیدی سوورەوە هەتا سالی ١٣٢١ی هەتاوی سەرۆکایەتیی ئەو کۆمەڵەیەی وەئەستۆ گرت و وێڕای کاروبارەکانی دیکەی ئەو خزمەتە ئینسانییەی بە جێ دەگەیاند.»

* نەجەفقولی پسیان، هەواڵنێری ئەو کاتی ڕۆژنامەی «ئیتلاعات» کە لەو کاتدا لە نیزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی کوردستان بووە، لە کتێبی «لە مەهابادی خوێناوییەوە هەتا لێوارەکانی ئەرەس» لەبارەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: «قازی محەممەد لە کاتی دەسەڵاتدارەتیی خۆی لە مەهاباد بە شێوەیەکی تایبەت هەڵسوکەوتی دەکرد. بەوجۆرە ئیزنی نەدا لە شار قەتل و تاڵان و برۆ ڕوو بدا و ماڵی خەڵک بە تاڵان بچێ. لە دەورەی دوو ساڵ کە قازی محەممەد فەرمانڕەوا بوو تەنیا یەک کەس لە خەڵکی شار کوژرا، هەر بۆیە خەڵک هۆگرییەکی تایبەتیان بە قازی محەممەد پەیدا کردبوو.»

* حەمیدڕەزا جەلالی‌پور لە کتێبی «قازی محەممەد لە نیوان ساڵەکانی ١٣٢٠ - ١٣٢٤» دا لەبارەی پێشەوا ئاوا دەنووسێ: «...لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە قازی محەممەد بە عینوانی ماموستایەکی ئایینی کە باوکی قازی شار بوو، قۆڵی هیمەتی بۆ بەڕێوەبەری و چارەسەری کێشەکانی خەڵکی شار هەڵماڵێ. ئەو لەو کاتەدا هێندێک لە خەڵکی شاری ئامادە کرد و بە داردەست و چەکی جۆراوجۆر چەکداری کردن هەتا لە بەرامبەر دزی و تاڵان و برۆ و دەستدرێژیدا پارێزگاری لە شار بکەن. ناوبراو هەروەها مەسەلەی خواردەمەنیی خەڵکی لەگەڵ کارمەندانی خۆجێی چارەسەر دەکرد و بە کردنەوەی مەحکەمەیەک و بەڕێوەبردنی ئەو مەحکەمەیە لەلایەن خۆیەوە چارەسەری کێشەکانی خەڵک دەکرد. هەر بەو کار و کردەوانە بوو کە قازی محەممەد جێی خۆی لە دلی خەڵکدا کردبۆوە و لەلایەن ئەو خەڵکەوە نازناوی «پێشەوا»ی پێ بەخشرا.»

- سەبارەت بە دڵسۆزیی پێشەوا بۆ خوێندنی منداڵانی مەهاباد و هەبوونی خویندنگا لەو شارەدا مەناف کەریمی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەڵێ: «لە بیرمە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی دیکتاتۆریی ڕەزاشا و داخرانی قوتابخانەکان، بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان قازی محەممەد زۆری زەحمەت کیشا. لەگەڵ چەند مامۆستایەک سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەکان قسەی کرد و فەرمووی ئێوە دەرگای قوتابخانەکان بکەنەوە و بە منداڵانی ئەو نەتەوە بێبەشە وانە بڵێن، ئەگەر بە فرۆشتنی ئەم بەڕەیە (دەستی لە سەر ئەو بەڕە دانا کە لە سەری دانیشتبوو) بێت ناهێڵم ئێوە بێ مووچە بن.»

زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە کاری دادوەری و قەزاوەت بۆ بنەماڵەی قازی محەممەد سەرچاوەی داهات نەبووە،

بەڵکوو کاری دادوەرییان تەنیا بۆ ڕاپەراندنی کاری خەڵک و پاداشی ئاخرەت کردووە و بژیوی ژیانیان لە ڕێگای داهاتی ئەو گوندانەوە کە لە ناوچەی بۆکان هەیانبوو، دابین دەکرد.

* ویلیام ئیگلتون جونیر لە کتێبی «جمهوریی کوردستان» لەبارەی کەسایەتیی پێشەوا و سووربوونی لە سەر بریار بەو جۆرە دەدەوێ:

«بە پێچەوانەی هێندێک قازی، هەر کاتێک قازی محەممەد لە سەر مەسەلەیەک دوای لێکۆڵینەوەی ورد و پێویست بڕیاری دەدا، ئەو بڕیارە کۆتایی بوو و ئیمکانی نەبوو ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێ.» ناوبراو لە درێژەی بابەتەکەیدا دەنووسێ: «ڕوخساری بەشێوەیەک بوو هەر کەس ئەوی دیتبایە مەجبوور دەبوو لە بەرامبەریدا ڕێز بنوێنێ... قازی وتاربێژ وسوخەنڕانێکی بەتوانا بوو، لە قسەکردندا عادەت و خووی وابوو ڕستەی کورت بە کار بێنێ و ئەو ڕستە کورتانە هێزێکی سەیریان تێدا بوو کە کاریان لە بیسەر دەکرد، لە نێوان هەر سێ چوار وشەدا هەڵوێستەیەکی دەکرد...»

* حوسێن فردوست کە دۆستی نزیکی شا بوو و لە منداڵییەوە هاوڕێ و هاوپۆلیی بوو، لە کتێبی بیرەوەریی خۆیدا بە ناوی (ظهور و سقوط پهلوی) بەو شێوەیە باس لە خۆشەویستیی پێشەوا و پێگەی دێموکرات دەکا لە نێو خەڵکی کوردستاندا:
«...دوای ئەوە کە تەورێز و مەهاباد لەلایەن ئەرتەشی پاشایەتی گیرانەوە و هەر دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان ڕووخان، بە شا گوترابوو کە بە هۆی ئێعدامی قازی محەممەد خەڵکی مەهاباد پێشوازیت لێ ناکەن. هەر بۆیە محەممەدڕەزا ڕۆژێک بە منی گوت سواری ماشێن بە و بێ ئیسکۆرت و پارێزەر بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتین و بە چەندین کیلومیترمان بڕی هەتا گەیشتینە مەهاباد. هەر دووکمان جلی نیزامیمان لەبەر بوو، لە نێو شار لە ماشێنەکە دابەزین و بە پێی پیادە شەقام و کۆڵانەکانی شارمان پێوا. هیچ کەس بە دەرەوە نەبوو، کەس پێشوازیی لێ نەکردین و تەنانەت فەرمانداریش نەهات بۆ پێشوازیمان. بەڵام خەڵک لە پشتی پەنجەرەوە تەماشایان دەکردین. خۆمان گەیاندە پادگان، هەموو سەربازەکان لە حاڵی پشووداندا بوون و بێجگە لە ئەفسەرێک هیچ کەس ئیمەی نەناسییەوە، بەڵام ئەو ئەفسەرە محەممەدڕەزای ناسییەوە و ئیحترامی نیزامیی دانا و دەستووری دا ئەفراد بۆ سان دیتن ئامادە بن؛ بەڵام محەممەدڕەزا ئیزنی نەدا و گوتی پێویست نیە.... کاتێک دەمانهەویست بگەڕێینەوە لە مەیدانێکی بچووک و چۆڵدا دیتمان دارێک چەقێندراوە. محەممەدڕەزا بەمنی گوت ئەگەر هاتین ئێرە هیچ دارێکی لێ نەبوو و ئەو دارە لە ماوە کورتەدا چەقێندەراوە. ئێرە ئەو شوێنەیە کە قازی محەممەدی لێ ئیعدام کراوە. دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەرکەوت لەو ماوە کورتەدا چەند مەهابادی ئەو کارەیان کردووە. ئەوە وەزعی پێشوازیی خەڵکی مەهاباد بوو لە شا و جیاوازیی هەبوو لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی تەورێز کە لە شایان کرد.»

* ئـارچی ڕوزڤێلت لە میـدل ئیست جورنـال ١٩٤٧ ئـاوا لە سـەر کەسـایەتیی قـازی محەممەد دەنووسیٚ: «قـازی محەممەد پیاوێکی زۆر بە دین و سادە و بیٚ فیز و دەعی بوو، نە جگەرەی دەکێشا و نە مەشڕووبی دەخواردەوە. وێنەکەی خۆی کە لە پشت میزی کـارکردنەکەی و بە دیوارەکەوە لە سـەرووی نەخشـەی جوغرافیـایی دنیـا هەڵواسرابوو، ڕەنگدانەوەی دەقـاودەقی خۆی بوو، لەم وێنەیەدا پیاوێکی لاوازی ڕەنگ زەردی سیمای زاهیدانەی قژ کورتی ڕیش کۆرپە دەبینـریٚ کە شتێکی تێـدایە کە کار زۆر لە بینەر دەکا، ئەویش پڕشنگی نیگایەتی. بەڵام لە پاڵ ئەم تایبەتمەندییانەوە، پیاوێکی ئاقڵ و بە فیکر و میانەڕەو بوو.»

* عەبدوڵلا ئەحمەد ڕەسول پشدەری لە کتێبی «یادادشتەکانم لە کۆماری کوردستان»دا لەسەر پیشەوا ئاوا دەڵیٚ: « قـازی محەمـەد» پـلەی خوێنـدەواریی زۆر بـاش بـوو. لە قوتابخـانەی ئـایینی و شـەرع خوێنـدبووی و جگە لەوەش زۆر خـۆی بە خوێنـدنەوەی کتێبە سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکـانەوە خەریـک کردبـوو. زمـانی فەرەنسیی دەزانـی و تـا ڕادەیەکیش دەیتوانی بە زمانی ڕووسی قسە بکا. زمانی تـورکی و فارسیی لە کـوردی باشتر دەزانـی و بە زمـانی عەرەبیش جـوان قسـەی دەکرد. مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو. ڕزگاری کوردستانی بەلاوە گەورەترین ئـاوات بوو. زۆر خۆبەکەمگر و خاکەڕایی بـوو. ئەو کاتەی بە سەرۆککۆماریی کوردستان هەڵبژێرا هیچ گۆڕانێکی بە سـەردا نەهـات و هەمیشـە خـۆی بە خزمەتکـاری میللەت نـاو دەبرد و دژی «کەشخە و فەخ فەخە» بوو. زۆر هێواش و هێمن بوو. نەیدەزانی توورەیی چیە و زۆر جـار سـەری لە فەقیـر و هەژاران دەدا و دەردی لێقەومـاوان و هەژارانـی تیمـار دەکـرد. زۆر جـار لە کیسـەی خـۆی پـارەی دەبەخشـی. لە خوێنـدنەوەی وتـاردا زۆر بلـیمەت بـوو، دڵـی گـوێگرانی بە تەواوی بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـا. زۆر دژی زوڵـم و زۆرداری بـوو. هەمیشـە ئامۆژگاریی سەرۆک عەشیرەتەکانی دەکرد کە واز لە چەوساندنەوەی جوتیارەکان بهێنن تـاکوو ئەوانیش ئـازاد و سەربەست بـۆ خۆیان لە کوردستاندا بژین.»

* کریس کۆچێرا لە کتێبی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا لە زمـانی ڕەحیم قـازییەوە لەبـارەی بـواری فیکریـی پێشـەوادا ئاوا دەنووسیٚ: «لە بـواری فیکرییەوە قـازی محەممەد نە مارکسی بـوو، نە سۆسیالیست و نە لیبرالی بـوو. قـازی محەممەد ڕێبـەری وشـیاری بزاڤێکـی ڕزگـاریخوازیی نەتەوەیـی و ڕێبەری نەتەوەیـی بە هـۆش و گـۆش بـوو.» کـریس کـوچێرا هەر لەو کتێبەیـدا دەڵـیٚ: «...کتێبخـانەیەکی هەبـوو کە پـڕ بـوو لە کتێبـی مێژوویـی و ئەدەبـی بە زمـانە جۆراوجۆرەکـان. هەر وەهـا مێـژووی سـەلاحەدینی بە شـانۆ نوسیبوو و شـانۆی دایکـی نیشـتمان کە بـاس لە بەسـەرهاتی نەتەوەی کـورد دوای بەسـتنی پەیماننامەی سەعدئاباد - لەنێوان ئێران و عێراق و تورکیە لە ساڵی ١٩٣٧ - دا دەکـا و ئەو شـانۆیانە لە مەهابـاد پیشـان دران.

* ژەنەراڵ حەسەن ئەرفەع لە کتێبی کوردەکاندا بە ئاماژە بە کۆبوونەوەیەکی خۆی لەگەڵ قازی محەممەد بەو شێوەیە باس لە کەسایەتی و چاونەترسیی پێشەوا دەکا: «...هەر چەند سەدر و سەیفی قازی حزووریان لەو دانیشتنەدا هەبوو، بەڵام وەک قازی محەممەد بەڕاشکاوانە و بێ پێچوپەنا مەسەلەکانیان باس نەدەکرد. قازی محەممەد کە ڕاشکاوانەتر لەم دووانە قسەی دەکرد، لە سەرەتادا گلەیی لە گیروگرفتەکانی پێشوو کرد و پاشان لە گەندەڵی و ناکارامەیی دەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچە کوردنشینەکان دوا و لەم بارەیەوە ڕەخنەی لەوە گرت کە حوکمەت بۆچی لە کوردەکان بۆ کاری دەزگاکانی بەڕێوەبەریی ئەو ناوچانە کەڵک وەرناگرێ...» حەسەن ئەرفەع دەڵێ ئەمن لە وەڵامدا باسی لوتفی شا و یەکیەتیی ئێرانییەکانم بۆ قازی محەممەد باس کرد کە دەبێتە پاڵپشتی ئەوە کە ئێران بۆ هەمووان بێ؛ بەڵام هەستم کرد کە قازی محەممەد کەسێک نیە بەو بایانە بلەرزێ و بێگومان لە داهاتوودا گیروگرفتمان بۆ پێکدێنێ. حەسەن ئەرفەع درێژەی دەدا و دەڵێ: «بە دوای ئەوەدا ئەمن پشتی ژەنەراڵ هوشمەند ئەفشارم گرت و هێرشی توندم کردە سەر سەربزێوییەکانی کورد. قازی محەممەد تووڕە بوو و بە منی گوت: ئەتۆ کۆنەپەرەستی.»

* درک کینان لە کتێبی «کردها و کردستان» دا ئاوا لە کەسایەتیی پێشەوا دەدوێ: «ئەو کەسانەی کە هەلیان بۆ هەڵکەوتبوو لەگەڵ قازی محەممەد دیداریان هەبێ، بێ ئیختیار کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی پێشەوا و زۆر بە ئاسانی بۆیان دەرکەوتووە کە بۆچی بۆ میلیۆنان کەس بۆتە ڕەمز. قازی محەممەد پیاوێکی کورتە باڵا بوو - لەڕاستیدا مام ناوەند بووە - پاڵتۆیەکی نیزامیی لەبەردا بوو، نە سیگاری دەکێشا و نە ئارەقی دەخواردەوە، زۆر کەم خۆراک بوو. دەنگی نەرم و خۆشئاهەنگ بوو، حەرەکات و جووڵەی ئارام و لەسەرەخۆ بوو. جۆرێک ئینترناسیوناڵ بوو، ڕێز و حورمەتی بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان هەبوو و خۆشی دەویستن. چەند زمانی بیانیی دەزانی وەک ڕوسی، کەمێک ئینگلیسی و ئیسپرانتۆ. میزی کارەکەی پڕ بوون لە کتێبی ڕێزمانی زمانە بیانییەکان و ئەدەبیاتی بێگانە.››

* جەعفەر عەلی لە کتێبی «ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی» دا دەنووسێ: «قازی محەممەد بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان کەسایەتییەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی، دینی، ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەری بەهێزی کورد بوو... بە بڕوای من دەرکەوتنی قازی لە ڕووی سیاسی و بەشداریی چالاکانەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کورددا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی و بەتایبەت دوای بوونە ئەندام لە کۆمەڵەی «ژێکاف»دا. وەک بۆرزویی باس دەکا؛ ڕۆڵی قازی محەممەد لە بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی سیاسی لێ کەوتەوە، زۆر لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی «ژێکاف» زیاترە؛ بۆ نموونە: قازی محەممەد هەوڵی داوە بۆ بە دەستهێنانی پشتیوانیی یەکێک لە دوو هێزە گەورەکانی سۆڤیەت و ئینگلیس. هەروەها هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزەکانی عەشیرەتی و تیرە و تایەفە جیاوازەکان و، هەروەها بە سیاسی لەقەڵەمدانی هێندێک بێزاری و نارەزایەتیی خەڵک لە دەوڵەتی ناوەندیی ئێران.»

سەرچاوە
Serchawe

* گۆڤاری هەلاڵە ژمارە ٢، ساڵی ١٣٢٥ لە وتارێکدا بەم شێوەیە باسی پێشەوا دەکا: «هەر لە منداڵییەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و و دڵێکی بەهێز بووە و نیشانەی گەورەیی و ئازا و ڕەشیدی و لەخۆبوردوویی تێدا دیاری داوە. ئاکارێکی جوانی هەیە و دەگەڵ هەموو تەبەقەیەک تێکەڵی دەکا و بە تایبەتی نیشتمانپەروەری لەگەڵ ڕەگ و خوێنی تێکەڵە. زۆری عەلاقە بە تەڕەقی و عیلم و زانست هەیە، لە بەر ئەوە لە تافی جەوانیدا چەند ساڵ بۆخۆی ڕیاسەتی فەرهەنگی سابلاغی وەعۆدە گرت و دەرسی نیشتمانپەروەری و میللەتی بە تەواوی فێری نەسلی تازە کرد...»

* کەسایەتیی پێشەوا و پێگەی کۆماری کوردستان وای لە دەسەلاتدارانی ئێران کردبوو کە کاتێک پێشەوا لە سەر بانگهێشتنی سەرۆکوەزیران، قەواموسەڵتەنە دەچێتە تاران، وەک سەرۆکی وڵاتێک لە فرۆکەخانەی تاران پێشوازیی لێ دەکرێ. حەوتوونامەی «کوهستان» لە ژمارە٦٢ی خۆیدا ئاوای بڵاو کردووەتەوە: «تەیارەی ئاغای قازی محەممەد لە نێوان پێشوازیی گەرمی خەڵکێکی زۆری تاران کە لە فڕۆکەخانەی میهرئاباد کۆ ببوونەوە، لە مەیدانی تەیارەخانە لە سەر زەوی نیشت. پێشوازیی ڕێبەرانی کوردی دانیشتووی تاران لەگەڵ دەربرینی هەستی شادمانیی خەڵک هەنگاو بە هەنگاو ئەو میوانە خۆشەویستەیان بەڕێ دەکرد. ئاغای قازی محەممەد هەتا ئەوکاتە لە تارانن میوانی دەوڵەتن و لە ویلای ژمارە پێنجی میوانخانەی دەربەند نیشتەجێن. یەکەم دیداریان لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت لە فەزایەکی دۆستانەدا بەڕێوەچوو. وتووێژی ئەساسی و بنەڕەتی لەم حەوتوویەدا دەست پێدەکا و ئومێد هەیە بەو نیازپاکییە کە لایەنەکان هەیانە مەسەلەی کوردستان بە شێوەیەکی باش و گونجاو چارەسەر بکرێ.» نموونەیەکی دیکە لە داننان بە کەسایەتیی بەرزی پێشەوا لەلایەن کاربەدەستانی تارانەوە لە حەوتوونامەی کوهستان ژمارە ٧٢ ساڵی ١٣٢٥دا بەرچاو دەکەوێ کە باس لە تلگرافێک دەکا قەواموسەڵتەنە بۆ پێشەوای ناردووە.

دەقی تێلێگرافەکە بەمجۆرەیە: «ئاغای قازی محەممەد! بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری من کە دەبێ هەڵبژاردن بە ئامادەبوونی هێزی ئەمنی کە لە ناوەندەوە دەنێردرێ بەڕێوە بچێ و پێویستە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بە هاوکاریی دۆستانە و ڕەزامەندی تەواوی ئێوە بەڕێوە بچێ؛ هەر بۆیە لە خۆی، شاپوور، ڕەزائیە و مەهاباد کە ناوچەی کوردنشینن، پێویستە دیاری بکرێ کە بە چ شێوەیەک ئێوە هاوکاریی هێزە ئەمنیەتییەکان دەکەن. هەتا لەو پێوەندییەدا فەرمانی دیار و ڕوون دەربچێ. بە هاوکاریی دۆستانە و هۆگرییەکی تایبەت کە لەو ماوەیەدا لە شەخسی تۆم دیوە و هەستم پێ کردووە، لەو بەشەدا کە بابەتی کوردانی تێدایە چاوەڕوانیم هەیە ڕەزامەندیی تەواوی خۆت بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکان بە کردەوە پیشان بدی.»

- حوسێن مەدەنی لە کتێبی «کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان»دا لە سەر چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە

هەلومەرجی ئەوکاتدا باس لە هەڵوێستی پێشەوا دەکا و دەنووسێ: «پێشەوا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی کۆمار لە نێو چوارچێوەی ئێراندا ڕێگای ئاشتییانەی وتووێژی هەڵبژاردبوو. شیرازەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی پێشەوا تەنیا لە ڕێبازی پەرەگرتووانەی دێموکراسیی سەرانسەری لە ئێراندا دەیتوانی بەرهەم و سەمەری خۆی بدا. پێشەوا بە حەق گاندیی کوردستان بوو و لە شەڕ و خوێنڕشتن نەفرەتی هەبوو. بە نیازێکی پاکەوە وەدوا چارەسەری عادڵانەی مافی نەتەویی کورد کەوتبوو و لە گفتەکانی قەوامولسەڵتەنەدا ئاسۆیەکی ڕوونی دەبینی.»

هەر لەو پێوەندییەدا عەبدوڵڵا ڕەسوڵ پشدەری لە کتێبی «یادداشتەکانم» دا ئاوا دەنووسێ: «قازی محەممەد هەر تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکرد کە هیچ شەڕ و ئاژاوەیەک لە ناوچەکانی کوردستاندا دروست نەبێ لە مابەینی هێزی چەکداری کۆمار و سوپای ئێراندا، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی بیانوو بە دەستی حکومەتی ئێرانەوە بۆ تێکدانی وتووێژ.»

* عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (ماموستا هەژار) لەسەر چۆنیەتیی پێویستبوونی قازی محەممەد بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی «ژێکاف» لە کتێبی چێشتی مجێوردا ئاوا دەنووسێ: «بە نەمانی توانای حکومەتی پەهلەوی لە موکریان، قازی محەممەد بۆ بەرگری لە شار لە بەرامبەر هێرشی هۆزەکانی دەوروبەر، خەڵکی هان دا بە کڕینی چەک هەتا شەوانە کێشک بدەن. ڕۆژانە ئەوانی لە جێگایەک کۆ دەکردەوە و ئامۆژگاریی دەکردن. شار بە تەواوی لە دەست ئەودا بوو. پێمان خۆش بوو قازی ببێتە هاوکارمان، بەڵام ئەو ئێمەی بە هیچ نەدەزانی و بەلایەوە کەمایەسی بوو لەگەڵ چەند ڕەش و ڕووتێکی بێ ناوونیشان زرمەزلیتانی بکا. ئێمەش هەستمان دەکرد کە عشایر و خەڵکی سەرناس چەتوونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل و شیاوی حورمەتگرتنە بێنە گەڵمان. بەڵام قازی چۆن چارە بکەین؟ ڕاماندەسپاردە ئەندامان و لایەنگرانمان کە لە کۆبوونەوە بۆ وتاری قازی بتەکنەوە. تا وای لێهات کە قازی خۆی هەستی بەوە کرد حیزب بەهێزە و گاڵتەی پێ ناکرێ، ئەوسا داوامان لێ کرد کە بێتە نێو حیزبەوە. قەبوولی کرد و زۆر زوو بڕیار درا قازی سەرۆکی کۆمەڵە بێ. ئیتر زۆر لە ئاغا و پیاوماقوڵان کە بچووکیی «قازی»یان پێ شەرم نەبوو هاتنە نێو حیزبەوە. قازی ماڵەکەی قۆناغی میوانانی ڕووس بوو و توانی نێوان حیزب و ڕووسان خۆش بکا.»

* غەنی بلوریان لە کتێبی «ئاڵەکۆک»دا لەسەر ئەم سەروبەندە کە هەژار باسی دەکا، ئاوا دەنووسێ: «دوای چەککردنی شارەبانی و هەڵاتنی فەرماندار، خەڵکی و پیاوماقوولانی شار گەیشتنە ئەو ئاکامە کە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی شاری مەهاباد و چاوەدێریی بازاڕ و کوچەوکۆڵانەکانی شار، کەسێکی جێگای باوەڕ بۆ سەرپەرستیی شار دیاری بکەن، هەتا ئەویش چەند کەسێکی دیکە دەستنیشان بکا و بەرپرسیارەتیی شار وەئەستۆ بگرن. بۆ ئەو مەبەستە پیاوماقوولانی شار کە قازی محەممەدیش لە نێویاندا بوو لە شارەداریی شار کۆ بوونەوە. دوای باسێکی چەندسەعاتە گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە قازی محەممەد بە عینوانی بەرپرسیاری شار دەستنیشان بکەن و سەید خدر نیزامی بە عینوانی بەرپرسی ئەمنیەتی شار

هەڵبژێرن. قازی محەممەد یەکەم کەسایەتیی شار بوو کە شایستەی بەڕێوەبردنی شاری هەبوو و خەڵکی مەهابادیش ئەوەیان بەباشی دەزانی.»

- حەمەدەمین شێخولئیسلامی (مامۆستا هێمن) لە پێشەکیی «تاریک و ڕوون»دا ئاوا لە سەر کەسایەتیی پێشەوا دەدوێ:

«من لەمێژ بوو پێشەوام دەناسی و لە ڕۆژی تەنگانەدا دیبووم. بە دەست و تفەنگی خۆی پیاوێکی زۆر ئازا بوو. پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان چەند جار عەشایر هاتنە سەر مەهاباد و پێشەوا بۆخۆی لە یەکەم سەنگەردا بۆ دیفاع ئامادە بوو. ئەدی چۆن بوو ئەوجار تەسلیم بوو؟ بۆخۆم لێم بیست گوتی لە سەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێم خۆش نیە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوی لە نێو ئەواندا بمرم.» ماموستا هێمن لە درێژەی ئەو بابەتەدا لەدەستدانی پێشەوا بە خەسارێکی گەورە دەزانی بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد و لە هەمان کاتدا بە زیانێکی گەورەی دادەنی بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازیی سەرانسەری ئێران: «ئەمن پێشەوام لە دڵەوە خۆش دەویست، بە ڕابەرێکی دڵسۆز و ژیرم دەزانی، بە کوردێکی پاک و چاکم دەناسی و بە موسلیحێکی یەکجار گەورە و مەزنم دەزانی. دەمزانی نەتەوەکەی خۆی چەند خۆش دەوێ و چەندەی پێخۆشە خزمەتی بکا، چەندە بە ئاواتەوە بوو کورد بگاتە ڕیزی نەتەوە بەختەوەرەکان. زۆرم هیوا پێی بوو گەلەکەمان بەپەلە بەرێتە پێش و وڵاتەکەمان زوو ئاوەدان بکاتەوە. لەو ماوە کورتەشدا دەزانین چەندی خزمەتی بەکەڵک کردن. بەڕاستی مەرگی پێشەوا نەک هەر بۆ نەتەوەی کورد بەڵکوو بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازی و دژی ئیمپریالیستیی سەرانسەری ئێران زیانێکی گەورە بووە.

دەریایەک زانست و ئەدەب، دەریایەک فیکر و بیر بە دەستی زۆردارێکی سەرەڕۆ و نەزان وشک کرا و لەنێو چوو.»

* لە کتێبی «کۆماری کوردستان ١٩٤٦»دا ویلیام ئیگلتن باسی وتوێژی قازی محەممەد و باقرۆف دەکا کە چۆن پێشەوا لە سەر مافی نەتەوایەتیی کورد سوور بووە: «قازی محەممەد لەگەڵ دەستەیەک لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی (ژێکاف) لە سەرەتای مانگی حەوتی ساڵی ١٣٢٤ بە سەردانێکی ڕەسمی چوونە باکۆ و لە دانیشتن لەگەڵ باقرۆڤ، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست و سەرۆککۆماری ئازەربایجاندا باسیان لە پشتگیریی یەکیەتیی سۆڤیەت کرد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران. لە وەڵامدا باقرۆڤ دوای باسێکی دورودرێژ باسی لەوە کرد کە تورکی ئازەربایجان یەکەم ئالاهەڵگرن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، لە بەر ئەوە پێویست نیە کوردەکان زۆر پەلە بکەن. باقرۆڤ دەڵێ: دڵنیاتان دەکەم هەر کاتێک ئازەربایجان خودموختار بوو، ئازادی و ڕزگاریی ئێوەشی تێدا دەستەبەر دەکرێ. قازی محەممەد یەکەمجار نەبوو دەیدی کە ڕووسەکان مەبەستیانە کێشەی کورد لەگەڵ خودموختاریی ئازەربایجان تێکەڵ بکەن، هەر بۆیە لە وەڵامی باقرۆڤدا دەڵێ: «خەڵکی کوردیش وەک خەڵکی ئازەربایجان بۆ وەدەستهێنانی مافی سروشتیی خۆی هەوڵ دەدا.»

- حوسێن مەدەنی لە کتێبی «کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان»دا بەو جۆرە باس لە کەسایەتی وکاریگەریی پێشەوا دەکا لە سەر ئاشنابوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو دیاردە نوێیانە کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هاتبوونە کایەوە: «پێشەوا بۆ کورد ژیا و لە خزمەت ئامانجەکانی نەتەوەییدا هەرچی لە توانایدا بوو، کردی. پێکهێنەر و ڕێکخەر و پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو. تەنیا لە سایەی کەسایەتی و بلیمەتیی پێشەوا قازیدا بوو کە کوردستان بۆ یەکەمجار بەو دیاردە نوێیانە دەڕازێندراوە و ڕێبازی ناسیونالیزمی کوردیی پڕ ڕێبوار دەکرد و کۆمەڵی ناتەبای کوردی تەبا دەکرد و لەژێر ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستاندا کۆی دەکردنەوە.»

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم نەخشی ئەو ڕێبەرە مەزنە لە بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوایەتی و وەدیهێنانی ئامانجی لەمێژینەی کوردان کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو، قەت لە بیر ناچێتەوە و بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کراوە و سەربەرز و درەوشاوە دەمێنێتەوە و کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان شانازیی پێوە دەکەن.

(لە ژمارەی: ٧٢٥، ٧٢٦ و ٧٢٧ی "کوردستان" ٧ و ٢١ی مای و ٦ی جوونی ٢٠١٨ دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

# لە یادی ١١٩ ساڵەی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا



**ڕۆژنامەی «کوردستان»**

ئەمڕۆ ١١ی بانەمەڕ بەرانبەر بە ١ی مانگی مای، ١١٩ ساڵ بەسەر لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستاندا تێدەپەڕێ.

قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی ساڵی ١٢٧٩ لە شاری مەهاباد لە دایکبووە. هەر لە منداڵییەوە هۆگریەکی زۆر بە خوێندن و فێربوون پەیدا دەکا، بەهۆی تواناکانی خۆیەوە زوو پلەکانی خوێندن دەبڕێ و لە شاری مەهاباد دەبێتە دادوەر. لە ماوەی ژیانی خۆیدا فێری حەوت زمان دەبێ و نەک هەر لەبواری ئایینییەوە بەڵکوو لە بواری سیاسیشدا کەسێکی بە توانا و شارەزا بووە.

پێشەوا هەر زۆر زوو هەست بە بۆشایی کیانێکی کوردی دەکا، کۆمەڵەی ژێکاف کە ئەوکات بە نهێنی لەسەر دەستی کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و ئازادیخوازی ناسیونالیستی کورد پێکهاتبوو، پێشەوا تێیدا بوو بە ئەندام. پێشەوا لەگەڵ ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری مەهاباددا پێگەیشتبوو و لەباری کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی ناسراو و جێی ڕێزی خەڵکی مەهاباد بوو، لەبواری سیاسی و مودیرییەتیشەوە زۆر زوو تواناکانی خۆی دەرخست و بوو بە پێشەنگ. پێشەوا بۆ بەربڵاوکردنی و گەورەکردنەوەی کۆمەڵەی ژێکاف، کۆمەڵەی لە ڕێکخراوێکی داخراوەوە گۆڕی بۆ حیزبێکی مودێڕن و سەردەمیانە کە هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی لە خۆ گرت و بە ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نێودێر کرا.

لەو کاتەوە قۆناخێکی دیکە لە ژیانی پێشەوا دەستی پێکرد و دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هاوکاریی هاوڕێ و هاوفکرەکانی، کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند و لەو کاتەوە نازناوی پێشەوای پێبرا و بە هەق بوو بە پێشەوای کوردان و دەنگ و ناوی کوردی بەگوێی جیهانیان گەیاند.

بە لە دایکبوونی پێشەوا، کورد بوو بە خاوەنی ڕۆڵەیەکی ئازا و ئازادیخواز کە دۆزی کوردی بەرەو پێشبرد و گۆڕانکاریی گەورەی تێدا ئەنجامدا، لە کۆمەڵەی ژێکافدا بوو بە "بینایی" و بوو بە هەڵگری مەشخەڵی ئازادی گەلەکەی و هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا پەرەپێدا. لە کۆماری کوردستاندا بوو بە پێشەنگ و پێشەوا و تا کۆتایی هەر ئالاهەڵگری ئەو قەول و بەڵێنییە بوو کە بە گەلەکەی خۆی دابووی.

پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرۆک کۆماری کوردستان، لەو کات و سەردەمەدا کە فەرهەنگی عەشیرەی و دەربەگایەتی بە سەر کوردستاندا زاڵبوو، بوو پێشەنگی خەباتی بەرابەری و ڕۆشەنگەری. ئەو لەخۆیەوە و لە بنەماڵەکەی خۆیەوە دەستی پێکرد و بوو بە سەرقافلەی کاروانێکی ڕەچەشکێن، ئازایانە تەلیسم و کۆسپەکانی بەردەم گۆڕان و بەرەوپێشچوونی وەلابرد و نەترسانە دروشمی یەکسانی بەرز کردەوە.

پێشەوا کۆماری کوردستان و دەوڵەتی کوردستانی دامەزراند و بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری کورد و ئالای کوردی لەسەر باڵەخانە و دامەزراوەکانی دەوڵەتی کوردستان بەرز کردەوە کە ئەوە لەو کات و سەردەمەدا بڕیارێکی ئازایانە و کارێکی ناوازە بوو. بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ئازایانە پێویستی بە ڕۆڵەی ئازا و لە خۆبوردوو هەبوو هەر بۆیە پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە و نازناوی پێشمەرگە، کوردی بۆ قۆناغێکی دیکەی ژیان و بەربەرەکانی ئامادە کرد و ئەوەی کە ئێستا دەبینین ناوی پێشمەرگە بۆتە پیناسە و غورووری کورد، بەرهەمی بیر و هزر و ئەقڵییەتی پێشەوای کوردە. بە گوتەی شەهید دوکتور قاسملوو "پێشەوا گوڵێ بوو کە لە سەحرا ڕوا بوو"

پێشەوای نەمر لە ژیانی خۆیدا زۆر دەسکەوتی مەزنی بۆ کورد بە دیاری هێنا و بە مەرگیشی پەیامی بەرەنگار و خۆڕاگری و نەبەزینی گەلی کوردی دا بە دۆست و دژمن.


ڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوا ڕۆژێکی پرشنگدارە لە نیو ڕۆژە دیارەکانی کورد و پێشەوا بوو بە هێما و پیناسە و بوو بە پێشڕەوی خەباتێکی نەپساوە کە تا ئێستاش ڕۆڵەکانی گەلی کورد بوونە مەشخەڵداری ڕێی پێشەوا و بۆ وەدیهێنانی بیرۆکە و ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی تێدەکۆشن و بە دڵنیاییەوە دەرسەکانی پێشەوای نەمر دەکەنە سەرمەشقی خەبات و تێکۆشان

و وەسیەت و ئامۆژگارییەکانی دەکەنە توێشووی ڕێگەی نەسرەوتن و نەبەزین و کۆڵنەدان.

یادی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر پیرۆز و بەرز و بەڕێز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٩

# بە بۆنەی ١١٩ هەمین ساڵی لە دایکبوونی پێشەوا دیداری پێشەوا قازیی محەمەد و ئاتاشەی نیزامی ئەمریکا لە ئێران ئارچی ڕوزوێڵت



وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە حەسەن قازی

بە بۆنەی ١١٩ هەمین ساڵی لە دایکبوونی پێشەوا قازیی محەمەد

سێشەمە ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ کۆچی هەتاوی - ١ی مەی ١٩٠٠ی زایینی

دیداری پێشەوا قازیی محەمە د و ئاتاشای نیزامی ئەمریکا لە ئێرانئارچی ڕوزڤێڵت لە مەهاباد


١٤- ١٦ی سێپتامبری ١٩٤٦ زایینی - ٢٣ - ٢٥ی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی



Qazi Mohammad shares a watermelon with Archie.

شاری مەهاباد پڕبوو لەو کوردانەی کە هەموو بەجلوبەرگی کوردییەوە لە هاتووچوو دابوون. ئێمەیان ڕێنوێنی کرد بۆ خانووی شارداری و لەوێ بە کاربەدەستە خۆجێییەکان ناسێندراین و پێیان ڕاگەیاندین بۆ بەیانی قازیی محەمەد دەمانبینێ. لەوێ بۆ شیو خواردن داوەتیان کردین و بەڕێوەبەری تەبلیغات سەدیق حەیدەری میوانداری لێ کردین . ئەو ئینسانێکی

ڕووخۆش و تاقە ئەندامی کابینەی (کورد) بوو کە دەیخواردەوە وئەفسەرە هاوسەفەرەکەی منیش بە خۆشییەکی زۆر بۆ فرِ کردنی چەند پێک ۆدکا هاوڕێیی کردین.



Peshewa Ghazi in his office - at the time of Captain Rosevelt's visit (September 1946)

ڕۆژی دوایی سەر لە بەیانی بردیانین بۆ خانوویەک کە بە ڕواڵەت لە لایەن سۆڤێتیەکانەوە دەکار کرا بوو وەکوو مەقەڕی سەرکردایەتی ڕەنگە بۆ ئەڕتەشی تازە دامەزراوی مەهاباد. دیوارەکانی ئەو بینایە پڕ بوو لە تەبلیغاتی سۆڤێتی و وێنەی ڕێبەرانی سۆڤێت. کاتێک چووینە ناو دەفتەری قازیی محەممەد ئەو لە دەوری مێزەکەی دانیشتبوو و نەخشەیەکی گەورەی کوردستانی مەزنی بە تەنیشتەوە هەڵواسرا بوو. قازیی محەممەد پیاوێکی کورتە باڵایە، و وەک کەسێکی مەتین وەبەرچاوم هات و باڵتۆیەکی کۆنی سەربازیی ئێرانی دەبەر دابوو. ریشێکی تەنک دەموو چاوی بزرکاو و زاهیدانەی ئەوی داگرتبوو. ئەو پاشان پێی گوتین نەخۆشی زۆر جیدی مەعیدەی هەیە و جگە لە ماست بە هەڵکەوت شتێکی تر دەخوا.

پاش ئەوەی خۆمان ناساند و مەبەستی سەفەرەکەمان بۆ باس کرد، پارچە کاغەزێکی هەڵگرت و قسەکانی لە پێش ئامادە کراوی بە فارسی خوێندەوە. ووشەکانی تەواو ڕوون و دەنگی ئارام بوو. لە کاتی خوێندنەوە دا جار و بار بە چاوە سێحراوییەکانی سەیری دەکردین. لە قسەکانیدا بە کورتی باسی ئەو زۆرداریەی کرد کە لە کوردەکان کراوە، ئاواتە نەتەوەییەکانیان وهەر وەها پێویستی ئەوەی کە خەڵکی لایەنگری ئازادی - بە تایبەتی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - یارمەتییان بدەن بۆ وەدەستخستنی ئازادی و مافە ئینسانییەکانیان لە سەر بنەمای ئەو پرێنسیپانەی کە بۆ پاراستنیان شەڕی دووهەمی جیهانی کرا.

**من لە وولام دا گوتم:** "دەوڵەتە یەکگرتووەکان هەمیشە لایەنگری ئازادی و کەلک وەرگرتنی گشت گەلان لە مافی مرۆڤ بووە . ئێمە هیوا دارین ڕۆژێک تەواوی خەڵکی دنیا بەو ئاواتەی خۆیان بگەن. ئێمە هاتووینە کوردستان تا لە وەزعی کوردەکان بکۆڵینەوە و ڕاپۆرتی خۆمان بدەینەوە بە حکوومەتەکەمان.هیوادارین وەزعی کوردەکان باش بێ و کوردەکان جۆرێک لە دیکتاتۆری بە جۆرێکی دیکەی دیکتاتۆری نەگۆڕنەوە".

**قازیی محەممەد گوتی**: "تەواوی ئەو خەڵکەی لەو بەشانەی وولات دەژین کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی من دان ئازادن بۆ ئەوەی چ دەڵێن و چ دەنووسن".

**من لە وولامدا گوتم**: "خۆم بە چاو ئەوەم دیوە کە وایە." لە کاتێکدا لە ئازەربایجانی دێمۆکڕات دا خەڵک دەتوانن تەنیا گوێ لە ڕادیۆی تەورێز و مۆسکۆ بگرن ئەمن دوێنێ شەو لە شەقامەکانی ئێرە گوێم لە دەنگی ڕادیۆی لەندەن و ئانکارا بوو".

**قازیی محەممەد** کە دیار بوو ئەو قسەی منی پێ خۆشبوو گوتی وەزعی تەورێز لە گەڵ مەهاباد بە تەواوی جیاوازە. شادی وی نەما کاتێک باسی ئەو گیروگرفتەم بۆ کرد کە هاتبووە سەر ڕێم لە سەرسنوورەکەی، هەروەها ئەوەی کە گوتم لەوە سەرم سوڕ دەمێنێ کە دەبینم مەقەڕیی سەرکردایەتی وی بە پۆستێری تەبلیغاتی سۆڤێتی داپۆشراوە.

**قازی گوتی**: "کوردەکان ناچارن هەر کەس یارمەتیان پێ بکا لێی وەربگرن بەڵام ژێردەستەیی هیچ کەس قەبووڵ ناکەن. "ئێمە سکاڵایەکمان دا بە سێ دەوڵەتی زلی بەشدار لە کۆنفڕانسی ئورووپایی - کۆنفڕانسی پۆتسدام - بۆئەوەی ئاوڕێک وە نارەزایەتییەکانی کوردەکان بدەنەوە. بەڵام بریتانیاو ئەمریکا گوێیان نەداوینێ". قازی بە ئاماژە بە مەنشووری ئاتلانتیک گوتی: کوردەکان هەموو هیوادار بوون دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - پێشوەچووترین دەوڵەتی سەر زەوی - بۆسەرکەوتن بە سەر دواکەوتوویيدا یارمەتییان بدا.



١٦ی سێپتامبری ١٩٤٦، لە ڕاستەوە هێمن، ئەحمەد ئیلاهی، دڵشاد ڕەسووڵی، مەناف کەریمی، پێشەوا قازیی محەمەد، سەدیق حەیدەری، غەنی خوسرەوی ، خەلیل خوسرەوی، عەلی خوسرەوی و جەعفەر کەریمی

"ئەگەر ئەمریکا لە جیاتی ناردنی سی هەزار سەرباز بۆ ئێران تەنیا سەد مامۆستای بۆ ئەم وولاتە ناردبایە چ دەبوو؟ بەڵام ئێوە لە جیاتی یارمەتی ئێمە بدەن یارمەتی دوژمنەکانی ئێمە - وەک تورکەکان - دەدەن، ئەووش بە ڕێگای دانی چەک و تەقەمەنی بۆ سەرکوت کردنمان".

پاشان بۆ سەرکۆنەی بریتانیاییەکان ووتارێکی دا وکردەوە جیاوازەکانی ئەوانی بۆ سەرکوت کردنی کورد لە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو دا ئەژمارد و بە ئاماژە بە شکانی مەلا مستە کۆتایی پێ هێنا.

لە سەرێکی دیکەوە لە سەر فەڕانسەییەکان بیرو ڕای باش بوو. کە لە سووریا "یارمەتی کوردەکان" یان دا بوو. ئێمە دوایە بیستمان "ناپلیۆن ژاکل" هەواڵدەرێکی فڕانس پرێس کە بیروڕای چەپی هەبوو لەو دواییانە دا سەفەرێکی مەهابادی کرد بوو و بە دوای ئەوە دا زنجیرەیەک ووتاری لایەنگرانەی سەبارەت بە کوردەکان لە چاپەمەنی فەڕانسە دا بڵاو کردبووەوە.

**قازی محەممەد** پاشان لە باری تێکۆشانی ناسیۆنالیستی لە وولاتانی دراوسێدا قسەی کرد و نامەیەکی تایپ کراوی پێشان داین کە خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئەستەمبووڵ نووسیبوویان لە سەر پارچەیەکی سپی و دیار بوو ئەو چەپەرەی هێنابووی دە جلوبەرگەکانی دا شارد بوویەوە. دوایە ئەو بە دوور و درێژی باسی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ کردین لە عێراق. بەڵام کاتێک باسی مەلا مستەفام لێ پرسی کە وا بڵاو ببوەوە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆعێراق ئەو وولامێکی وای نەداوە. لە مەڕ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی عێراق شتێکی گوت و لێی زیاد کرد، هەڵبەت، مەلا مستەفا ئازادە هەر کاتێک بییەوێ بچێتەوە عێراق. کە داوام کرد چاوم بە مەلا مستەفا یان لانی کەم ئەو ئەفسەرە عێراقییانەی لەگەڵی هاتوون بکەوێ چ وولامی نەدایەوە.

**قازی محەممەد** لە پاشان سەبارەت بە وتوویژی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و پێشنیاری پێک هێنانی ئوستانێکی گەورەی کوردستان قسەی کرد. ئەو ئیدیعای دەکرد ئەو پێشنیارە لە لایەن حکوومەتی ناوەندی خۆی کراوە: "ئەو بڕیارە دوای گفتوگۆ لەگەڵ من و دوکتور جاوید دراوە "

**ئەو گوتی**: حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان هێشتا بڕیاری نەداوە کە داخودا پێشنیاری سەرۆکوەزیر قەوام لە بارەی چوونە ناو حیزبی تازە دامەزراوی دێمۆکراتی ئێران قەبووڵ دەکا یان نا؟ ئەو هەر وەها ئاماژەی بۆ ئەو گیرو گرفتە کرد کە عەشیرەتە موخالیفەکان بۆیان سازکردووە و قسەکانی بە دەربڕینی گشتی لە مەڕسەرکوت کردنی کوردەکان لە لایەن ڕەزا شاوە کۆتایی پێ هێنا کە "چۆن زمانی ئێمەی بڕی بوو" واتە ئیزنی نەدەدا زمانی کوردی بە ئازادی دەکار بکرێ.

**قازی گوتی**: "کوردەکان داوای شتێکی سەیر و سەمەرە ناکەن، ئەوان تەنیا ئەو ماف و ئازادییە تەبیعیانەیان دەوێ کە هەموو ئادەمیزادان هەیانە." "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ بارودۆخی کورد لە بەر چاو بگرێ، و ئەگەر ئێستا هەلنەسووڕێ دەستبەجێ کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ ساز بکرێ ، بەلانی کەمەوە ئەو دەستگایە دەتوانێ ئەو دەوڵەتانەی کە کەمایەتی کوردیان تێدا دەژی ناچار بکا ناوچەی ئۆتۆنۆمیان بۆ پێک بێنن دە چوارچێوەی سنوورەکانیان دا".

دوای دیدار و وتووێژ لەگەڵ قازی، چووینە گەڕانی نێو شار. دەرفەتێکی زۆرمان بۆ هەڵنەکەوت بۆ قسە کردن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک، چونکە تەواوی ئەو ماوەی کە لە مەهاباد بووین لانی کەم یەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانمان لە گەڵ بوو ، و جگە لەو ئاڵقە پچووکە بە کەسی دیکە نەناسێندرایان.

بەڵام شۆفێرە ئەرمەنییەکەمان بە کەیفی خۆی بە شار دا گەڕابوو و گوتی لە سەرەتاوە خەڵک وایان زانیوە ئێمە ڕووسین و پرسیبوویان ڕووسەکان بۆچی گەڕاونەتەوە. کە زانیبوویان ئێمە ئەمریکایین کەیف خۆش ببوون و ویستبوویان ئەمریکاییەکان کورد بناسن. هەر چەند هێندێکیان لە مەڕ ئامانجی دیداری ئەو ئەفسەرە ئەمریکاییانە دڕدۆنگ بوون. بە گشتی خەڵک لە قازیی محەممەدی ڕازی بوون و دەیانگوت حکوومەتەکەی ئەو لەچاو حکوومەتی ڕەزا شا باشبوونێکی گەورەیە. تەنیا سەبارەت بە مانەوەی نیگەران بوون.

من لە ڕاپۆرتەکەم دا بیروڕای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیم کورت کردبۆوە کە لە مانەوەی کورتمان لە مەهاباد هێنایانە گۆڕێ. ئەوان شوکرانەبژێری سۆڤیێت بوون کە دەرەتانی سەربەخۆیی بۆ پێک هێناون، بەڵام پێداگرییان کرد سۆڤییەت دەست لە کاروباری حکوومەتەکەیان وەر نادا و هێچ کاربە دەستێکی سۆڤییەت لە شارەکەیان نییە. (زۆربەیان وێنەدەچوو هۆگرییان هەبێ بەرەو کۆمۆنیزم، و وا وێدەچوو ئەشرافییەتی کەونارا هێشتا جڵەوی بە دەست بێ.). ئەوان خۆیان لە بارو دۆخی شۆڕش دا دەبینی - بەڵام شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی. دەیانگوت: هیوادارن حکوومەتەکەیان ئەوەندە پەرە بستێنێ کە هەموو ناوچە کورد نشینەکانی ئێران بگرێتەوە. ئەوە بریتی دەبێ لە ناوچەی خوارووی ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ئێران. تەنانەت مەڵبەندە عەشیرەتییەکانی زێدی لورو بەختیارییەکانیش کە خۆیان بە کورد نازانن. بەرەو باکوور ئەو بەشە لە ئازەربایجان وەبەر دەگرێ کە کەوتووەتە خواروو و ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ڕەزائییە تا دەگاتە سنووری سۆڤییەت.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بێزاری هەرە قووڵیان دەربڕی لە ئاست ئەرتەشی ئێران، وێدەچوو ئەوان زۆر نیگەران بن لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی ئێرانی بە لای باشوورەوە. بەلانی کەمەوە یەکێکیان ڕایگەیاند کە حکوومەتی ناوەندی

خەریکی هاندانی هێندێک لە عەشیرەتە کوردەکانە.

سەرلە بەیانی زوو، ١٦ی سێپتامبر، چووینە سەردانی چاپخانەی مەهاباد کە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردستانو هێندێک گۆواری کەم تیراژی بە زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە.



زمانی کوردی بە کورتی دوو زاراوەیە.یەکەمیان لەهجەی زازا یە، کە کوردەکانی سووریا و تورکیا و ناوچەکانی سەرووی عێراق و خێلی هەرکی و شکاک و کوردەکانی لای سەرووتر لە ئێران قسەی پێ دەکەن. بەدرخانییەکان شێوە نووسینێکیان بۆ ئەو دیالێکتە لە سەر بنەمای ئەلفووبێی ڕۆمی داهێنا کە لە سوریا دەکار دەکرێ. لەهجەکەی دیکە کە زۆربەی کوردەکانی عێراق و ئێران قسەی پێ دەکەن و فەرقێکی گەورەی لەگەڵ لەهجەی یەکەم هەیە، کورمانجی یە. ئەمە بە ئەلفوبێیەکی هەموار کراوی عەرەبی چاپ دەکرێ ، کە لە نووسین دا ڤاڤێلەکان دەکار دەکرێن و ئەو زمانەیە کە لەو کتێب و چاپەمەنییانە دا بە کار دەهێندرێ کە لە مەهاباد و بەغدا و سلێمانی چاپ دەبن.

مودیر چاپخانەکەی نیشان داین کە چەرخی یە و لە ڕووسیا ساز کراوە. هەرچەند هێندێک لە پارچەکانی ئەڵمانی و چێکی بوون. هەموو ژمارەکانی کوردستان یان داینێ لە سەرەتای دەرچوونیەوە و چەند گۆوار و چەند نامیلکەی شێعر و ئێمە ئەوانەمان نارد بۆ بەڕێوەبەری دەستگای ئیستیخبارات.هێندێک لە نوسخەی ئەو ڕۆژنامەنەشم داوە بە کتێبخانەی کوردی لە شاری نیویۆرک.

هەر ئەوەی کە کوردەکان زانیان هەر هەمان ڕۆژ دەمانەوێ مەهاباد بەجێ بهێڵین، پێیان ڕاگەیاندین قازیی محەمەد بۆ نانی نیوەڕۆ بانگ هێشتنی کردووین. ناچار بووین سەفەرەکەمان بۆ دوای نیوەڕۆ وەدوا بخەین. نیزیک نیوەڕۆ ئێمە دووبارە لە دەفتەرەکەیدا لەگەڵ قازی کۆ بووینەوە ئەمجارە قسەکانمان زیاتر لە سەر بابەتی کولتووری بوو. قازی گوتی" : پێم

خۆش بوو ئێوە نوسخەی بڵاوکراوەکانی ئێمە وەربگرن چونکە دەمەوێ دەوڵەتە یەکگرتووەکان لە بارەی کوردستانەوە هەموو شت بزانێ". "من هیچم نییە بیشارمەوە." ، "کە وابێ" ئەمن گوتم "

ئەدی بۆچی مودیری تەبلیغات ئاخرین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ی لێ وەرگرتینەوە؟ "

قازی نوسخەیەکی لەو ژمارەیە هەڵگرت و سەرخەتێکی نیشان دام کە ئاماژەی دەکرد بە ئەنجومەنی ئەیالەتی کورد. واتە شوورای ئوستانی کوردی.

گوتی: "ئەمە هەڵەیێکە کە زۆری تووڕەی کردووم. "هیچ ئوستانی کوردی نییە - ئێمە بەشێکین لە ئازەربایجان و من نامەوێ ئەم نوسخانەی ئەم هەڵەیان تێدایە بڵاو ببنەوە".

ئەمە بە تەواوی نیشاندەری سیاسەتی وی بوو. ناسناوی تەنیا پێشەوا بوو بە مانای ڕێبەر. و ناوی سەرۆکی وەزارەتخانەکانی ڕەئیس بوو، نەک وەزیر کە مانای مینیستر دەگەیێنێ.
وەک لە دیتنەکان دەرکەوت ئەو هێشتا خۆی بە کاربەدەستێکی ئێرانی دەزانی و ئامانجی دەستبەجێی وەدەست هێنانی خودموختاری بوو لە نێو سنوورەکانی ئێران دا. ئەو دایگرتەوە کە کورد و فارس گەلی خزمن و باسی ڕەچەڵەکی کوردەکانی بۆ کردین، کە بە پێی قسەی وی لە مادەکان کەوتوونەتەوە.

لەگەڵ قازی و ئەندامانی کۆمیتەکەی نانی نیوەڕۆمان خوارد. و وەک ئیمتیازێک ۆدکایەکی تایبەتی توندیش ئامادە کرا بوو. تەنیا یەک یان دوو کەس لە خانەخوێیەکانمان خواردیانەوە.

دواجار نیزیکەی سەعاتی سێو نیوی دوای نیوەڕۆ لەگەڵ کوردێکی بەخۆ وەی خەڵکی مەهاباد وەڕی کەوتین کە شارەزامان بوو و پاش تێپەڕبوون لە جادەیەکی شاخاوی گەیشتینە بۆکان.

هەوا بە تەواوی تاریک داهاتبوو کاتێک گەیشتینە سنووری جەبهە. لە پڕ شارەزاکەمان هاواری کرد، ڕاوەستن! سێ بارزانی لە کاتێکدا لوولە تفەنگیان لێ ئێمە کرد بوو هاتنە پێش و بردیانین بۆ لای ئەمیر خانی فەرماندەکەیان کە بارزانییەکی وێچوو بوو. ئەمیر خان لە سەرەتاوە گوتی: ئیجازەی نووسراوتان لە لایەن پێشەواوە پێ نییە، ناتوانم ڕێگاتان بدەم. بەڵام پاشان فەرقێکی بۆ ئێمە دانا و بە بزە و دەستگوشینێکی دۆستانە بە ڕێی کردین.

چەند میل لەولاتر ڕێبەندانێکی دیکەمان هاتە پێش. دوای ماوەیەک هۆرنی ماشێنەکەمان وەدەنگ خست سەروکەلەی دوو سەربازی ئێرانی لە تەپەکەوە دەهاتنە خوارێ دەرکەوت. یەکیان کاغەز و قەڵەمێکی بە دەستەوە بوو ناوی ئێمەیان نووسی و ژمارەی تفەنگەکانیان پرسی و ئێمەش چوار ژمارەی ساختەمان پێگوتن. بەڵام ئەوان نەیان توانی ژمارەی تفەنگی شارەزا کوردەکەمان بنووسن چونکە کووژێندرابووەوە. هەر کە وەرێ کەوتینەوە دیتم شارەزاکەمان قاقا پێ دەکەنێ و سەری ڕادەوەشێنێ. جیاوازی نێوان تەپ بوون و بوروکڕات بوونی ئێرانییەکان و ووشیاری و بەبڕیاری بارزانییەکان جوان دیار بوو.

شەو لە سەقز لەگەڵ ژەنەڕاڵ هومایوونی ڕامان بوارد. تامەزرۆ بوو بیروڕای ڕێبەران لە مەهاباد سەبارەت بە عەشیرەتەکانی دژی قازیی محەممەد بزانێ. ئەو گوتی عەشیرەتەکانی مامەش و مەنگوڕ و چەند نوێنەری گەورکان ڕۆژی پێشتر هاتوونە لای داوای چەک و یارمەتیان لێکردووە.

لە کۆتایی سەردانەکەمدا، بەو قەناعەتە گەیشتم کە قازیی محەممەد بە یارمەتی ڕووسەکان توانیویەتی بەکردەوە کۆمارێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. ئەگەرچی قازی بەچاوی باشترین دۆست سەیری ڕووسەکانی دەکرد، بەڵام ڕووسەکان بەئاشکرا دەستیان لەکارو باری نێوخۆیی کوردستان وەرنەدەدا. بزووتنەوەی قازیی محەممەد ناسیۆنالیستی بوو، نەک کۆمۆنیستی. بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی وولاتانی دیکەش پەسندیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، عەشیرەتە گرینگەکان لە کوردستانی ئێران یا دژی بوون و یا لە ئاست قازیی محەممەد بێ تەفاوەت بوون.....

تێبینی: ئەو بابەتەی سەرەوە لە کتێبی: "ئارچی ڕوزڤێلت، لە پێناو سوێی زانین، بیرەوەرییەکانی ئەفسەرێکی ئیستیخبارات، وەشانخانەی ویدنفیلد و نیکلسن، لەندەن، ساڵی ١٩٨٨ لاپەڕەی ٢٧٧ - ٢٨٢" وەرگێڕدراوە.

سەرنووسی بابەتەکە ئی وەرگێڕە. بە داخەوە نووسەر لە چەند شوێن تووشی هەڵە هاتووە بە تایبەتی لەمەڕ پۆلێنکردنی شێوەزارە کوردییەکان.

جێی ئاماژەیە بەشی چوارەمی ئەم کتێبە بە ناوی "ڕۆژەکانی ئێران" نەمر کەریم حیسامی لە زمانی فارسییەوە کردوویەتە کوردی و لە ڕێبەندانی ساڵی ١٩٩٥ وەکوو کتێب بڵاوی کردووەتەوە، کە بە بەراورد لەگەڵ دەقی ماک هێندێک کەمایەسی تێدایە کە ئەوەش دەکرێ لە بەردەقی فارسی بێ.

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئەپریلی ٢٠١٩

# ڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوای کوردان




**مەجید حەقی**

ڕۆژی لەدایکبوونی پێشەوای کوردان، قازی محەمەد لە لەدایکبوونی هیوا و بڕوا بە خۆبوون، ڕۆژی لەدایکبوونی بوێری بۆ بیرکردنەوەی نوێ و داڕشتنەوەی پلانی نوێ و هاوگونج لە گەڵ سەردەم پیرۆز بێت.

خۆزگە بمانتوانیا چارەنووسی خۆمان لەسەرڕا بنووسینەوە
خۆزگە بمانتوانیایە مێژووی خۆمان چاکتر بنووسین
خۆزگە بمان توانیایە هەموو رابردوو لە بیرکەین
خۆزگە بمان توانیایە بە شێوەیەکی دیکە ژیان دارێژین
خۆزگە رێبوارانی پێشەوا قازی وەسیەتی ئەویان بەجێ گەیاندبا و نیشانیان بدایە کە بە کردەوەش رێبواری رێبازی ئەون.

کە قازی محەمەد بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی (ژکاف) سوێندی وەفاداری خوارد و سوێندەکەی بەجێ هێناو. وەک کەسێکی رێبەر، شوێندانەر و ئاگادار بە ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی خۆی لە ژێر ڕێبەری ئەودا حیزبێکی نوێ، کراوە، مۆدێرن و لیبراڵ و دادەپەروەری سەردەمی خۆی دامەزراند. ئاسۆبینی و بەئامانج بوونی ئەو بوو بە هۆی ئەوەی کە لەماوەیەکی کەمدا حیزبێکی داخراوی وەک ژکاف بیێتە حیزبێکی جەماوەری و لەوەش گرینگتر خەباتی سیاسی حیزبێک بکاتە جوڵانەوەیەکی سیاسی - نەتەوایەتی و دوای کەمتر لە شەش مانگ کۆماری کوردستان دامەزرێنێت و بزاڤی کورد لە حاڵەتی تەنیا شۆرش و سەرهەڵدانەوە بەرەو بەدەوڵەتبوون ببات.

پێشەوا قازی محەممەد لە راستیدا مانیفێستی بەها و بایەخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو بزاڤی کورد و حیزبی دێموکراتن. ئەو تابلۆی ویژدانی بزاڤی نەتەوایەتی و هێمای رێبەرێکی مرۆڤانی و هومانیستە.

زۆر بە کورتی ئەو بایەخانەی کە پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئێمەی بەجێ هێشت بریتین لە: وەفا بە پەیمان (تعهد)، هاوگونجی لە گەڵ سەردەم، مۆدێرنیزم، کراوەیی، یەکسانی خوازی، یەکگرتوویی خوازی و لەبەرچاوگرتنی جیاوازیەکان، دادپەروەری، ئاسۆبینی، رێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤی مرۆڤ، نەترسی و بوێری، بروا بەخۆبوون، باوەرمەندی بە رێبازی ئازادی و سەربەستی کوردستان، خوێندن و پێشڤەچوون، یەکگرتوویی و پێکەوە بوون.

لە ساڵیادی لە دایکووبی پێشەوادا، دەتوانین بلێین پێشەوا تابلۆی ویژدانی جوڵانەوەی کورد و سەمبۆلی پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن و کۆدەنگی لە بەرژەوەندیە هاوبەشەکاندابوو. ئەمرۆ رێبوارانی قازی محەممەد دابەشکراو بە سەر چەندین حیزب و رێکخراو، دژ بەیەک، بێ متمانە بە یەکتر و بێ بەرنامە و ئاسۆی هاوبەش برینەکانی قازی محەممەد قووڵتر و بایەخەکانی پارچە پارچە دەکەن. ئێمە هەرکات توانیمان ئەم سێ بەها گرنگە جێبەجێ بکەین: رێزگرتن، پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و یەکترمان وەک کە هەین قبووڵ بکەین - ئەوکات رێزمان بۆ قازی محەممەد گرتووە و بنەماکانی یەکگرتووییەکمان دامەزراندووە کە ئاواتی پێشەوای کوردان قازی محەممەد بووە دەتوانین هیوادار بین بە پێکەوە بوونێکی درێژخایەن و هێز و چالاکی خۆمان بەهینەیی بکەین. هەمووی ئەوانە لە گۆڕینی زێهنیەتی خۆمانەوە دەست پێدەکات.

با رۆژی لە دایکبوونی "مەسیحی" کوردستان، کە خۆی لە پێناو گەلەکەی فیداکرد، بکەین بە رۆژی لەدایکبوونێکی نوێ، رۆژی پێکەوەبوون، فرێدانی ئێگۆئیزم و لێکدابرانەکان، رۆژی زیندەبەچاڵ کردنی دووبەرەکی و یەکگرتوویی و یەکریزی راستەقینە و کردەوەیی.

ئەم رۆژە لە نەتەوەی کورد پیرۆز بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١ی مای ٢٠٢٠

# پێشەوا قازی گاندی و ماندێللای کورد



**شاهۆ مەتین**

لە مێژووی هەموو نەتەوەکان، هەن ئەو مرۆڤانەی بەهۆی تایبەتمەندیی کەسایەتی و هەڵوێست و بڕیاریان لە بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەیان دەبنە هێما و شوناسی نەتەوەیان و شانازیی مرۆڤایەتی.

گاندی بە هۆی گرتنەبەری سیاسەتی بەدوور لە توندوتیژی دژی کلۆنیالیزم توانی بەرپەرچی داگیرکاریی بریتانیا بداتەوە و ئێستا بووەتە بیرۆکە و مێتۆدی خەباتێکی سەردەمیانە و بەم بۆنەیەوە جێگەی ڕێزی خەڵکانی دنیایە و بەتایبەتی لای هێندییەکان کە ڕزگارکەریان بووە، زۆر خۆشەویستە.

لە ئافریقای باشووریش، ماندێلا بە هۆی سیاسەتی دژە ئاپارتایدی سپیپێستەکان و خەباتێکی لە پێشدا چەکداری و دواتر مەدەنی، شکستی بەم سیاسەتە ڕاسیستییە هێنا و ئافریقای باشووری بەرەو دێموکراسی برد و بە هۆی خەباتی بێوچانی سەرۆک ماندێلا بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان، هەم گەلەکەی لە پاکتاوکردن ڕزگار کرد و هەمیش ئەم جۆرە خەباتە کرا بە پێناسەیەک لە خۆڕاگری بۆ هەموو گەلانی مافویست و ئازادیخواز.

لە مێژووی کوردانیش گەلێک زۆرن ئەو مرۆڤانەی بەهۆی گرتنە بەری سیاسەتی ئوسوولی و گیان بەختکردنیان هەردەم بە زیندوویی ماونەتەوە و ئاکار و ڕەوشتیان بۆتە قوتابخانەیەک بۆ ڕزگاری و ئازادی .پێشەوا قازی محەممەد یەکێک لەو

ڕێبەرە کاریزماتیکانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە کە بە هۆی هەڵوێست و بڕیارەکانی لە بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەی لای هەموو ئەو مرۆڤانەی بە جۆرێک ناسیویانە بە زیندوویی و گەورەیی دەمێنێتەوە.

پاش ئەوەی پەیوەست بوو بە کۆمەڵەی ژێکافەوە بە هۆی ئەوەی خاوەنی کەسایەتییەکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو و کاریزما بوو، هەر زوو توانی کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دابنێ و لە ماوەیەکی کورتدا ببێتە بەرپرسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوەیە. پاشان بە تێگەیشتوویی لە سیاسەتی ئەو کاتی ڕێژیمی پاشایەتی و سیاسەتی جیهانی و هاتنی دوو زلهێزی وەک سۆڤیەت و بریتانیا بۆ ئێران و، نەمانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە زۆربەک لە ناوچەکانی ئێران و کوردستان بڕیاری بۆ ئاشکراکردن و بەرفراوانکردنی کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزراندنی یەکەم حیزبی مودێڕنی سیاسی بە مانیفێستێکی کوردستانی و خاوەن بەرپرسیارەتی و شوناسی نەتەوەیی دا.

هەر بۆیە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەک حیزبێکی نەتەوەیی و خەباتکار بۆ شوناسخوازی ڕاگەیاند و، توانی هەموو چین و توێژەکانی جڤاکی کوردستان لە هەموو ئایین و ئایینزاکان و زاراوە جیاوازەکان لە هەموو جوغرافیای کوردستان تێدا بەشدار بکات و، بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسیی کورد بڕیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستانی لە ٢ی ڕێبەنداندا. بەم شێوەیە یەکەم دەوڵەتی کوردی لەسەر دەستی پێشەوا قازی لە شاری مەهاباد وەدی دێ.

بە هەڵوێست و کرداری پێداگرانەی لەسەر پرسی کورد کاریگەریی لەسەر کەسایەتییە سیاسی و سەربازییەکانی ڕووس، بریتانیا و ئێرانیەکان داناوە. هاوکاتیش بە پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییە گرینگ و شوێندانەرەکەی لە ئاستی کوردستاندا هەیبووە توانای ڕاکێشانی سەرنجی دۆست و دوژمنانی کوردی بۆ سەر دۆزی نەتەوەکەمان هەبووە و، توانیویەتی سیاسەت و بڕیاریان بۆ ئەو لایەنە ڕاکێشێ کە مەبەستی بووە.

بۆیە پێشەوا گەر لە ڕووی کەسایەتییەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە بەرچاوانە بووە و توانیویەتی شوێندانەر بێ لەسەر تاکی کورد و کەسایەتییە بیانییەکان، لە ڕووی سیاسییشەوە سەرەڕای دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، شێوازێک لە ئایدییا و خەباتی سیاسی و مەدەنیی ناتوندوتیژانە لە پێشەوا قازیدا هەیە کە لە گاندی و ماندێلاشدا بەرچاو دەکەوت.

پێشەوا قازییش بەو خۆشەویستییەی بۆ هاونیشتمانییانی هەیبوو، سەرەڕای ئەوەی کە خاوەن دەوڵەت و چەکوچۆڵ و هێزی

مرۆیی گیان لەسەر دەستیش بوو، بەڵام بە باشی ناخی دەسەڵاتدارانی پاشایەتیی دەناسی کە بێبەزەیین بەرامبەر بە خەڵکی کورد و دەوڵەتی دێموکراتیکی کوردستان و خودی کەسایەتیی پێشەواش، دیسان بە تێگەیشتنی لەم ئەسڵە "کە لە سیاسەتدا دیپلۆماسی براوەی یەکەم و کۆتایی شەڕ و ئاشتییە"، دەچێتە تاران و وتووێژ لەگەڵ سەرانی ڕێژیم لەسەر مافی گەلی کورد دەکا و بە هەموو پێوەرەکان بە قەناعەتیان دەگەیەنێ کە ئەم دەوڵەتە دێموکراتیکەی کوردستان و ئەقڵییەتی بەڕێوەبەرییەکەی، مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ڕێژیم نییە. بەڵام سوێندخۆرانی دیکتاتۆریی پاشایەتی کە سیاسەتی یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە و یەک زمان و خاکیان پەیڕەو دەکرد، لە ژێرەوە دوژمنایەتیی خۆیان لە دڵدا ڕاگرت و دواتریش ئەم ڕقەیان ڕشت.

دروستە حەزرەتی پێشەوا بە جەستە لە نێوماندا نەماوە بەڵام بە دڵنیاییەوە بیر و ئەندێشەکانی زیندووە و دامەزراندنی دەوڵەتی دێموکراتیکی کوردستان وەک ستراتیژیی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، زیندووکردنەوەی کۆمارەکەی پێشەوا قازییە.

لە بەستێنی نێوخۆییشدا بە گرتنە بەری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژانە بە ئیلهام وەرگرتن لە پێشەوا قازی لە لایەن ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ڕێبازی پڕهیوا و ئاشتیخوازانەی پێشەوا بۆتە سەمبولی بەرخۆدانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ڕێبازی پڕسەروەریی پێشەوا قازی بە شێوەی سیاسی و مەدەنی بۆ دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان وەک چرای هیوای هەر تاکێکی وریا و تێگەیشتووی کورد درێژە پێدەدەن.

لە کۆتاییدا باش وایە فەرموودەکەی پێشەوا قازی لە کاتی دادگایی کردنی دووبارە بکرێتەوە:

"باش بزانن هەر دڵۆپە خوێنێکی من هەزاران قازی محەممەدی لێ دروست دەبێ."

ئێستاش هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان، تێکڕا دەڵێین: "ئێمە پێشەوا قازیین بۆ ڕزگاری و ئازادی" و تاکوو لەسەر گۆڕی پیرۆزی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدان گوڵە شلێرە نەڕوێنین، دەست لە خەبات و ڕێبازی پێشەوا هەڵناگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠

# ئافەرین قازی محەممەد



**ئەرسەلان چەڵەبی**

١

پێشەوا بەر لەوەی ئازادی ڕا بێ، ڕابوو،
لاجانگی ڕووباری لاواندەوە و
سینگی شاخی شێدار کردەوە،
بسکی دارستانی گەشاندەوە و ی محەممەد»
خاک و خۆڵی ئاشت کردەوە لە گەڵ نەرمە تیشکی سەر زەریا و کازیوەی بەرەبەیان!

٢

پێشەوا لە زەینی گوڵ تێگەیشت و
برینەکانی پاراستنی سارێژ کردەوە
باڵندەکانی کۆ کردەوە و
ئاسمانی ئاوەدان کردەوە بە جریوەی پێکەنین!

٣

پێشەوا سەرڕێژ بوو لە بێدەنگی
دەنگەکانی بە چۆک دا هێنا و
تخوونی دەنگە دەنگی ژیانەوە بوو!

٤

پێشەوا بە تەنیشت تاریکییەوە جمەی دەهات لە رووناکی!

٥

پێشەوا پێشکەش کرا بە بەهار و نەورۆزێک لە زستاندا!

٦

پێشەوا پان و بەرین بوو،
بە وێنەی دەریا، سینگی سروود و سرتەی سەوزی گەڵا!

٧

پێشەوا پێکەنی و نیشتمان شکۆفەی کرد!

٨

پێشەوا هەڕەشەی لە مەرگ کرد و ژیانی دنە دا!

٩

پێشەوا بەر لەوەی پێبکەنێ، گریا!

١٠

پێشەوا پشتێنی ئازادی گرێ دا!

لە ژمارە ٦٧٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی - مای ٢٠٢٣ی زایینی